ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧١٦ ▌ پێنجشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠١٧

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## بەرزڕاگرتنی یادی ٢٦ی سەرماوەز لە قەڵای دێموکرات



ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی سەرماوەز بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەڕێوەچوو.

لە برگەی یەکەمی ئەو کۆڕیادەدا حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی پێشکەش کرد. لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد خوێندرایەوە و دوای خوێندنەوەی چەند شێعر و هەڵبەست لەلایەن دوو پێشمەرگەی شاعیر، کۆمەڵێک سروود و گۆرانیی تایبەت و پێوەندیدار پێشکێش کران.

پێشکێشکردنی ئاڵایەکی چنراو لەلایەن خاتوونێکی دەسنەخشینی نێو ڕیزەکانی حیزب بە سکرتێری گشتیی حیزب و پێدانی ڕێزنامە بەو کادر و پێشمەرگانەی ٢٠، ٢٥، ٣٠ و ٣٥ ساڵەی پێشمەرگایەتییان پڕکردبۆوە، چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.




سەروتار

## ئێران لەستراتیژیی نوێی ئەمریکادا

کەماڵ کەریمی

نزیک بە ساڵێک لە دەسەڵاتدارەتیی دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپی، وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا تێ دەپەڕێ. لەو یەک ساڵەدا زۆر کێشەی نێوخۆیی کە بوو بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی هاووڵاتیانی ئەمریکایی و چەندەها کێشەی دەرەکی ڕووبەڕووی بوونەوە. لە نێوخۆ بابەتگەلی وەک ماڵیات، کار، بیمەی دەرمانی و.... لە زۆر شوێنی ئەمریکا هاووڵاتیانی هێنایە سەر شەقام. لە دەرەوەش بەهۆی ناڕوونیی ئاشکرای سیاسەتی کۆشکی سپی لەگەڵ قەیرانە سیاسییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا، ترامپ چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا. لە تەواوی ئەو ماوەدا ئەو پێداگریی لەسەر قسەکانی خۆی کردوە و بەردەوام باسی لە ئەمریکایەکی خاوەن پووڵ و بەهێز کردوە. بەڵام لەو یەک ساڵەدا زۆرجار بێمەیلیی کۆشکی سپی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ کێشە ناوچەییەکانی جیهان دیتراوە.

ل٢

## ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە مەیدانی کۆماری لە شاری کۆیە

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەز بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسی و ئیدارییەکانی شاری کۆیە پەردە لەسەر مەیدانی "کۆماری" لەو شارە لادرا کە بە وێنەی پێشەوا قازی محەممەد، مام جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵڵا ئەجەلان؛ سێ کەسایەتیی کوردی سێ بەشی کوردستان ڕازاوەتەوە.

عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا بە ئاماژە بە نیزیکبوونەوە لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا کە دوو میراتی هەمیشە زیندووی کۆماری کوردستانن، ئەو هەوڵەی کاربەدەستانی ئیداریی شاری کۆیەی بەرز نرخاند.

دوای تەواوبوونی ئەو ڕێوڕەسمە هەیئەتێکی مەلبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانی و کاربەدەستانی ئیداریی شاری کۆیە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لەو سەردانەدا کۆمەڵە بابەتێکی سیاسیی ڕۆژەڤی کوردستان خرانە بەر باس.



## سیمیناری تایبەت بە ڕۆژی خوێندکار، لە قەڵای دێموکرات

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی سەرماوەز یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بۆ باس کردن لە دەسپێک و ڕەوتی بزاڤی خوێندکاری لە ئێران سیمینارێکی بەڕێوەبرد.

سەرەتا کورتەفیلمێکی دیکۆمێنتی لەبارەی چۆنیەتیی شکڵگرتنی بزاوتی خوێندکاری لە ئێران و قوناخەکانی پیشان درا و دواتر ستەفا مەعرووفی، کادری حیزبی دێموکرات و مامۆستای زانکۆ باسێکی لە ژێرناوی «هۆیەکانی شکست و نشستی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران»دا پێشکێش کرد.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا، پێژمان قوبادی خوێندکاری پێشووی زانکۆی کرماشان و پێشمەرگەی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کوردستان، سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای کرماشان و کەشی خوێندکاری لەو گەورەشارە قسەی کرد.

ناوبراو لە باسەکەیدا هەڵسەنگاندنی بۆ بارودۆخی کرماشان، هەستیاریی ئەو شارە و سیاسەتی دەسەڵات بە مەبەستی دوورخستنەوە، یان دابڕانی کرماشانی لە کوردستان کرد و پرسی شوناس و بایەخمەندیی پرسە سیاسییەکانی کوردی بە دوو کەڵکەڵەی سەرەکیی خوێندکارانی کورد زانی کە خوێندکاری کوردی لە کەشی زانکۆدا بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە.







وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

(٤- ٥)



پاشخانی ئاڵا و پێشمەرگە لە میراتی کۆماری کوردستاندا

(٦)



لە یەلدای لەدایکبوونی قاسملوودا بەزیندوویی دەمێننەوە

(٧)



لاوانی کورد، سەری ڕمی ناسیونالیسمی مەدەنی

(٨)



بەتاڵکردنی سفرەی خەڵک و ئاخنینی باخەڵی هێزە چەکدارەکان

(١٠)



کوردایەتی هەتا گەیشتن بە ئازادی

(١٠)



کوردایەتی هەتا گەیشتن بە ئازادی

(١١)

دریژەی:

## ئێران لە ستراتێژیی نوێی ئەمریکادا

ئەمریکا لە دەورەی سەرۆکایەتیی ئۆبامادا توانیبووی ئۆتۆریتەی سیاسی و فکری خۆی لە چوارچێوەی ستراتێژییە هاوبەشەکانی لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکانیدا بەرزبکاتەوە. بەڵام لەو ناوچانەی کێشەی گەورەیان تێدابوو وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم ئیعتبارە و پشتبەستن بە ئەمریکا ڕوو لە کزی بوو. داخۆ ئەمریکای ئێستا دەتوانێ خۆی لەو ئاستەدا ببینێتەوە یا هەر نەبێ، لەپاڵ ئەو ئاستە لە ئیعتباری نێودەوڵەتی، سەرنجی هاوپەیمانە ناوچەییەکانیشی وەک پێویست بۆ لای خۆی ڕابکێشێتەوە ؟

سەرەنجام ڕۆژی ١٨ی دیسامبر ترامپ ستراتێژیی نوێی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ڕاگەیاند. لەوێدا دیسان هێز و سەرمایە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی ئەو ستراتێژییە بوون. لەو ستراتێژییە نوێیەدا ئەمریکا دەبێ سەرۆکایەتیی هەموو دنیا بکا و لەم ڕێگەوە ئەوەی ناوبراو پێی لەسەر دادەگرێ گەڕانەوەی غرووری لە دەستچووی ئەمریکاییەکانە. بەهێزبوونی ئەمریکا، دەوڵەمەندبوون و پارێزگاری لە سنوورەکانیان لە خزمەت بە ئەمریکایەک ناو دەبا، کە پێویستە لە ئاستی جیهاندا ڕۆڵی کاریگەری هەبێ و کەس نەتوانێ لەجێی ئەمریکا یا بەبێ ئەوان بڕیار بدا. لەکاتێکدا کە لەلایەن هاوپەیمانە ناوچەییەکانیەوە زۆرترین گلەیی لە هەڵوێستەکانی دەگیرێ، ترامپ ڕۆڵی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهانی و هاوکاری هاوپەیمانەکانی زۆر بەرزتر لەوەی کە لەم یەک ساڵەدا بیندراوە دەنرخێنێ. بێگومان ئەگەر ئەمریکا بیەوێ ستراتێژییەکی داڕێژراوی لەو چەشنە لە جیهاندا بەرەوپێش ببا پێش هەموو شتێک پێویستی بە پێداچوونەوە بە چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە دەرەکییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا دەبێ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەخنەیەکی زۆر هاتووەتە سەر سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا کە، لەبەر پشتگیری نەکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی سووریە کە خوازیاری گۆڕانکاریی دێموکراتی بوون لەوڵاتەکەیاندا، بەرامبەر ڕێژیمی سووریە کە بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی و ناردنی هێزەکانی سپای پاسداران بە فەرماندەیی قاسم سلێمانی بوونە هۆکاری گیانلەدەستدانی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبونی ملیۆنان هاووڵاتی و وێرانیی لە نیوە زیاتری شا رو ناوچەکانی ئەو وڵاتە. یا کاتێ لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەمەن کە لە ڕێگەی حووسییەکانەوە درێژەی کێشا، هاوپەیمانیی عەرەبی دروست بوو، ئەمریکا سیاسەتی بێتەفاوەتی گرتەبەر و لە ئاستی پێویستدا هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا نەکرد. هەروەها لە عێراقدا کە ئەمریکا دەوڵەتەکەی بە هاوپەیمانی خۆی دەناسێنێ چۆنە بەبەر چاوی ئەوانەوە دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و بە مەبەستی تایبەتیی خۆیان میلیشیایان لێ دروست دەکەن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هانیان دەدەن؟ تەنانەت لەسەر هێرشی هاوئاهەنگی ئێران_ عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە هاوپەیمان و هاوکارێکی باشی ئەوان لە شەڕی دژ بە داعشدا بوون، بێدەنگییان هەڵبژارد و بە سیاسەتی پاراستنی یەکگرتوویی عێراق پاساویان بۆ دەهێنایەوە.

تا ئێرە ئەم جۆرە هەڵوێستانەی ئەمریکا درێژەی هەمان ستراتێژییەکەی باڕاک ئۆباما بوو کە پێی وابوو نابێ بۆ چارەسەری کێشە ناوچەییەکان ئەمریکاییەکان بە گیان و پووڵی خۆیان هەزینەی بۆ بدەن و ئەرکەکەی بە خەڵکی ئەو وڵاتانە دەسپارد کە بە هۆی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی ئەوانەوە خراپترین سیستمی دەسەڵاتداری ئیستبدادی حوکمیان بەسەردا دەکەن. داڕێژەرانی ئەم ستراتێژییە لە کاتێکدا دەیانزانی کە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە دەستی بەتاڵ ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی پڕ چەک و بێ بەزەیی دەبنەوە، تەنانەت نەیانویست لە ڕێگەی شۆڕای ئەمنییەت و بە شێوەی یاسایی پێش بەو گرتن و کوشتنانە لەو وڵاتانەدا بگرن کە ئەوان چاوەڕوانی گۆڕانی شێوەی سیاسەتیان دەکەن.

ئێستا بە پێی ستراتێژییە نوێکەی دۆنالد ترامپ، دەبێ گۆڕانێکی جیددی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەو کێشانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن بێتە ئاراوە. لەگەڵ بوونی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو شوێنانەی ناوچە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کێشە خوڵقێنن و ڕەنگە چیتر نەتوانن سیاسەتی چاوەڕوانی بگرنە پێش، ترامپ تا ئێرەش دانی بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا نەهێناوە و ڕێگەی هێشتوەتەوە جارێکی دیکەش بیکاتە بەرگێکی فشار بۆ سەریان. لەو لاشەوە مەسەلەی پەرەپێدانی دامەزراوە مووشەکییەکانی ئێران کە بەردەوام خەریکی پەرەپێدانیانن و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی ئەمریکاش لەپاڵ جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ کۆشکی سپی لەسەر بەرجام بە کێشەیەکی نوێ دەزانن لەوانەیە ببێتە هۆکارێکی نوێ بۆ فشارهێنانی زیاتر بۆسەر ئێران. هەرچەند نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دیسان باس لە سیاسەتی فشار بۆ سەر ئێران بە مەبەستی گۆڕینی ئاکاری کۆماری ئیسلامی دەکا، بەڵام وێدەچێ ئەمجار فشارەکان زیاتر و بەرینتر بکرێنەوە و دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێ هەستیان بە مەترسییەکانی وەها سیاسەتێک کردبێ بۆیە هاواریان لێ بەرز بووەتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەم سیاسەتانەش بتوانێ کۆماری ئیسلامی بەرەو لاوازی ببا، هەرگیز ناتوانێ بنە فکرییەکانی «ولایت فقیە»ی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ. مەگەر بە ئیرادەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە ئێستا زیاتر لەهەر کاتێک بێزاری خۆیان لەو ڕێژیمە دەردەبڕن و لە پێناو گۆڕانێکی یەکجاری و ڕزگارییان لە چنگ ئیستبدادی ئایینی، بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەڵستی ڕێژیم دەبنەوە. بێگومان بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ فشارە دەرەکییەکان، یارمەتی و پشتیوانیی ئەو وڵاتانەی بیر لە ئازادی و دێموکراسی بۆ خەڵکی ئێران دەکەنەوە، دەتوانێ شوێندانەربێ و دەتوانن ببنە پاڵپشتێک بۆ گۆڕانکارییەک کە نیازەکانی دنیای پێشکەوتوو دابین بکا.

### مستەفا مەولوودی:

# بە هێزی ئیرادە و باوەڕمان بەسەر تێرۆردا سەردەکەوین

## (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی شەهیدانی یەلدای خوێناویی دێموکرات)



**میوانە خۆشەویستەکان!**
**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

بەخێر بێن بۆ ڕێورەسمی ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کردەوە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەوی یەلدای ساڵی ڕابردوو، کە پۆلێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لێ ستاندین. لەو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشە کە شەوی یەلدا، شەوزستانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی (بەرانبەری ٢١ی دیسامبری ٢٠١٦ی زایینی) لە بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕووی دا و، حەوت شەهید و کۆمەڵێک بریندداری لێ کەوتەوە، ساڵێک ڕادەبرێ و ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ مەحکومکردنەوەی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یاد و بیرەوەریی ئەو پێشمەرگە شەهیدانەش بەرز ڕادەگرین و سڵاوی وەفایان بۆ دەنێرین.

تەقینەوەکەی شەوی یەلدای ساڵی ڕابردوو ڕووداوێکی دڵتەزێن و خەسار و زیانێکی گەورە بوو، بەڵام هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای ئەو کردەوە تێرۆریستییە، دەزگا پێوەندیدارەکانی حیزبی دێموکرات، دەزگای ئەمنییەت و ئاسایش و دادوەریی هەرێمی کوردستان بە چالاکی هاتنە سەرخەت و زۆر زوو کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کرد. بە دوایی ئەویشدا شەپۆلی هاودەردیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و، ڕێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵی مەدەنی و خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ڕووی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و لەگەڵ مەحکومکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستیە، هاودەردییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی قوربانیان کرد و لەو خەمە قورسەدا هاوبەشییان لەگەڵ کردین و، ئێمە بە سپاس و پێزانینەوە ئەوە بیر دێنینەوە.

**خۆشەویستان!**

ئەگەرچی تا ئێستا دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان ئاکام و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر ئەو کردەوە تێرۆریستییە ڕانەگەیاندوە، بەڵام لە هیچ لایەنێکمان شاراوە نییە کە ئەو تیرۆرە کاری حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. لە بەر ئەوەی ئەو ڕێژیمە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاریەوە بۆ لە مەیدان دەرکردنی دژبەرە سیاسییەکانی لە هیچ کردەوەیەکی جینایەتکارانە خۆی نەپاراستووە. هەروەها تیرۆریشی کردوە بە یەکێک لە ڕێگاکانی لەسەر ڕێ لابردنی موخالیفانی سیاسیی خۆی و پلان و پیلانە تێرۆریستییەکانی لە تەواوی ئێران، کوردستانی ئێران و تەنانەت لە دەرەوەشدا زۆر سازماندراو بە بەرنامە بەڕێوە بردوە کە بەداخەوە لە لیستی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیدا پشکی شێری بەر تێکۆشەرانی سیاسیی کورد کەوتووە.

ئەگەر ئیعدامی لاوان لە پادگانی سنە بە سەرەتای کوشتن و ئیعدامی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستاندا بنێین، تیرۆری سەرگورد عەبباسی لە شوڕای نیزامیی شاری مەهاباد لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا دەتوانین بە یەکەمین تیرۆری سیاسی موخالیفانی سیاسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەن حکومەتی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە کوردستان دابنێین. لە درێژەی کاری تیرۆریستیی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەکرێ لە هەر شوێنێک چ لە ئێران، چ لە کوردستانی ئێران، چ لە عێراق و باشووری کوردستان، لە ئاسیا، لە ئورووپا و ئەمریکای لاتینیش ئادرەس و نموونەی کردەوەی تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕوونی دەست نیشان بکەین.

هەڵبەت ئەوەشمان دەبێ لەبەرچاو بێ کە مێژووی تیرۆری سیاسی و کارنامەی حاکمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت بۆ پێش هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە. ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە نایشارنەوە کە لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویشدا تیرۆری سیاسییان کردوە. عەلی ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی، پلاندانەر و بڕیاردەری تیرۆرەکانی ڤییەن و برلین کە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری و تێکۆشەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی لێ ستاندین، بە شانازییەوە باس لەوە دەکا کە ئەو دەمانچەیەی حەسەنعەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی پێ کوژرا، ئەو دابینی کردبوو و دابووی بە محەممەد بۆخارایی هەتا تیرۆرەکەی پێ بکا.

تەقینەوەی ئامیا کە تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانتین بوو/ بۆمب دانانەوە لە بانکوک، پێتەختی تایلەند/ تەقینەوە لە دێهلی، پێتەختی هیندوستان/ کاری تێرۆریستی لە وڵاتی کێنیا/ کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە بەحرەین/ هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی تێرۆریستیی ئەلقاعیدە/ کردەوە تێرۆریستییەکان لە عێراق بۆ زەبرلێدان لە ئەمریکا و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمان/ تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات وەک؛ تێرۆری داریوش و پەروانە فروهەر و قەتڵە زنجیرەییەکان لە تاران و کرماشان، تێرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی؛ دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات/ شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیرانی حکومەتی پاشایەتی/ شەهریاری شەفیق، کوڕی ئەشرەف پەهلەوی/ غولامعەلی ئۆوەیسی لەگەڵ غوڵامحوسێنی برای/ فەرەیدون فەڕوخزاد/ عەبدوڕەحمان بروومەند/ کازم ڕەجەوی/ نوری دێهکوردی و غوڵام کشاوەرز و زۆر تێرۆری سیاسیی دیکە کە لە نێو دڵی وڵاتانی ئورووپاییدا کراون؛ تەنیا چەند ئاماژەیەک بۆ کارنامەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامین.

ئێمە هەمووما دەزانین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای تیرۆرەوە توانیویەتی زۆر لە موخالیفینی سیاسیی خۆی خەڵتانی خوێن بکا و لە بەینیان بەرێ.خۆ ئەگەرچی ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک زۆر ڕەفتار و سیاسەتی دیکەی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا مەحکوم کراوە و ئەو ڕێژیمە بە دەسەڵاتێکی بێزراو و نابەرپرس و پێشێلکەری پڕەنسیپە جیهانییەکان ناسراوە، بەڵام ئەوە وای نەکردوە کە کۆماری ئیسلامی قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بیەوێ چەکی تیرۆر بەلاوە بنێ؛ وەک چۆن ساڵی ڕابردوو و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا دیسان دەستی تێرۆری کۆماری ئیسلامی گەیشتە ئێرە و ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی کوردی لێ ستاندین.

**بەڕێزان!**

ساڵ و مانگ نییە چەند نیهاد و کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی سەبارەت بەڕەفتاری دژی گەلی و پێشلکردنی مافی مرۆڤەوە ئەو ڕێژیمە مەحکووم نەکەن، بڕیاری دادگای موعتەبەری فیدڕاڵی ئاڵمان وەک دادگای میکۆنووسیش کە ئەو ڕێژیمەی لە تەواوییەتی خۆیدا وەک حکومەتێکی تیرۆریستی ناساندوە، ئێستاش بەڵگەی بەهێز و هەرە ڕوون و ئاشکرای تێرۆریستبوونی کۆماری ئیسلامی و بەرزترین کاربەدەست و بەرپرسانی پلەیەکی ئەو ڕێژیمەیە؛ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئایا ئەوە بەسە بۆ بەربەست دروستکردن و پێشگرتن لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە واز لە کردەوەی تێرۆریستی و دژی مرۆڤ بهێنێ؟ وەڵامەکەش ڕوونەکە هەموومان دەڵێین نا، چونکە ئەگەر مەحکومکردنی ساڵانە وبەردەوامی ئەو ئیدانەکردنانە و مەحکومییەتی بەرپرسانی پلەبەرزی حکومەتی ئێران و بەکرێگیراوەکانی کارساز بووبان، ئێمە شاهیدی تەقینەوە و تیرۆری بە کۆمەڵی تێکۆشەرانی دێموکرات و پێشمەرگەی ئاسایشی حکومەتی هەریمی کوردستان نەدەبووین لە شەوزستانی ساڵی ڕابردوودا کە شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بوو. بەڵام پێویستە چی بکرێ بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ کارو کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابندرێ؟

لە نەزەر ئێمە ڕێگای کۆتاییهێنان بەو کردەوە قێزەوەنانە، کۆتاییهێنان بەو حکومەتە و، گۆڕانی بە حکومەتێکی دێموکراتیک و خەڵکییە. بۆ ئەو مەبەستەش لە پێشدا پێویستە خەڵکی ئێران بەگشتی بە هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ئەم وڵاتە، یەکڕیز و هەماهەنگ بە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام؛ هەر وەک چۆن بە دەستی بەتاڵ بەڵام یەکگرتوویانە حکومەتی پاشاییەتیان تێکەوە پێچا، دەکرێ هەمدیسان بە خەبات و تێکۆشانی مەدەنی و سیاسیی یەکگرتووانە ئەو نیزامەش بگۆڕین و بە هەمووومان کار بکەین بۆ جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیکی خەڵکی کە تێیدا خواستی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی پێکهاتەکان بە دارشتنی قانوونی ئەساسییەکی دێموکراتیک دابین بکرێن. بەڕاست خەڵکی ئێران بەو مێژوو و فەرهەنگ و کلتووورە دەوڵەمەندەیان و، بە خاوەنێتیی ئەو وڵاتە دەوڵەمەند و پڕ سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی پڕ بایەخەوە شایانی ئەوە نین کە باشترین حکومەتی سەردەمیانەیان هەبێ؟ ئێمە دەڵێین بەڵێ. بۆیە پێویستە تین و گوڕی زیاتر بدەینە خەباتەکەمان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژیمە.

کوردستان، خەڵکەکەی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی شایانی ڕێزگرتنن کە بە خەبات و تێکۆشانیان ئەوا چوار دەیەیە لە بەرانبەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕاوەستاون و لەو پێناوەدا خوێن و قوربانی و تێچووی زۆریان داوە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا بە خەبات و چالاکیی مەدەنی فەزایەکی تەواو فەرهەنگی، نەتەوەیی و سیاسییان خوڵقاندوە بۆ هەر مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا پرسێک لە ئارادا بێ، لەسەر هەستن و نەخش و ڕۆڵی خۆیان بەباشی دەگێڕن و نموونەیەکی دیکە لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و ئەرکوەخۆگریی خۆیان پیشان دەدەن. بۆ ئەوەش نموونە زۆرن کە پێویست بە باسکردنیان نییە.

لەو بۆنەیەدا جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە حیزب و

هەر چەندە تا ئێستا ئاکامی ئەو پەروەندەیە لە دادگای هەرێمی کوردستاندا یەکلا نەبۆتەوە، بەڵام هەموو نیشانەکان و ئادرەسەکان پێمان دەڵێن ئەو کردەوەیە بە ئەمر و فەرمانی کاربەدەستانی پلەبەرزی حکومەتی ئێران کراوە و هەر کەمتەرخەمییەک و پشتگوێخستنێکی پلان و پیلانەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، حکومەتی ئێران جەسوورتر دەکا بۆ کارو کردەوەی لەوە مەترسیدارتریش. ئەو کات جیا لەوەی خەساریێکی قورس لە بزووتنەوەی کورد دەدرێ، زیانی قەرەبوونەکراوە لە شکۆی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتیی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێ.

دەسەڵاتی سیاسی، یاسایی، ئیداری و دادوەریی هەرێمی کوردستان نابێ ئیزن بدەن هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە ببێتەوە شوێنی تەڕاتێنی تیم و مۆرە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێویستە بە پلان و بەرنامەوە پارێزگاری لە سەروەریی خاک و نیشتمان و خەڵکی وڵاتەکەیان بکەن و پاراستنی گیانی هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی تێکۆشەرانی سیاسیی وڵاتی دیکەش لەو هەرێمە لە ئەستۆی ئەوانە

ل٣

کوردستان
ژمارە:٧١٦
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ _ ٢١ی دێسامبر٢٠١٧

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان




حەسەن قادرزادە، ئەندامی دفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**خەڵکی خۆڕاگر و نیشتمانپەروەری کوردستان !**
**بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان!**
**پێشمەرگە قارەمان و خۆڕاگرەکان!**
**ئەندامان و دلسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥ی زایینی، ڕۆژێکی مێژوویی و پرشنگدارە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆدا و، لە بارودۆخێکی لەبار کە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هاتبووە ئاراوە، دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد، لەو هەلە کەڵکیان وەرگرت و یەکێک لە هیوا و ئاواتە لە مێژینەکانی نەتەوەکەیان، کە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بوو، هێنایە دی و وەک یەکێک لە شوناسە نەتەوەییەکان لە شاری مەهاباد و پاشان لە بۆکان و لە چەند گوند و ناوچەیەکی دیکە بەرزیان کردەوە، بۆ ئەوەی لە بن سێبەری ئاڵادا خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی پاش تێپەڕینی ٣٩ ساڵ بە سەر ئەم ڕووداوە گرینگ و لە بیر نەکراوەدا، حیزبی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو ساڵێک بە ڕێزەوە یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە. جێگای ئاماژەیە لە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی نەتەوەکەماندا و پاش تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ بە سەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمجارە لە باشووری کوردستان، پارلمانی هەرێمی کوردستان وەک دەزگایەکی شەرعی و یاسادانان، ئەم ڕۆژەی بە «ڕۆژی ئاڵا» دیاری کرد.

بەم جۆرە ٢٦ی سەرماوەز هاوکات ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانە. ئاڵا و پێشمەرگە، دووانەی هەڵقووڵاوی هەناوی کۆماری کوردستانن و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئاڵا و پێشمەرگە، لە هەر بەشێکی کوردستان، نیشانەی شوناسخوازی و بوونی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردن. بۆیە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پیرۆزبایی دەکەین لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرجەم هۆگرانی ئاڵای کوردستان و، هەموو ئەوانەی بۆ ڕزگاری لە بندەستی و گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە ڕەواکانی خەبات دەکەن. لەم ڕۆژەدا بە ڕێزەوە ئاوڕ لە بیرەوەریی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و هۆگریی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری گەلەکەمان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ئاڵاکەیان دەدەینەوە و هاوکات بە ڕێزەوە یادی فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ڕزگاریخوازی و بەرگریکردنی لە کەرامەتی نەتەوەکەمان دەکەینەوە و سڵاوی ئەمەگناسییان بۆ دەنێرین.

### بەشدارانی بەڕێزی ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز!

لە هەلومەرجێکدا یادی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەکە، بە قۆناغێکی زۆر ئاستەم و هەستیاردا تێپەڕ دەبن. وەک دەزانن داعش وەک هێزێکی تیرۆریستی و دڕندە کە ماوەی چەند ساڵ بوو لە بەشێکی گەورەی ئەم ناوچەیەدا مەیدانداری و تەنانەت حوکمڕانیی دەکرد، سەرئەنجام تێک شکاو لە بەشی زۆری ئەو ڕووبەرەی لە عێراق و سووریە لە بەر دەستیاندا بوو وەدەرنرا. لێرەدا جێی خۆیەتی بە شانازییەوە باسی ڕۆڵی پێشمەرگە و شەڕڤانی کورد بکەین کە لە باشوور و خۆراوای کوردستان بە تەنیا و لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەکی ناوچەیی و جیهانیدا نەک هەر لە شەڕی دژە تیرۆردا بەشدار بوون، بەڵکوو ڕۆڵێکی حاشا لێنەکراویان لە شکست پێهێنان بە هێزەکانی داعش لە سەرزەوی هەبوو. بەڵام وەک دەبینین شکانی داعش بە مانای تەواو بوونی شەڕ و ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە نییە. لە هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە ساڵی ٢٠١٤دوای پاشەکشە و تێکشکانی سوپای عێراق بەرامبەر پەلاماری داعش، توانی لە هەموو ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێم جێگیر بێ و بە قارەمانەتی و بەخشینی خوێن و گیانی خۆی لە پەلاماری داعش بیانپارێزێ. بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵدا،ئەم ناوچانە و هێزەکانی پێشمەرگەی جێگیر لەوان و، بە گشتی خەڵکی کوردستان لەم بەشە، لە بری پاداش و وەدەستهێنانی خێر و دەسکەوتی کۆتایی هاتنی بەڵای داعش، بوون بە ئامانجی پیلان و پەلاماری هاوبەشی سوپا و هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزی قودسی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ڕێژیمی ئێران کە بە ناوی بەرگری لە حکوومەتەکانی عێراق و سووریە لە بەرامبەر هێزە بەرهەڵستکارەکانیان، ماوەی چەند ساڵێکە بە قورسی هاتۆتە نێو ململانێیە سیاسی و نیزامییەکانی ئەو دوو وڵاتە، لە ڕێگای پشتیوانیی ئاشکرا لە تەیاری شیعی و هاوپەیمانە ستراتیژیکەکانی خۆی، بە هەموو تواناوە هەوڵی فراوانکردنی نفووز و هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەکە دەدا و بە کردەوە بووە بە لایەنێک لە شەڕی دوو دەوڵەتی عێراق و سووریە لە گەڵ پێکهاتەکانی ئەم دوو وڵاتە. هاوکات لەم دۆخە بۆ دژایەتیی وڵاتانی ڕۆژاوایی و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان و بردنە پێشی سیاسەتی فراوانخوازانەی خۆی لە ناوچەدا، سوود وەردەگرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەک هەر لەم دوو وڵاتە، بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا خەریکی دەستێوەردانە و، میلیشیا و گرووپی توندئاژۆی دەستپەروەردەی خۆی پێک هێناوە و هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و نیزامیی لە ئێختیار ناون و بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت و پیلانی ئاژاوەگێڕانە و ئامانجە تیرۆریستییەکانی خۆی، بە کاریان دێنێ. حەشدی شەعبی لە عێراق، حیزبوللا لە لوبنان، تاقمی جۆراوجۆر بەناوی جیاواز لە سووریە و حوسییەکان لە یەمەن نموونەی ئەو جۆرە گرووپە چەکدارانەی بەستراوە بە سوپای قودسی ئەو ڕێژیمەن کە سەرچاوەی تیرۆر و هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و هێمنیی ناوچەکە و ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانج و سیاسەتی فراوانخوازانەی ڕێژیمی ئاژاوەگێڕی کۆماری ئیسلامیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دان. یەکێک لە ڕەهەندەکانی سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامییش دژایەتی لە گەڵ دابینبوونی مافەکانی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستانە. بەشداریی ئەو ڕێژیمە لە گەمارۆدان و سزادانی هەرێمی کوردستان بە دوای بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، جارێکی دیکە پەردەی لە سەر نێوەرۆکی دوژمن بە کوردی ئەو ڕێژیمە لادا. چاوەڕوان دەکرێ ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژاوای کوردستان و لە ڕێگای پشتگیری و هاندانی ڕێژیمی ئەسەدیش، دوژمنایەتیی خۆی لە گەڵ دابینبوونی مافەکانی کورد لەم وڵاتەدا دووپات بکاتەوە کە هیوادارین گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان و هاوپەیمانەکانی لەشەڕی دژە تیرۆر، ئەم نیازەی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەنەوە. ئێمە فراوانخوازی و سیاسەتی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و حوزووری نیزامی و ئەمنیەتیی ئەو ڕێژیمە، بە مەترسی بۆ سەر گەلان و وڵاتانی ئەو ناوچەیە دەزانین و لە خزمەت شەڕ و پەرەپێدانی تیرۆریزم و بردنی ئاراستەی ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتری دەبینین. هەر بۆیە خوازیاری ئەوەین وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەربەست لە بەردەم زیدەڕۆیی ئەو ڕێژیمە و هەڕەشەکانی بۆ ئاشتی و ئەمنییەتی ناوچەکە دابنێن.

### هۆگرانی ئاڵا و پێشمەرگە لە کوردستان!

کۆماری ئیسلامی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی بە توندی خەریکی دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕییە و بەو پەڕی سەخاوەتەوە، پووڵ و سامانی خەڵکی ئێران لەم ڕێگایەدا خەرج دەکا، لە نێوخۆی ئێران لەگەڵ دەیان و سەدان قەیرانی حاشاهەڵنەگر وەک گرانی، بێکاری، ئێعتیاد، فەسادی ئیداری و گەندەڵی، کێشە و ناکۆکیی نێو باڵەکانی دەسەڵات ونارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک بەرامبەر ئەو دۆخەی تووشی بوون، بەرەوڕوویە. ڕێژیمێک کە لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیەوێ خۆی وەک پشتیوان و یارمەتیدەری وڵاتان و نەتەوەکانی ناوچە بناسێنێ و بە ڕواڵەت لە بەرامبەر ئیستیکباری جیهانی و دەستوپێوەندەکانیاندا بەرگرییان لێ دەکا، بۆ خەڵکی ئێران جگە لە ستەم و سەرکوت و کوشتن هیچ ڕێگا و بەرنامە و وڵامێکی نیە. هەر بۆ نموونە با هەڵوێستە لە سەر کردەوە و هەنگاوەکانی ئەم ڕێژیمە بە دوای بوومەلەرزە گەورەکەی پارێزگای کرماشان لە مانگی ڕابردوودا بکەین. خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگای کرماشان کە تووشی ماڵوێرانی و تێکڕووخانی شارو گوندەکانیان بوون و سەدان کەسیان بە هۆی ئەم ڕووداوە گیانیان لە دەست دا و هەزاران کەسیان بریندار بوون، هەتا ئێستاش کەمترین یارمەتی و هاوکارییان لەو ڕێژیمە پێ گەیشتوە. لە کاتێکدا بێماڵ و حاڵن و سەرما و باران هەڕەشەیان لێ دەکا، لە گەڵ ئەو پەڕی خەمساردیی کاربەدەستان و دامودەزگا گەندەڵەکانی ئەو ڕێژیمە بەرەوڕوون. ڕەنگە گەورەترین تاوانی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگای کرماشان، کوردبوون و شێلگیربوونیان لە سەر مافە نەتەوەیی و کلتوورییەکانی خۆیان بێ، بۆیە بەم جۆرە کەوتوونە بەر خەمساردی و بێخەمیی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی. ڕەفتاری نابەرپرسانەی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی لە کاتێکدا کە کارەساتێکی گەورەیان بە سەر هاتوە لە لایەک و هەر لەو کاتەدا خۆتەرخانکردنی بۆ ململانێ لە دەرەوەی سنوورەکانی، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی ئامادەیە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بە هاسانی لە پێناوی سیاسەت و ئامانج و بەرنامەی ئاژاوەگێڕانە و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچە، پشتگوێ بخا و بیانکاتە قوربانی.

ئێمە لە کاتێکدا بۆ بارودۆخ و گوزەرانی ناخۆشی ئێستای خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو لە پارێزگای کرماشان بە پەرۆشین، سوپاسی ئەو هاوخەمی، هاودڵی و بەدەنگەوەچوونە دەکەین کە لە پارێزگەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بە هاناوە چوونی بوومەلەرزە لێدراوان، خۆی نواند. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشاندا جارێکی دیکە بەرزیی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و هیممەتی کوردانە و هەستی مرۆڤدۆستانەی خۆیان نیشان دایەوە. ئەو وشیاری و یەکگرتوویی و هاودڵییە، شتێکی بەڕێکەوت نییە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە خەبات بۆ ئازادی و داواکردنی مافە ڕەواکانیان. سەرەڕای نزیکەی ٤٠ ساڵ شەڕ و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی هێزە خەباتکارەکان و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەو خەڵکە، خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر لە کوردستان درێژەی هەیە. چالاکیی سیاسی و کلتووری و خەباتی مەدەنی لە گەڵ هەموو بەربەست و کەند و کۆسپێکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەشە و بەرەوپێشچوون دایە و هەر جارەی حەماسەیەک لە تەبایی و هاودڵی و یەکگرتوویی و پێداگری لە سەر شوناسی نەتەوەیی و داواکردنی ڕاشکاوانەی ماف و ئازادییەکان و دەنگهەڵبڕین دژی ستەم و هەڵاواردن و تاوان دژی خەڵکی کوردستان، دەخوڵقێنێ. خەبات و تێکۆشانێک کە ئەمرۆ ئەوان بە گوێرەی هەلومەرج و بارودۆخی ئەمنیەتی و ناهەمواری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەی دەبەن، لە ئامانجی نیهایی خۆیدا ڕزگارییە لە بندەستی و گەیشتنە بە مافە ڕەواکانیان و زاڵبوون بە سەر چارەنووسی خۆیاندا. هەر ئەم ڕاستییەشە کە وایکردوە ئەوان نامۆ نەبن بە ئەوینی «ئاڵای کوردستان «و خۆشەویستیی «هێزی پێشمەرگە» و ئەم هۆگرییەیان لە بۆنەی جۆراوجۆر دا پێشان بدەن. بە دەرفەتی دەزانین لەم بۆنەیە دا پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی مەدەنیی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات بکەینەوە. بوونی ئێوە لە گۆڕەپانی خەبات بۆ مافە ڕەواکانتان و دەنگهەڵبڕینی یەکگرتوانەتان بۆ بەرگری لە شوناس و ژینگە و زمانی خۆتان و ڕاوەستانتان دژی ستەم و هەڵاواردن و بێبەشی، تەواوکەر و ڕوویەکی دیکەی خەباتی هێزە سیاسییەکان و ڕۆڵە پێشمەرگەکانتانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لە مێژینەی نەتەوەکەمان کە ڕزگاری لە بندەستیە و ژیانی ئازادانە و سەربەرزانەیە لە سێبەری ئاڵای کوردستان وحکوومەت و دەسەڵاتی کوردیدا.

### هاوڕێیانی تێکۆشەر، ئامادەبوانی ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز!

ئەمرۆ کە هاوکات ڕێز لە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان دەگرین و ڕێز و خۆشەویستیی خۆمانیان بۆ دووپات دەکەینەوە، بەو مانایەیە کە لە ڕێگای ئەم ئاڵایەوە، شانازی بە شوناسی نەتەوەیی خۆمان دەکەین و تا وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە خەبات بەردەوام دەبین. ڕێزگرتنیشمان لە پێشمەرگە هەڵگری ئەو پەیامەیە کە هەر وا کە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنان بۆ سەر نەتەوەکەمان قەرزداری هێزی پێشمەرگەین، لە داهاتووشدا تەنانەت ئەو کاتەی بە مافەکانمان دەگەین، بۆ پاراستنیان دەبێ بە هێزی پێشمەرگە پشت ئەستوور بین. ئەمەش کەمبایەخدان بە جۆرەکانی دیکەی خەبات و نکۆڵی کردن نییە لە خەبات و تێکۆشانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ. ئاشکرایە بە ئاوێتەکردنی هەموو جۆرەکانی خەبات و، بە هاوپشتی و هاوخەباتی هەموو لایەکمان، دەتوانین بگەیەنە ئامانجی ڕزگاریی یەکجاری.

سڵاو لە خەلکی ئازادیخوازی کوردستان، پشتیوانانی ڕاستەقینەی پێشمەرگە،
سڵاو لە خەبات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگە، هێمای ئازایەتی و بەرگری،
سڵاو لە ئاڵای کوردستان، هێمای نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەمان کوردستان،
پیرۆز بێ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی**

درێژەی:

## (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی...

ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە ئیلهام لە خەڵکی ڕۆژهەڵات وەربگرن و پێویستە بەیەکریزیی زیاتری خۆیان بەگژ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە و لە قاویان بدەن و بە پلان و بەرنامەی هاوبەش و یەکگرتووانەوە بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکەن. وەک لە بەیاننامەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە پاش تەقینەوەکەی شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی بڵاوبۆتەوە و تێیدا هاتووە؛ کاریگەرترین ڕێگە بۆ پێشگرتن لە کردەوەی تیرۆریستی، یەکریزی و هەماهەنگی و هاوکاریی هێزەکانی کوردستانە.

هەڵبەت لە یەک ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەک هاوکاریی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەرهەست و دیار بووە، بەڵام لەو ئاستەدا بە هیچ شێوەیەک وەڵامی ئەم هەلومەرجە و چاوەڕوانییەکانی نەداوەتەوە. بۆیە ئێستا لەم هەلومەرجەشدا کە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی زۆر تایبەت و هەستیاردا تێدەپەڕێ و گۆڕانکارییەکان لەو بەشەی کوردستان زۆر و کەم کارتێکەرییان لەسەر هەموو مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و پێوەندییە ئیقلیمییەکان و، جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کارو چالاکیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش دادەنێ، پێویستیە زیاتر گرینگی بەو پێویستییە بدەین. بەتایبەت ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو و ساڵانی دەیەی٩٠ی زایینی بدەینەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و وەزعی خەراپی ئابووری و ئاڵۆزیی نێو هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە دەیان تێکۆشەری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تیرۆر کرد و مەترسیی زۆر و جۆراوجۆریان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان دروست کرد. سروشتییە ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەماهەنگ و هاوکار و خاوەن پرۆژە و بەرنامە نەبن، هیچ دوور نییە مێژوو جارێکی دیکە دووپات بێتەوە. بۆیە یەکڕیزی و هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەولەوییەتی یەکەمە و حیزبی دێموکرات بە زەرووڕەتی دەزانێ و هەستی پێ دەکا؛ بۆیەش بانگەواز دەکا بۆ یەکڕیزی و هەماهەنگی و هاوکاریی سەرجەم هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر لەو پێوەندییەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە دەسەڵاتی سیاسی، یاسایی، ئیداری و دادوەریی هەرێمی کوردستان نابێ ئیزن بدەن هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە ببێتەوە شوێنی تەڕاتێنی تیم و مۆرە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێویستە بە پلان و بەرنامەوە پارێزگاری لە سەروەریی خاک و نیشتمان و خەڵکی وڵاتەکەیان بکەن و پاراستنی گیانی هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی تێکۆشەرانی سیاسیی وڵاتی دیکەش لەو هەرێمە لە ئەستۆی ئەوانە. لەلایەکی دیکەوەش پەروەندی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەڵدای ٢٠١٦ی زایینیی بەردەم بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات لە بەردەستی دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان دایە، هەر چەندە تا ئێستا ئاکامی ئەو پەروەندەیە یەکلا نەبۆتەوە، بەڵام هەموو نیشانەکان و ئادرەسەکان پێمان دەڵێن ئەو کردەوەیە بە ئەمر و فەرمانی کاربەدەستانی پلەبەرزی حکومەتی ئێران کراوە و هەر کەمتەرخەمییەک و پشتگوێخستنێکی پلان و پیلانەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، حکومەتی ئێران جەسوورتر دەکا بۆ کار و کردەوەی لەوە مەترسیدارتریش. ئەو کات جیا لەوەی خەسارێکی قورس لە بزووتنەوەی کورد دەدرێ، زیانی قەرەبوونەکراوە لە شکۆی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتیی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێ. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان سوود لە ئەزموونی سەربەخۆیی و ئازایەتیی دادگای فیدڕاڵی ئاڵمان(دادگای میکۆنووس) وەربگرێ و، فەرماندەران و فەرمانبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە لە تەواوەتیی خۆیدا مەحکووم بکا؛ ئەوا نەک هەر مافی بۆ خاوەن ماف گەڕاندۆتەوە، بەڵکوو شکۆی دەسەڵاتی دادی هەرێمی کوردستان بەرز و بەرزتریش دەکا. بەمجۆرە بەربەستی گەورەش لە پێش حکومەتی ئێراندا دروست دەکا بۆ ئەنجامنەدانی کردەوەی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستان و، کوردستان لە دەستتێوەردانی حکومەتی ئێران دەپارێزێ و گیانی هەموو تێکۆشەرێکی سیاسی پارێزراو دەبێ.

لەو نێوەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبێ بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ واقعەکەدا بکا. ئەوان کە باش شارەزای سیاسەت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، دەزانن کە ئەو ڕێژیمە بەشی هەرەزۆری ئیمکاناتی وڵاتی ئێرانی بۆ کاری تێکدەرانە و قەیرانخوڵقێنی و کار و کردەوەی تیرۆریستی و دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکە لە پێناو دروستکردنی شێوەئیمپراتوریی خۆیدا خەرج دەکا، ئەوە لە حاڵێک دایە وڵاتی ئێران خۆی نوقمی قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە. بۆیە پێویستە یارمەتیی خەڵکی ئێران و سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بدەن کە بتوانن بە تێچووی کەمتر سێبەری ئەو ڕێژیمە لەسەر خۆیان لابدەن و حکومەتێکی دێموکراتیک بهێننە سەر کار.

لە ساڵیادی تێرۆری شەوی یەلدای ساڵی ڕابردوودا، ڕێز دەگرینەوە لە یاد و بیرەوەریی ئەو شەهیدانەمان و دڵنیاین کە بە خەباتی شێلگیرانە و یەکگرتوومان دەتوانین پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین و بەسەریدا زاڵ ببین. دڵنیاین و پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە ئیرادە و باوەڕی ئێمە زۆر لە چەکی تێرۆر بەهێزترە و هەر پشتبەستوو بەو ئیرادە و باوەڕە و بە یەکگرتوویی ڕیزەکانمان خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەمان سەردەخەین.

**بەرز و پیرۆز بێ یادی شەهیدانی یەلدای خوێناویی دێموکرات**
**سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی کورد لە ئێران**

کوردستان
• ژماره: ٧١٦
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ _ ٢١ی دێسامبر٢٠١٧

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ئاشتیدا بووە

[٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەو ڕۆژە لە مێژ ساڵە لە نەستی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێی گرتوە و ٣٣ ساڵیشە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یادی دەکرێتەوە و بۆنە و ڕێوڕەسمی بۆ دەگیرێ.
ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی و لە سەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات؛ ٢٦ی سەرماوەز بەناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراوە و لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە پەسند کراوە.
لە ٣٣ ساڵەی ئەو ناودێرکردنەدا بە چەند پرسیارێک لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەی پێشمەرگە و ڕۆڵی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستاندا چووینە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە. ]

دیمانە: عەلی بداغی

**مامۆستا! ئەو وتووێژەمان تایبەتە بە یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. پێمخۆشە جەنابت بۆ چوونەنێو باسەکە یان بۆ سەرەتایەک بۆ وتووێژەکەمان بفەرموون پێناسەی جەنابت بۆ پێشمەرگە چیە؟ ئایا پێشمەرگایەتی ئەرکە، پێشمەرگایەتی نازناو و سفەتە، پێشمەرگایەتی تەعەهودێکی ئینسانییە؟ جەنابت چۆن باس لە پێشمەرگە دەکەی؟**

ئەمن جاری دیکە باسی پێشمەرگەم کردوە، تاریفی پێشمەرگەم بە دوو سێ جۆر کردوە: یەکێکیان فیداکاریی پێشمەرگەیە کە قابیلی تاریفکردن نیە چونکی تەنیا مەوجوودێکە کە واز لە هەموو شتێک دێنێ تەنانەت تا سەرحەدی گیان، ئەویش دەبەخشێ؛ بەڵام لەوە موهیمتر بەڕاستی پێشمەرگەی کوردستان، (ئیجازەم بدە بڵێم بەتایبەتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا) پێشمەرگە چاوەڕوانی ئافەرینێکیش نیە، یانی بێ ئەوەی هیچ تەوەقوعێکی هەبێ دەبەخشێ تا سەرحەدی گیانی، کەوابێ لە یادی ڕۆژی پێشمەرگەدا دوای پیرۆزبایی، غەیری سەردانەواندن بۆ ئەو ڕووحە بەرزە پیاو قسەیەکی نیە بیکا.

**یانی سەرووتر لە ئەرک، سەرووتر لە تەعەهود؟**

یانی سەرووتر لەوە شتێکی دیکە تەسەور ناکرێ. ئەوەی پێشمەرگە دەیکا لەوە هەورازتر نیە، بنیادەم هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی ڕووحی لەدەست نەدا، ئەو ئەویشی لەسەر بەری دەستی داناوە.

**مامۆستا لەمێژساڵە ٢٦ی سەرماوەز لەنەستی خەڵکدا و لە ڕۆژژمێری حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسراوە و لەو ڕۆژەدا ڕێز لە حەماسە و گیانفیدایی پێشمەرگە دەگیرێ. بەڵام ئێستا کۆمەڵێ بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشان دەدەن ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پەلامار بۆ سەر شارەوانیی ڕێژیمی شا لە مەهاباد نەبووە. بەڵگەنامەکان دەڵێن ئەوە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣بووە نەوەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤. ئێستا کە مەبناکە ئاوایە جەنابت چ تەوزیحێکتان هەیە کە بمانەوێ لەو ڕۆژەدا بیدەین؟**

جارێ با لەپێشەوە بڵێم ئەو هەڵەیە لە شتێکرا هات، لە هەڵەیەکی مێژوویی کە ڕەحمەتی کەریمی حیسامی کردبووی.

**لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا؟**

بەڵێ کتێبێکی هەیە بە ناوی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران». لەوێدا داستانی شەهیدبوونی عەولای مینەخاڵند کە وەک یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناو دەبا و لە گیرانی شارەوانیی مەهاباددا شەهید بووە، دەخاتە ٢٦ی سەرماوەز. کاتی خۆیشی کە ئەوەمان دانا، غافڵ نەبووین لەوەی کە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیشە، چونکی ئەوەمان بە سەنەد لەبەر دەستدا بوو. بۆیە ئەو وەختی کە داماننا ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە، گوتمان ئەمە زیاتر لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، بەڵام لەبەر حەساسیەتی هێزە ئێرانییەکان ئێمە ئەو بەشەی دەردەبڕین و دەڵێین ٢٦ی سەرماوەز یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەی تێدا کراوە کە دواتر ناوی نراوە پێشمەرگە، بۆیە ئەو ڕۆژەمان داناوە. جا ئێستا کە قسەی لێدەکەین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەتا ئێستا هەر ڕۆژی پێشمەرگەیە و هەر لە جێی خۆیەتی. بەڵام بۆ تاریخەکە بەڵێ، وەختێکی تاریخی ڕووداوێک دەردەکەوێ مەعلوومە دەبێ قەبووڵی بکەی. ئاخر دەڵێن لە دنیادا حەقیقەتی موتڵەق فەقەت تاریخە، هیچ شتێک بە موتڵەقی حەقیقەت نیە بەڵام تاریخ ئەوەیە، ئەوە لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣دا بووە نە دەکەوێتە ٢٥ و نە دەکەوێتە ٢٧ی ڕێبەندانی ٢٣ش. کەوایە ئەوەیان هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام ڕۆژەکە هەر پیرۆزە ئەگەرچی هەموو ڕۆژی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی فیداکاریی پێشمەرگەیە، بەتایبەتی ئەگەر هەموو بەشەکانی کوردستان بگرین. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی پێشمەرگە. عادەتەن ڕۆژێکی وا دادەنرێ کە تێیدا تەجلیل لە توێژێکی کۆمەڵایەتی بکرێ، ئەمە لە جێی خۆیەتی بەڵام ئارەزوو دەکەم دوو شت بێنە دی، یەکیان ئەوە کە هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لەسەر ڕۆژی پێشمەرگە ڕێک کەون، یەکیشیان ئەوەیە کە ڕۆژێکی موناسبتر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵایە و پارلمانی هەرێمی کوردستانیش پەسندی کردوە و پیرۆزە.



بەڵام پێم وایە موناسبترین ڕۆژ، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانە، چونکە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بڕیار دراوە ئەو هێزە ناوی بنرێ پێشمەرگە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وشەی پێشمەرگە ئەو ڕۆژە دانەنراوە تەنانەت ناوبردنی شۆڕشگێڕی چەکداری کورد بە پێشمەرگەش ئەو ڕۆژە یەکەم جاری نیە، بەڵام ئەوە کە بە ڕەسمی هێزێکی کوردی، هێزێک کە دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی کورد دەکا ناو بنرێ هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بوو. ئەو ڕۆژە لە مەهاباد کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان بووە و ئەو بڕیارەی تێدا دراوە و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ژمارەکەیم ئێستا چاک لەبیر نیە بەڵام ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاو بۆتەوە. ئیدی ئەوە سەنەدی تاریخییە.

**مامۆستا فەرمووت کە مەبنای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرتنی شارەوانیی مەهاباد بووە و بەڵام دەکرێ هەر ئەو مەبنایە یانی هەر ئەو ڕێکەوتە مێژووییە ئێمە وای دابنێین کە ڕۆڵی پێشمەرگە یەکەم جار لێی دەردەکەوێ ئەوە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو و، هەنگاونان بەرەو دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی بگێڕینەوە بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە؟**

بە باوەڕی من ئەودەم فکری دامەزرانی کۆماری کوردستان نەهاتبووە ئاراوە. ئەوە وەکوو شانازییەک بۆ ئەو هێزەی کە دوایی بوو بە پێشمەرگە هەر دەمێنێتەوە بەڵام ئەو کاتی کە شارەوانیی مەهاباد گیرا نەک فکری کۆماری کوردستان، بەڵکوو فکری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەهاتبووە گۆڕێ. حیزبی دێموکڕات ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراوە، بۆیە ئەگەر بە ئێشتیا پێمان خۆش بێ جوێیە دەنا لە مەنتیقدا زۆر بەجێ نیە بڵێین ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە چونکە ئەوکات فکرەکەشی لانیکەم بۆ هەموان نەهاتبووە ئاراوە.

**بەڵام ئەو عەمەلیاتە ڕێی خۆش کردبوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانە؟**

دیارە ڕێخۆشکردن بۆ ئەوەی کورد شتێکی بە دەستەوە بێ، ئیدارەی خۆی بکا لە مەنتقەیەکی زۆر بچووکی کوردستان لە ساڵی ١٣٢١ەوە زەمینەکەی خوڵقاوە. یانی بە تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی لەو مەنتەقەیەدا ئەو زەمینەیە خوڵقاوە و خەڵک دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بووە و هەر ئەوە کە دەڵێن تەنیا نوێنگەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو مەنتەقەیەی کوردستان شارەوانیی مەهاباد بووە نیشانەی ئەوەیە خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بووە. ئێستا ئەوە کە چەندە توانیویەتی ڕێکی بخا ڕەنگە لێی بە ئیراد نەگیرێ چونکە ئێستاش ئێمە هەزاران موشکیل و کەموکوڕیمان لەپێشدایە.

**مامۆستا چ پێشمەرگە وەک گوتت ئەو سفەتەی لەو کاتەوە کە لە زەمانی کۆمار کە بە هێزی چەکدار گوتراوە پێشمەرگە و چ پێشتریش، پێشمەرگە دەیان ساڵە نەقشی تایبەتیی خۆی هەیە، کۆماری کوردستان کە دامەزراوە پاراستوویەتی هەتاوەکوو تووشی ئەو نسکۆیە بووە. لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ڕاپەڕین و حەماسەتی مێژوویی پێشمەرگەمان بینیوە. پێتان وایە ئێستا ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە و نەقشی پێشمەرگە لە گۆڕانکاریەکانی ئێستادا چیە ئایا هەمان تەعریفی پێشووی هەیە یان تەعریفێکی جیاواز بۆ کاری پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ ؟**

ئەمن پێموایە نابێ تەسەوری غەڵەتمان لە پێشمەرگە هەبێ. ڕاستە پیاو کە بیر دەکاتەوە قەڵافەتی پێشمەرگەی بە تفەنگ و فیشەکدانەوە دێتە بەرچاو چونکە ئەو ناوە بەسەر کەسێکدا بڕاوە کە بە چەکەوە دیفاع لە مافەکانی میللەتی کورد دەکا و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد دەکا، بەڵام ئەمن پێموایە نابێ پێشمەرگە تەنیا لەوەدا ببینین. بێئەدەبییە دەیڵێم: ئەمن ساڵی ١٣٦١ لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە بێ ناو مەقالەیەکم نووسیوە کە دەڵێ: «باهەموومان پێشمەرگە بین». لەوێدا دەڵێم ئەم چینانە و ئەو توێژانەش کە هەر یەکەی لەبەر خۆیەوە بەڕێگایەکدا بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو ئامانجە تێدەکۆشن هەموویان پێشمەرگەن. بێجگە لەوە عینوانی پێشمەرگایەتی شانازییەکە کە دەکرێ بیدەی بە هەموو خزمەتگوزاران بەڵام پێشمەرگە هەر تەقەکردن نازانێ، پێشمەرگە ئێستا موهەندیسە، ئێستا نووسەری چاکە، پێشمەرگە ئێستا تەبیبی چاکە، پێشمەرگە ئێستا بیرمەندی چاکە. لە هەر بوارێکدا بیگری هەر خودی ئەو کەسەی کە لە سفەتی پێشمەرگە دایە تواناکانی هەیە کەوابێ

ل٥

## دیدار و چاوپێکەوتنەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە پاریس



لە ڕۆژانی ٧ تا ١١ی دێسامبری ٢٠١٧، د. ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پاریس بە هاوڕێیەتیی هاوڕێیانی کۆمیتەی حیزب لە فەڕانسە دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی سیاسیی ئەو وڵاتە و کەسایەتییەکان و دۆستانی گەلی کورد هەبوو و سەبارەت بە پرسی کورد بە گشتی و خەباتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵیان ئاخاوت.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٨ی دێسامبری ٢٠١٧ی زایینی، د. ئاسۆ حەسەن زادە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە هەبوو. ناوبراو لە وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە لەلایەن «ئاندرێ پینێلی» بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە و هەریەک لە «نۆییێمی ئاتیا» و «ژێرێمی ئایشنبێرگێر» دیپلۆماتی لێپرساو لە دۆسیەی ئێران لەو وەزارەتە، پێشوازیی لێ کرا.

لە دیدارێکی دیکەدا کە هەمان ڕۆژ بەڕێوە چوو، د. ئاسۆ حەسەن زادە چاوی بە سەناتۆر «ئیڤ پۆزۆ دیبۆرگۆ» کەوت.

لە ڕۆژانی ٧ و ١١ی دێسامبریش، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەجیا لەگەڵ هەردوو کۆنسولی گشتیی پێشووی فەڕانسە لە هەولێر، واتە «ئالەن گێپرات» و «فردریک تیسۆ» دیداری هەبوو. هەر لەم سەردانەیدا بۆ پاریس، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٨ی دێسامبر، سەردانی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریسی کرد و لەگەڵ عەلی دۆڵەمەری، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە پاریس دیدار و چاوپێکەوتنی کرد.

## سیمیناری «ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان» لە قەڵای دێموکرات



ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی سەرماوەز کۆمیسیۆنی ئامووزش بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز سیمینارێکی تایبەت بەو بۆنە نەتەوەییە بۆ عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

عومەر باڵەکی لە باسەکەی بە ئاوردانەوەیەک لە مێژووی ناودێرکردنی ناوی پێشمەرگە بە پشتبەستن بە بەڵگە مێژووییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، لەسەر چۆنیەتی شکڵگرتن و ڕێکخستنی ئەو هێزە خەباتکارو داکۆکیکارە بۆ ئامادەبووان دوا.

بەڕێزیان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بۆ باس لەسەر چۆنیەتیی هەڵدانی ئاڵای کوردستان و گرینگی و بایەخی سیاسیی هەڵدانی ئاڵا لە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان تەرخان کرد و دروستکردنی هێزی پێشمەرگە و هەڵکردنی ئاڵای بە دوو هێمای نەتەوەیی و دوو دەسکەوتی گرینگی حیزبی دێموکرات لە قەڵەم دا.

ئەو باسەی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرنج و تێبینیی کۆمەڵێک لە بەشدارانی کۆڕەکە دەوڵەمەندتر کرا.

## سیمیناری تاوتوێی ڕۆڵی پێشمەرگە لە چەند قۆناغێکی مێژووی کورد



بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز سیمینارێکی تایبەت بە پێناسە و ئەرک و ڕۆڵی پێشمەرگە لە چەند قۆناغێکی مێژووی کورد بۆ بەشێک لە ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزب پێک هێنا.

لەوسیمینارەدا کە ڕۆژی شەممە ٢٥ی سەرماوەز گیرا، سمایل بازیار، کادری حیزبی دێموکرات و مامۆستای زانکۆ لە مێژوو، بابەتێکی لەسەر کاریگەریی هێزی پێشمەرگە لە قوناغە جیاجیاکانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا پێشکەش کرد.

ناوبرا لە باسەکەیدا جێگە و پێگەی هێزی پێشمەرگەی لە سێ قوناغی (کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی ٤٦_٤٧ و شۆڕشی گەلانی ئێران) پولێنبەندی کردو لەسەر تایبەتمەندی هەرکام لە قوناغەکان، بۆ ئامادەبووان دوا.

لە بەشی کۆتایی ئەو سیمینارە چەند کەس لە ئامادەبووان، ڕاو بۆچوونی خۆیانیان باس کرد، کە دواتر لە لایەن کۆڕگێرەوە وەڵامدرانەوە.

ئەگەر سبەینێ ئیشەڵڵا کورد مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە گرت ئەوەڵەن پێشمەرگە دەبێ بۆ پاراستنی ئەو وەزعیەتە تازەیە تێبکۆشێ. مەسەلێک هەیە دەڵێ پووڵ پەیداکردن ئاسانە بەڵام ڕاگرتنەکەی بەزەحمەتە. بەدەستهێنانی ئازادییش ئاسانترە هەتا پاراستنەکەی. کەوایە ئەودەمی ئیحتیاجیمان بەو هەیە، شەرت نیە تەنیا لە موقابیلی دوژمن و لە شەڕی چەکدارانەدا بێ، لە پەروەردەکردنیدا لە پێگەیاندنیدا لە گەیاندنەوەی بە کاروانی پێشکەوتنی گەلاندا پێشمەرگە دەتوانێ نەقشی کاریگەر ببینێ و ئەوانەش کە تێکەڵ بەو ڕەوتە دەبن زۆر بەجێیە شانازیی ناوی پێشمەرگەیان پێ ببەخشرێ چونکە پێشمەرگە ناوێکی کەم نیە. لەبیرمە جارێکیان ئێمە چووبووینە دێیەک ئەمن و یادی بەخێر کاک حەسەن ڕەستگار بووین، لە مزگەوت کۆبووینەوە خەڵکەکە پێیان خۆش بوو قسەیان بۆ بکەین و بە بڵیندگۆ بانگی خەڵکی دێیان کرد بێنە مزگەوت. ئەوەی کە بانگی خەڵکی دەکرد گوتی: پێشمەرگە هاتوون وەرنەوە و هەر لەسەر بڵیندگۆ داوای لێبووردنی کرد و گوتی: ببوورن پێشمەرگە نین مەسئوولن. هەر لەسەر بڵیندگۆکە جوابم دایەوە و گوتم: ئێمە شانازیی ئەوەمان نەبوو حەقی ئەوەمان نەبوو کە پێشمەرگە بین، ئەتۆ ئەوەت لێئەستاندینەوە؟

**مامۆستا جیا لەو پێناسە جوانەی جەنابت بۆ نەقشی پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە و ئەوەی ئەو نەقشە ڕەنگبێ بازتەولید بێتەوە یان لە ڕەهەندەکانی دیکەدا بەکار ببرێ، بەڵام زۆر دەنگی نەشازیش دەبیستین کە دەڵێن سەردەمی خەباتی چەکداری نەماوە، سەردەمی پێشمەرگایەتی نەماوە، سەردەمی خەباتی ئاشتییانەیە، لە حاڵێکدا هەر چەند ڕۆژ لەوەپێش بوو کە پووتین پلاتفۆرمی نوێی بۆ ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی خۆی دیاری کرد، دەبینین کە مەسەلەن ئامریکا چ دەکا. ئەو قسانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟**

ئەو قسانە هێندێک کوردیش فێریان بوون و وەکوو تووتی دەیانڵێنەوە بەڵام بەشی زۆری لە دەسەڵاتە گەورەکانەوە هاتوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە ئێستا خەریکن شەڕی ئەستێرەکان دەکەن، لە کوراتی ئاسمانیش ململانەی نیزامیی خۆیان هەیە بۆ میللەتێک کە لە هەموو مافەکانی بێبەشە دەیانەوێ چووکترین وەسیلەی دیفاع لە خۆی نەبێ. ئەوە ئیدی ئەوپەڕی بێ ئینسافییە کە لەگەڵ حەقیقەت، لەگەڵ تاریخ زیاتر لەوەی کە لەگەڵ میللەتێک دەکرێ. کەوایە هیوادارم قەت میللەتی ئازادیخوازی کورد تەسلیمی ئەو نازانم ناوی لێ بنێم تەبلیغات ناوی لێ بنێم تەوەهووم تەسلیمی نەبێ، چونکی کورد ئێستاش خەتەری ئەوەی لەسەرە سبەینێ دوچاری خەباتی چەکدارانە ببێتەوە وەکوو گوتیشم ئەگەر مافەکانیشی وەدەست بێنێ بۆ پاراستنی هەر دەبێ هێزی پێشمەرگەی هەبێ. ئێمە لە بەرنامەی حیزبیشدا ئەوەمان هەیە کە ئەگەر حکوومەتی کوردستانمان دامەزراند هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە پاراستنی ئەمنیەتی وڵات بەدەستەوە دەگرن، دیارە ئەوە مەفهوومی خۆی هەیە کە دەڵێین هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە کە لێرەدا شەرحی بەرنامە ناکەین. لە پاشان بەتایبەتی بۆ ئێمەی دێموکرات با کەس فێرمان نەکا خەباتی ئاشتیخوازانە باشە، چونکی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە حیزبەکەمان لەسەر مەبنای ئەوە دانراوە کە مەسەلەی کوردستان بە چەک چارەسەر نابێ. ئەو وەختیش کە ئەوەمان گوتوە ڕاست دوو تەرەفمان مەقسوود بووە یەکێکیان ئەوەی ئێمە ناتوانین بە چەک دەوڵەتەکان بەچۆکدا بێنین، یەکیشیان ئەوە کە دەوڵەتەکان ناتوانن بە چەک ئێمە بەچۆکدا بێنن و وا بکەن ئێمە واز لە ماف و داخوازییەکانمان بێنین. کەوابێ ئێمە لەوەدا زۆر کۆنین دەتوانم بڵێم پێشەنگین حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە پێشەنگە، تەنانەت وەختێکی ئێمە ئەوەمان دەگوت هیزی سیاسیی دیکە هەبوون ئێرانییش و تەنانەت کوردستانییش کە دەیانگوت ئازادی لە لوولەی تفەنگ دێتە دەرێ. ئێمە کە دەمانگوت ئاشتی باشە پێیان دەگوتین سازشکار، با کەس فێری ئاشتیخوازیمان نەکا.

**لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشتییش هەر بە شەڕ دەپارێزرێ؟**

بەڵێ بەڵێ ئوسوولەن ئێمە زۆر جار گوتوومانە شەڕەکەشمان بۆ ئاشتییە، پاشان ئاشتی ئەگەر قووەتی لە پشت نەبێ مادام جامێعە ئەوەندە پێش نەکەوتوە کە باوەڕی بە ماف و ئازادیی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ هەبێ ئاشتییەک قووەتی لە پشت نەبێ شانسی بەردەوامبوونی نیە.

**مامۆستا! جەنابت لە پێشوازیی ڕۆژی پێشمەرگەدا بابەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشت لە ئەکاونتی خۆت لە فەیسبووکدا بڵاو کردەوە لەوێدا بەداخبوونی خۆت لە یەک شتیش دەربڕیوەکە بەڕاستی پرسیاری زۆر خەڵکە کە بەشێکی زۆر و هێزێکی گەورەی باکووری کوردستان نازناوی پێشمەرگەی لەسەر هێزەکانی خۆی دانەناوە و بە گریلا ناویان دەبا. ئەوە هیچ لە ئەسڵی قەزییەکە دەگۆڕێ لەسەر تەعریف و نەقشی پێشمەرگە؟**

نا خۆ ئێمە هەر وەکوو ڕێز و قەدر بۆ خەبات و فیداکاریی پێشمەرگە دادەنێین بۆ ئەوانەی ناویان پێشمەرگەیە هەر ئاواش بۆ ئەوانەوی ناویان گریلایە بۆ فیداکارییەکەیان ڕێز دادەنێین، یان ئەوانەی کە لە سووریە ناوی شەڕڤانیان لەسەر دانراوە، بەڵام ئەو کارەی (پ.ک.ک) کە لە واقیعدا ئەوی سووریەش لە ژێر تەئسیری ئەودایە دوو شتی تێدایە؛ یەکیان دەرچوونە لە ئیجماعی هێزە سیاسییەکانی کورد کە ئەوە باش نیە، ئەوی دیکەیان ئەوەیە ئەو ناوە شیرینە ئەو ناوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد هەڵدەگرێ ناوێکی نامۆ و بێگانە یان ناوێکی بەڕاستی بێ نێوەرۆکی لەسەر دادەنێ، مەسەلەن هەزار پەرژینی بەگوڵ بێ داعشیش شەڕڤانە، هەرکەس شەڕ بکا شەڕڤانە. بەڵام ئەوەی خۆی بۆ ماف و ئازادیی میللەتی کورد بە کوشت بدا ئەو پێشمەرگەیە. بۆیە هەم ئەو ناوە حەیفە حەزف بکرێ هەم لەو ئیجماعدەرچوونە باش نیە. هەروەکوو لە باری دیکەشەوە جاروبار ئاوا دەرچوون. مەسەلەن خۆ ئێستا ئەو ئاڵایەی لە کوردستان پەسەند کراوە و ئاڵایەکی ڕەسمییە ئێمە وەک هەمبەستگی هەڵیدەگرین، دەنا ئەگەر سبەینێ ئێمە کوردستانی گەورەمان هەبێ ڕەنگە بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر کوردستانی ئێران وەزعیەتێکی وەک کوردستانی عیراقی بۆ پێک بێ قانوونی نێونەتەوەیی ڕێگەمان نادا عەینی ئەو ئاڵایە هەڵکەین. دەبێ ئاڵایەکی دیکە بێ، ڕەنگە تۆزێک وەک یەک بچن بەڵام نابێ یەک شت بن. باشە لەوێدا بۆ ئێمە لێک بترازێین بۆ هەمووومان شتێک نەکەینە سێمبول؟ بەداخەوە ئەوان وایان بە باش زانیوە کە لە هەموو شتێکدا هی خۆیان هەبێ.

**مامۆستا! هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیجماع و ئەو سێمبولەی کە جەنابت باست کردبوو جەنابت پێت باش بوو کە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو پێشنیارە وەک حیزبی دێموکرات دراوە بە لایەنێکی دیکە یان بە حکوومەتی هەریم و بە هێزەکانی دیکە یان هەر وەک پێشنیاری جەنابتانە؟**

پێموایە پێرارەکە بوو هەر کە باسی ڕۆژی پێشمەرگە کرا لە تەرەف ئێمەوە، لە تەرەف حیزبی دێموکراتەوە پێشنیهاد بە هێزە سیاسییەکانی کوردی باشوور و بە حکوومەتی هەرێمیش کرا کە لە پێش چاو بگیرێ و دابنرێ.

**مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوە کاتەی تەرخانت کرد بۆ ئەم وتووێژە.**

–سوپاس بۆ ئێوەش.

# ڕوونکردنەوەی هاوبەشی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران

دوای چەند مانگ گفتگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا، ڕۆژی ١٨ی نوامبری ٢٠١٧ لە شاری کۆڵنی ئاڵمان، دە لایەن و ڕێکخراوی سیاسیی ئێران و کوردستان (لەنێو واندا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان) بە پەسندکردنی ڕێککەوتننامەیەکی پێشنیاری، بنەماکانی چوارچێوەیەکی نوێی هاوکاری لەژێر ناوی «شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێران»یان ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەدا کە لەنێو بیروڕای گشتی و هۆگرانی پرسی دێموکڕاسی و مافی نەتەوایەتی لە ئێران ئەم کارە وەک هەر هەنگاوێک کە یارمەتی بە یەکڕیزی و هاوخەباتیی هێز و لایەنەکان دەدا پێشوازیی لێ کرا، بەڵام هاوکات کەوتە بەر ڕەخنە و گازندەی هێندێک کەس و لایەنیش بۆ ئەوەی لە ڕێگای بەرجەستەکردنەوەی تەفسیری خۆیان لە هێندێک دەستەواژەی ڕێککەوتننامەکە، لایەنە موسبەت و بەهێزەکانی بشارنەوە. لەپێوەندی لەگەڵ ئەم قسە و باسانەدا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بە پێویست دەزانن:

١) پاش دەیان ساڵ لە سیاسەتی سەرکوت و ئینکاری دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران دەرهەق بە گەلی کورد و بێباوەڕیی بەشی زۆری لایەنە ئێرانییەکان بە جەوهەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلان لە ئێران، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد و ئەزموونی ڕابردووی بزووتنەوەی ئەو گەلە و بەگشتی واقعییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ستراتژیی هەرە دروست بۆ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەولەوییەتدان بە فاکتەری کورد و بەهێزکردنی قورسایی کورد و ڕێکخستنی نێوماڵی ئەو گەلەیە. هەر لەو چوارچێوەیەدا وێڕای پێداگری لەسەر پێویستی و هەقانیەتی گوتار و ستراتژییەکی پتەوی نەتەوایەتی کە لەڕووی فیکری و سیاسییەوە پاشکۆی هیچ کوییەک نەبێ، هاوخەباتی و یەکگرتنی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پرەنسیپ و لەژێر چەترێکی هاوبەشدا، هەروەک ڕابردوو ئامانجی ئێمەیە و لەمەودواش لەسەری بەردەوام دەبین.

٢) ئامانجی نەتەوایەتی و ئەولەوییەت بەخشین بە قورسایی خودی بزووتنەوەی کورد نابێ بە مانای پشتگوێخستنی بازنەکانی دیکەی کاری سیاسی و خەباتی هاوبەش لە ئاستی ئێراندا بێ. واقعییەتەکانی پێوەندیی کورد و دەسەڵات لە ئێران و جۆری بیرکردنەوەی بژاردە و هێزە ئێرانییەکان هەر چەندێک نادڵخواز بێ، لۆبیگەری بۆ مافە نەتەوایەتییەکان لە فەزای گشتیی ئێرانیدا و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانە و دروستکردنی لانیکەمێک لە لێکگەیشتن و هاوخەباتی سەبارەت بە ئەلترناتیڤی کۆماری ئیسلامی، پێویستییەکی روون و حاشاهەڵنەگرە.

٣) پێکهێنانی شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێران بەدژایەتی لەگەڵ هیچ هاوپەیمانەتییەکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک نەهاتووە. مەبەست لەم هەنگاوە پڕکردنەوەی بۆشاییەکە کە تا ئێستا لەم پێوەندییەدا هەبووە. کەموکوڕیی ئەو هاوپەیمانی و فۆڕۆمانەی تا ئێستا لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هەوڵی دروستکردنیان دراوە ئەوەیە کە یان تایبەت بوون بە هێزەکانی سەر بە گەلانی ئێران، یان تەنیا بە دید و ڕوانینێکی سەراسەرییەوە پێک هاتوون. شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێران لە ڕاستیدا بۆ وڵامدانەوە بەو پێویستییە پێک هاتووە کە هەردوو بزاڤی نەتەوایەتی و دێموکراسیخوازی بە کردەوە و لە ئاستی هێز و ڕێکخراوەکاندا پێکەوە ببەسترێنەوە. پێکهاتنی ئەم شووڕایە ڕێگر نیە نە لەبەردەم هاوکاریی هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتر و نە لەبەردەم درێژەدان و بە ئەنجامگەیاندنی ئەو گفتگۆیانەی لەنێوان هێزەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ساڵانێکە لە ئارادان. هەر ئەوە کە بەشێک لە هێزەکانی ئەندام لەو شووڕایە هەر ئێستا لە هاوپەیمانەتییەکی دیکەدا هەن، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بوون لەم هاوپەیمانەتییەدا بە مانای دژایەتی یا کشانەوە لە هاوپەیمانەتییەکی دیکە نیە. ئێستاش داوا لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو لایەنە ئێرانییانەی باوەڕیان بەو بنەمایانە هەیە دەکەین پشتیوانیی خۆیانی لێ ڕابگەیەنن و بە پەیوەست بوونیان بەم چوارچێوەیە یارمەتی بە باشترکردنی مەبەست و ڕێکارەکانی و وەدیهێنانی پرەنسیپ و ئامانجەکانی بکەن.

٤) ڕێککەوتنێک کە لە کۆڵنی ئاڵمان ڕاگەیاندراوە وەک هەر ڕێککەوتنێکی دیکە بەرهەمی گفتگۆ و دانوستانە. لەجێدا چاوەڕوانیی ئەوە کە ڕێککەوتنێکی سیاسی بە تەواوی ڕەنگدانەوەی بەرنامەی سیاسیی تەنیا لایەنێکی بەشدار لە ڕێککەوتنەکەدا بێ، چاوەڕانییەکی ناواقعبینانەیە. بەوحاڵەش ئەم ڕێککەوتنە دژایەتیی بنەڕەتیی لەگەڵ بەرنامە و ستراتژیی هیچکام لە هێزە کوردییەکانی بەشدار لە ڕێککەوتنەکە و زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی نێو بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات نیە. ئەوە کە ناوەندی قورسایی فیکری و سیاسیی بزوتنەوەی کورد لە ئێران هەتا دێ لەسەر واقعییەتەکانی تایبەت بە خودی ڕۆژهەڵات چڕ دەبێتەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و پێویستە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش پێش هەموو شتێک بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە و هەستیاریی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و دۆخی سەخت و نارەوای داسەپاو بەسەر گەلەکەمان بجووڵێنەوە. بەڵام لەو شوێنەدا کە قسە لە چارەسەری پرسی کورد دەکرێ، بەرنامەی سیاسیی زۆربەی نزیک بە تەواوی هێزەکانی ڕۆژهەڵات هێشتا وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکڕاتیکی فیدرڕاڵ لەسەر بنەمای نەتەوەیی و جوغرافیاییە. ڕاستییەک کە ڕەخنەگرانی ئەم ڕێککەوتننامەیە نەیاندیتوە یا نایانهەوێ ببینن ئەوەیە کە ئەم دەقە دانپێدانانی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە «فرەنەتەوە بوونی ئێران» و «مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی نێو ئەو وڵاتە» و پێویستیی «دامەزراندنی سیستمێکی دێموکڕاتیکی فیدرڕاڵ» کە لەودا «دەسەڵاتی سیاسی و سەرچاوە ئابوورییەکان بە یەکسانی لەنێوان میللییەتەکاندا دابەش کرابێ» لە خۆی دەگرێ. قورسایی لایەنەکانی نێو ئەم شووڕایە و کارایی سیاسی شووڕا لە ئایندەدا هەرچییەک بێ، ئەوە کە ئەم هەنگاوە کۆمەڵێک تابووی شکاندوە و دەتوانێ هەنگاوی زیاتر و بەرفراوانتر بەدووی خۆیدا بێنێ، حاشای لێ ناکرێ.

٥- ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئاماژە بە یەکپارچەیی خاکی ئێرانیش، سەرفەنەزەر لەوە کە هەروەک گوترا بەرنامەی سیاسیی هیچکام لە هێزە سەرەکییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیابوونەوە لە ئێران لە خۆ ناگرێ، جێکردنەوەی ئەم پرەنسیپە کە بۆ هێزە سیاسییەکانی ئێران گرینگە و لە مەتنە سیاسی و حقووقییە هاوشێوەکاندا شتێکی سەیر و نوێ نیە، تەنیا بەو مەرجە قبووڵ کراوە کە ئەم یەکپارچەییەی وڵات ببەسترێتەوە بە پابەندی بە بنەماکانی یەکسانی و پێکەوەژیان و دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە. لەڕاستیدا ئەم بەندە پێش ئەوەی بە مانای جێخستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران بێ (شتێک کە تا ئێستا هەر هەبووە)، بە مانای ئەوەیە کە لە حاڵەتێکدا کە مافە نەتەوایەتییەکان و یەکسانیی گەلانی ئێران لەبەرچاو نەگیرێ، گەلانی ئەم وڵاتە بە یەکپارچەیی وڵاتی ئێران وەک یەکەیەکی سیاسی پابەند نابن و پێکەوەژیانی ئەو گەلانە شتێکی ئارەزوومەندانە و بەرهەمی بە ڕەسمی ناسین و جێبەجێکردنی مافی وەک یەک بۆ هەموانە.

٦) سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و خەبات بەدژی ئەو ڕێژیمە، بەپێچەوانەی ئیدیعای هێندێک لە ڕەخنەگرانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێران نە دابینبوونی دێموکڕاسی و مافی نەتەوایەتی لەژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا بە مومکین دەزانێ و نە هیچ شێوازێکی خەباتیش بەدژی ئەو ڕێژیمە ڕەت دەکاتەوە. لە پێشەکیی ئەو ڕێککەوتنەدا بە ڕوونی باس لە «پێویستیی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی» کراوە و ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر مێتۆدەکانی خەباتیش، لەگەڵ ئەوەدا کە ئاماژە بە خەباتی ئاشتیخوازانە کراوە، هاوکات ئیشارە بە "متدهای مقتضی"واتە شێوازە پێویستەکان کراوە کە ئەمەش داننانە بە مافی بەرگریی ڕەوا کە بۆ گەلی کورد بە واتای دیفاع و بەرگری چەکدارانەیە لە مافەکانی خۆی.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**١٩ی دێسامبری ٢٠١٧**
**٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٦**

# مانگێک دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان، دۆخی خەڵک و بەرپرسایەتییەکان

زیاتر لە مانگێک لە بوومەلەرزەکەی ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری پارێزگای کرماشان تێدەپەڕێ. جۆش و خرۆشەکەی ڕۆژانی سەرەتای کارەساتەکە تا ڕادەیەک دامرکاوە و ماونەتەوە خەڵکی دەیان هەزار کەس خەڵکی زیاندیتوو، شار و گوندە کاولبووەکان و ترس و دڵەڕاوکێی ژیان لە خێوەتدا، ئەویش لە وەرزی سەرما و زستانی تووشدا.

وێرانی بە زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی شاری سەرپێڵی زەهاوەوە دیارە و خەڵکێکی کەم لە ماڵەکاندا دەژین، بەڵام خاکەچۆڵ و پارک و بڵوارەکان پڕە لەو خێوەتانەی خەڵکانێک کە هیچ سەرپەنایەکی دی شک نابەن تێیدا دەژین.

ئەگەرچی لە ئێستادا هاتوچۆی خەڵکی یارمەتیدەر بۆ شار کەم بۆتەوە، بەڵام تابڵۆکانی سپاس و پێزانینی خەڵک لە زۆر شوێنی شار بەرچاو دەکەون؛ ئەو تابڵۆیانەی سپاسی خەڵک دەکەن و تیر و توانجیان لە دەوڵەت داوە.

وێرانەکان، ماڵە نیوەڕووخاو و نیوە لەسەر لاق ڕاوەستاوەکان هەموو پێمان دەڵێن ئەو شارە پێش بوومەلەرزەکەش هێندە ئاوەدان نەبووە و حوکمەت گرینگییەکی ئەوتۆی نەداوەتێ. کارناسان دەڵێن زۆربەی خانووبەرەکان لەوشارە هەر لە گۆترە ساز کراون، نە کەرەستەی باشیان تێدا بەکار هاتوە و نە چاوەدێرییەکی حکومەتیی بەسەریانەوە بووە.

مەزراکانی گەنمەشامیی خەڵک لە ناوچە هێشتا بەپێوەن، بەڵام وادیارە ئەو گوندییانەش کە ساغ و سلامەت لەو کارەساتە دەرچوون هیچ ئیشتیایەکیان بۆ هەڵگرتنەوەی خەلە و خەرمانیان نەبێ. «دلێر» وەرزێڕ و ژیانی خۆی و خێزانەکەی بە کار لەسەر هێکتارێک زەویی دێم بەڕێ دەکرد. ئەو کە ئێستا لەگەڵ ژن و منداڵەکانی لە خێوەتێک لە تەنیشت داروپەردووی ماڵە کاولبووەکەیدا دەژی، دەڵێ کاتێک خەڵک دێنە سەردانمان خەمی مردنی کوڕەکەم بیر دەچێتەوە، بەڵام کە تەنیا دەبینەوە دیسان برینی مەرگی کوڕە جوانەکەی کە بە دەستی خۆی لە بن داروپەردووی ماڵەکەی دەری هێناوە، کزە لە جەرگی دێنێ، برینێک کە دەڵێ قەت سارێژ نابێ.

دلێر دەڵێ ئەگەر خەڵک فریایان نەکەوتبان ئێستا زۆربەی خەڵکی ئەو گوندە نەمابوون، چونکی زۆربەیان کەوتبوونە بن داروپەردووەکان و بە یارمەتیی ئەوان لە مردن ڕزگاریان بووە.

تازەلاوێکی گوندێکی دی کە ماڵەکەیان تەختی زەوی بووە، دەڵێ: ئێرە ماڵی ئێمە بوو. چوار کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەم کەوتنە بن داروپەردوو و گیانیان لە دەست دا و ئەوانی دیکەش بریندارن و ئێستاش لە نەخۆشخانەی شارەکانی دیکەن. ئەو کە دەڵێ هیچی لە ژیاندا بۆ نەماوەتەوە لە حوکمەت توورەیە و دەڵێ پێیان گوتوین ٢٥ میلیون تمەنتان وام دەدەینێ، بەڵام کەس ناڵێ باشە بەوەندە پووڵە چ دەکرێ و بە کام هێز و توناناوە ئەوەی لە دەستمان داوە بیگەڕێنینەوە؟

ڕۆژ و شەوەکان لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان جیاوازن. ڕۆژ کە ئاوا دەبێ و لەگەڵ داکشانی تاریکی و هەڵکردنی سەرمای تاقەتپڕووکێن، ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکیش زیاتر دەبن. هەر هەموو سەرپەنای خەڵکەکە خێوەتێکە کە نایلۆنیان بەسەردا کێشاوە بۆ ئەوەی بەفروبارانی کتوپڕ کاریان تێنەکا و لە سەرماوەزە سارد و تووشەدا پارێزراو بن. هەر هەموو سامانی نێو خێوەتەکانیش چەند قاپ و قابڵەمە و جلوبەرگ و پەتۆ و سۆبەیەکی کارەباییە کە لە دارتێکەکانەوە برقیان بۆ ڕاکێشاوە.

لاوێکی دیکە کە هەموو گیانی تەپوتۆزە و زۆر چڵکن دیارە، دەڵێ دوو حەوتووە خۆی نەشتووە. ئەو دەڵێ حەماممان نیە، ئاوی گەرممان نییە و هەواش ساردە و ناتوانین ئاوی سارد بە خۆماندا بکەین. ئاودەستەکانیشمان ژوورێکی یەک لە یەک مترین و چەند ڕۆژ لەوە پێش بە بلووک دروستمان کردوون و نە ئاویان هەیە و نە پاشەڕۆیان دەردەچێ.

ئەو لاوە کە ترس لە داهاتوو هەموو بیرکردنەوەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە، دەڵێ: حەمام و ئاودەست گرینگ نین، نەش بن جارێ هیچ نییە. نیگەرانی داهاتووین. بە ٢٥ میلیۆن تمەن وام چۆن دەتوانین ماڵە کاولبووەکانمان دروست بکەینەوە، لە حاڵێکدا لە هەواڵەکاندا هاتبوو کاربەدەستێک کابینێت (جێی قاپ و قاچاغ)ی چێشتخانەکەی بایی ٥٠ میلیۆن تمەن بووە.

خەڵک هەموو بەگلەیی و بەپرسیارن. ئەوان دەپرسن دەوڵەت بەپێی کام لێکدانەوە و بەراوردکاری دەیەوێ بە پێدانی ٢٥ میلیون تمەن وام داوای ئەو خەڵکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە کە ماڵەکانیان تەختی زەوی بوون؟ پێودانگەکانی ئەو لێکدانەوەیەی دەوڵەت چی بوون و کابرایەکی گوندی چۆن بتوانێ بە ٢٥ میلیۆن تمەن ماڵەکەی نۆژەن بکاتەوە، کەلوپەلی ماڵ و ژیانیان کە هەموو لە بن داروپەردووکاندا تێداچوون بکڕنەوە و کادێن و تەویلە هەڵبەستێ؟ بەڕاست دەوڵەت چوان توانیویەتی نرخی نۆێکردنەوەی ژیانێکی لێک هەڵتەکاو و وێرانبوو بە ٢٥ میلیۆن تمەن بقەبڵێنێ؟

# گەندەڵی و خۆرکە ئابوورییەکانی دیکەی ئێران

سامرەند عەتری

**ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەڵێ ٧٠ کاربەدەستی ئێران سامانێکی زۆروزەوەندیان وەدەست هێناوە و ئەو سامانە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان و قەیرانخولقێنی لە ناوچە و جیهان لە بەرژەوەندیی ڕێژیمە سیاسییەکەیاندا بەکار دێنن. کاربەدەستە باڵاکانی ڕێژیمی ئێران، لە سەروویانەوە ڕێبەری ڕێژیم لە ڕێی سیستەمێکی داپڵۆسێنەر، گەندەڵ و نهێنییەوە سامانێکی زۆر و زەوەندیان وەسەریەک ناوە. ئەو٧٠ بۆ ٨٠ کاربەدەستە سیاسی و سەربازییە باڵایەی ڕێژیمی تاران، یەک لەسەر سێی سەرلەبەری ئابووریی نێوخۆی ئێرانیان پاوان کردوە**

گەندەڵی و بێکاری لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا گەیشتوونەتە ئاستێک، کە کاربەدەستانی ڕێژیمی تیرۆریستپەروەر و تا سەر ئێسقان گەندەڵی ئێرانیشی وەدەنگ هێناوە.

سەرۆکی ژووری بازرگانیی تاران، مەسعوود خانساری دەڵێ، دۆخی گەندەڵی لە وڵاتدا ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. بە گوێرەی قسەکانی ئەو کاربەدەستەی ڕێژیم هەرئێستا نیزیکەی یەک میلیۆن و نیو خەڵکی ئێران بارگەیان تێکەوەپێچاوە بۆ ئەوەی لە ئێران دەرباز بن و ڕوو لە هەندەران بکەن، کە زۆربەی هەرەزۆرەی ئەو ژمارە کۆچەرەش کەسانی نوخبە و خوێندەواری خاوەن بڕوانامەی بەرزن.

مەسعوود خانساری، کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی خەزەڵوەر بۆ هەواڵدەریی میهری ڕێژیم دواوە، گوتوویەتی: هەرئێستا زیاتر لە ٣ ملیۆن و نیو بێکار لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەن، کە زۆربەی هەرەزۆریان کەسانی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی زانکۆن. هەڵبەت چاودێران و کارناسانی سەربەخۆ دەڵێن ئاماری ڕاستەقینەی بێکارەکانی وڵات چەند هێندەی ئامارە ڕەسمییەکانە کە دەگوترێن.

خانساری لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ: پێچەڵپێچیی توێژی بێکارانی ئێستا یەکێک لەو بابەتانەیە کە دۆخی بێکاریی ئێستای لەچاو ڕابردوو زۆر دژوارتر کردووە و، ددانی پێدا دەنێ کە ‹‹گەشەی نەرێنی (مەنفی)ی سەرمایەگوزارییش دەردی سەرباری هەموو دەردان و یەکێکی دی لە هۆکارەکانی ئەو دۆخەیە.››

سەرۆکی ژووری بازرگانیی تاران باسی ئەوەی کردووە، کە ڕێژیم پێویستی بە ڕاکێشانی ٥٠ ملیارد سەرمایەگوزاریی دەرەکی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ گەشە ئابوورییەکەی بگەیەنێتە سەدی٨، ئەمەش لە کاتێک دایە، کە بە هۆی بەرنامەی مووشەکی و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئابووریی ئێران خراوەتە ژێر گەمارۆی نێوەدەوڵەتییەوە و سەرمایەگوزارانی دەرەکیش ناوێرن لە نێو ئێراندا وەبەرهێنان بکەن.

لە قسەکانی مەسعوود خانساریدا گرفتەکانی سیستەمی بانکییش وەک یەکێک لە ململانێ گرینگەکانی ئابووریی ئێستای ئێران باسی لێوە کراوە. ناوبراو گوتوویەتی: ‹‹ئەم سیستەمە بانکییەی ئێستا ناتوانێ سەرچاوە داراییەکانی سەرمایەگوزاری دابین بکا.››

یەکێکی دیکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران، کە خانساری باسی لێ کردووە، قەرزی زۆر گەورە و نەبوونی بودجەیە وەکوو یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی سەندووقی خانەنشینیی وڵات.

خانساری باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو تەڵاق و ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و کوشتنی کردوە و ڕاکردنی مێشکە بەهرەدارەکان و کەمبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیشی بە دوو ململانێی گەورەی ڕێژیمی ئێران لەقەڵەم داوە و گوتوویەتی: ‹‹کۆچکردنی یەک و نیو ملیۆن کەسی خوێندەوار مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر وڵات.››

خانساری پێی وایە هۆکاری کۆچکردنی ئەو خەڵکە ‹‹ئەو قەیرانی بێ متمانەبوونەیە کە سەرلەبەری وڵاتی گرتووەتەوە و وەکوو خۆرە هەموو جومگەکانی وڵاتی تەنیوەتەوە، کە بنەمای هەمووی ئەو بێمتانەییەش دەگەڕێتەوە سەر گەندەڵی››، کە سەرلەبەری پێکهاتەی ڕێژیمی داگرتووە.

خانساری دەڵێ: ‹‹لە ساڵی ١٣٩٠ەوە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەرچووە، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی گەندەڵی لە سەرانسەری وڵاتدا گەشەی کردووە.››

کارناسانی ئابووری دەڵێن پاوانکردنی ئابووریی ئێران لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە هۆکارێکی دیکەی گەندەڵی و ئەو دۆخەیە کە بەسەر ئێران هاتووە.

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە پەسندکردنی پڕۆژەیاسای بڵاوکردنەوەی داراییی ڕێبەرانی ئێران ڕایگەیاند کە٧٠ کاربەدەستی ئێران سامانێکی زۆروزەوەندیان وەدەست هێناوە و ئەو سامانە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان و قەیرانخولقێنی لە ناوچە و جیهان لە بەرژەوەندیی ڕێژیمە سیاسییەکەیاندا بەکار دێنن.


ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەڵێ کاربەدەستە باڵاکانی ڕێژیمی ئێران، لە سەروویانەوە ڕێبەری ڕێژیم و کاربەدەستە سەرەکییە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران، لە ڕێی سیستەمێکی داپڵۆسێنەر، گەندەڵ و نهێنییەوە سامانێکی زۆر و زەوەندیان وەسەریەک ناوە. ئەو٧٠ بۆ ٨٠ کاربەدەستە سیاسی و سەربازییە باڵایەی ڕێژیمی تاران، یەک لەسەر سێی سەرلەبەری ئابووریی نێوخۆی ئێرانیان پاوان کردوە و ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو گەندەڵیی زیاتر دەچێ.

بەڵام ڕێگاکانی نەهێشتنی گەندەڵی چین و بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێوشوێنانە ناگرنە بەر؟

پێشگیری و چاودێری دوو ڕێگای گشتی و بنەرەتیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەموو نیزامێکی سیاسی و بەڕێوەبەرین.

پێڕاگەیشتن و بەڕۆژکردنی نیزامی ئیداری، فێرکاریی پەروەردەیی بۆ بەگژداچوونەوەی لادان و گەندەڵی، چاکسازی لە پێکهاتە حکومییەکان، بردنەسەرێی ئاستی وەڵامدەربوونی دەزگا و ناوەندە حکومییەکان بە خەڵک، ڕێگەپێدان بە میدیا بۆ چاودێریی ئازاد بەسەر کاروباری دەوڵەتدا، ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی کاربەدەستان بەر لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی و دوای جێهێشتن، یان دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەکان، بەهێزکردنی متمانەی خەڵک بە دەوڵەت لە ڕێگەی سەربەخۆکردنی دەزگای داد و نیزامی قەزایی، گۆڕینی قانوونە ناتەباکان لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی دۆخ و ژیانی خەڵک؛ هەموو ئەوانە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی گەندەڵییەکاندا ڕۆڵ ببینن، بەڵام ئەو ڕێکارانە بەر لە هەموو شتێک ئیرادەی سیاسی و بڕیاری لێبڕاوی دەوێ، کە لە کۆماری ئیسلامیدا نییە، چونکە بۆخۆیان بەرهەمی گەندەڵین و نان و بژیویان لە گەندەڵمانەوەی نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتدایە.

# پاشخانی ئاڵا و پێشمەرگە لە میراتی کۆماری کوردستاندا



عومەر باڵەکی

ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ١٣٢٠ لە ئێران بووە هۆی دروستبوونی بەتاڵایی دەسەڵات لە بەشێکی زۆرلە ئێران بە تایبەتی لە کوردستان کە بەشێکی لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت وبەشێکی لە لایەن بریتانیاوە داگیر کرابوو. لەو بارودۆخەدا دەسەڵاتی ناوەندی هیچ حوکمێکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەبوو وزەروورەت وای دەخواست کە ئەو هەلە بقۆزرێتەوە و خەڵک بۆ خۆی دەسەڵاتی خۆی بگرێتە دەست. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵەی ژی – کاف کە ڕێکخراوێکی چالاک و نهێنی



بوو و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی کورد خەباتی دەکرد، خۆی هەڵوەشاند و لە قالبی ڕێکخراوێکی سەردەمیانەتر و لە شێوەی چالاکیی ئاشکرادا و لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خۆی ڕێک خستەوە.

حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا کە هەلێک بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد هەڵکەوتبوو، دەبوو دوو کاری پێویستی کردبان، یەکەم هێزێکی چەکداری تۆکمە و ڕێکخراو پێکبێنێ و دووهەم ڕەمز و سیمبولێک دروست بکا کە نەتەوەی کورد بە گشتی وگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە دەوری کۆ ببنەوە وببێتە شوناس وپیناسێک بۆ ناسینەوەی کورد لە هەر شوێنێکی ئەو دنیا پان وبەرینەدا.

لەو سەردەمدا بە هۆی تێکچوونی ڕێکخستنی سپای ئێران چەک وتەقەمەنییەکی زۆر کەوتبووە دەست خەڵک. پادگانەکان چەک کرابوون، بەشێکی زۆر لە خەڵک چەکیان لە سەربازە هەڵاتووەکان کڕیبوو، یان سەربازە کوردەکان بە چەکی خۆیانەوە گەڕابوونەوە ماڵێ و؛ لەو بارودۆخەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان وەخۆ کەوت وداوای لە هەموو تاکێکی کوردوهەموو هۆز وعەشیرەکان کردتا خۆیان لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتدا ناونووس بکەن. بەم شێوەیە بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگە بە شیوەی هێزێکی ڕێکخراو لە سەر دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان داندرا کە دواتر لە مێژووی هاوچەرخدا بوو بە ڕەمزی خۆڕاگری وجێگای شانازیی نەتەوەی کورد.

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە کۆبوونەوەیەکی ئەفسەرانی کۆماردا(١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) نازناوی پێشمەرگە لە سەر هێزی سەربازیی کورد داندرا و بەم شێوەیە کوردستان بوو بە خاوەنی هێزی پێشمەرگەکە هەموومان دەزانین لەماوەی حەوت دەیەی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورددا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکردووە و هەر ئەو فیداکارییانە بوونەتە هۆکارێکی گرینگ کە نازناوی «پێشمەرگە» سنوورەکانی کوردستان ببڕێ و لە قامووسی جیهانی وشە دا خۆی ببینێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٣دا بۆ ڕێزلێنان لە خەبات وقوربانیدانی هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی _کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانە_ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرد.

«ئاڵا» وەک سیمبولێکی نەتەوەیی هاوچەرخ پێویستییەکی دیکەی بوو کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەبوا هەڵیان دابا. دیارە کورد تا ئەوکات چەند ئاڵای دیکەی بوو کە لە شۆڕشە جیاوازەکاندا وەک پێناسەی ئەو شۆڕشە و بە ناوی ئاڵای کوردەوە هەڵدرابوون؛ وەک: ئاڵای ڕاپەڕینی بدلیس لە ساڵی ١٩١٤کە پارچەیەکی زێڕینی نەخشێندراو بە ئایەتێکی قورئان بوو؛ ئاڵای ڕاپەڕینی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ کە پارچەیەکی تەختسەوز بوو و مانگێکی سووری لە نێوەڕاستی دابوو؛ ئاڵای ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩٢٢ کە لەسەری نوسرابوو کوردستانی ئازاد؛ ئاڵای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ کە پارچەیەکی تەواو سەوز بوو و خۆرێکی لە نێوەڕاستدا بوو؛ ئاڵای حیزبی ئازادیی کوردستان لە ١٩٣٨ کە بە وێنەی دوو خەنجەر وسێ ئەستیرە نەخشێندرابوو.

لە حکومەتی کۆماری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٤٥ ئاڵایەک هەڵدرا کە لە سێڕەنگی سوور وسپی وسەوزپێکدەهات و ئارم ونیشانەی حیزبی دیموکرات لە نێوەڕاستی ئاڵاکەدا نەخشێندرابوو. دوای پێنج دەیە لە باشووری کوردستان، پاڕلمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١بڕیاری دا کە هەمان ئاڵای کۆماری کوردستان هەڵبدری بەو جیاوازییەکە لە نێوەڕاستی ئەو ئاڵایەداخۆرێک بە٢١تێشکەوە بدرەوشێتەوە، دواجار لە ساڵی ١٩٩٩دا پارلمانی هەرێمی کوردستانبڕیاری دا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕەسمی بکرێتە ڕۆژی ئاڵا.



> هێنانەخواریی ئاڵای ئێران و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان مانگێک پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کارێک و بڕیارێکی هەروا سادە و کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو ڕیشەی لە خەباتێکی دووروودرێژ دابوو، هەربۆیە ئێستاشی لەگەل بێ ئەو ئاڵایە هەمان ڕۆڵ دەبینی کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان کاریان بۆ دەکرد و لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەخشی

هەڵبەت لە ساڵی١٩٢٠دا جەمعیەتی تەعالی وتەرەقی ئاڵایەک دروست دەکەن کە ئەو سێ ڕەنگەی ئێستای ئاڵای کوردستانی تێدا بەکار هاتووە و خۆرێک لە نێوەڕاستی ئاڵاکەدا بووە و زەمینەی کارتی پێناسی ئەندامەکانیان بەو ئاڵایە نەخشێندراوە. هەر ئەو ئاڵایە لە شۆڕشی ئاراراتدا لە تەنیشت ئاڵای شۆڕشەکە هەڵدراوە.

مێژووی هەڵکردنی ئاڵا لە کوردستان لەوەش بەولاوەتر دەچێ. زۆربەی دەسەڵاتدارەتی و میرنشینەکان لە مێژووی کورددا خاوەنی ئاڵا و تەنانەت سکە و دراوی خۆیان بوون، بەڵام ئەو هێما و سیمبولانە تەنیا لە چوارچێوەی میرایەتی و میرنشینیی خۆیاندا ماوەتەوە وئاڵاکەیان نەبۆتە ئاڵای نەتەوە تا لە پانتایی هەموو کوردستاندا بشەکێتەوە. هەر بۆیە هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٤٥ کە مانگێک دواتر کۆماری کوردستانیش ڕاگەیەندرا، گرینگیی مێژوویی هەیە.

لە گۆڤاری «کوردستان، ژمارە ٢»دا هاتووە: لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤(١٩٤٥)بە بەشداریی ١٠هەزار کەس و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ئاڵای کوردستان لەسەر سەربانی دەفتەری ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدرا وهەڵکردنی ئەوجارەی ئاڵای کوردستان جیاوازی زۆری هەبووە لە گەل جارەکانی دیکە کە ئاڵایان تێدا هەڵکراوە.

ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دا، حیزبێک بوو لە نێوخۆی خەڵکدا و لە شار و گوندەکانی کوردستاندا بە ئازادی تێکۆشانی هەبوو و بەرەو پێکهێنانی حکومەتیک دەچوو کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانی دەکرد، بەو مانایە لە حالی شۆڕشێکی چەکداری ولە شاخ نەبوو؛ بەڵکوو ماوەی چوار ساڵ بوو ڕێبەرانی پێکهێنەری حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد کۆمەڵگەیان بەرێوە دەبرد. پاشان هەڵکردنی ئاڵا دەستپێکی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوو.

ئاڵا نوینەرایەتیی ڕێبازی سیاسی، ئابووری،کۆمەڵایەتی و کلتووری نەتەوەی کورد وهەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکا. هەر لە پێوەندی لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستاندا چەند خاڵی دیکە گرینگن کە باسیان بکەین:

هەڵکردنی ئاڵا بە جۆرێک پەیامێکی ڕاستەوخۆی نەتەوەیی بوو هەم بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران و هەم بۆ هێزەکانی ڕووس وئینگلیس کە لە ناوچەکەدا بوون کە کوردیش نەتەوەیە و خاوەنی خاک و زمان و کلتوور و مێژووی خۆیەتی، هەربۆیە مافی خۆیەتی کە چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا. لەلایەکی دیکەوە لە تەورێز فیرقەی ئازەربایجان ئاڵای خۆیان هەڵدابوو وهەڵدانی ئاڵای کوردستانیش نیشانەی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان و جمهوریی ئازەربایجان دوو سیستەمی سیاسی _ نەتەوەیی لێک جیاوازن. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە هێنانەخواریی ئاڵای ئێران وهەڵکردنی ئاڵای کوردستان کارێک و بڕیارێکی هەروا سادە و کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو ڕیشەی لە خەباتێکی دووروودرێژ دابوو، هەربۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ئاڵایە هەمان ڕۆڵ دەبینی کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان کاریان بۆ دەکرد و لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەخشی.

### شەهیدانی یەلدای خوێناویی دێموکرات

# لە یەلدای لەدایکبوونی قاسملوودا بەزیندوویی دەمێننەوە



سمایل شەڕەفی

شەوی یەلدای ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی کە هاوکات بوو لە گەڵ ٨٥ ساڵەی لەدایکبوونی شەهیدی ڕێبەرمان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو؛ ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو، بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر سەرقاڵی جێژن و شادی و خۆشی بوون. تێکۆشەرانی دێموکرات کە هەموو ساڵێ لە شەوی یەلدا و بە بۆنەی ساڵرۆژی لەدایکبوونی شەهید قاسملووی ڕێبەریاندا ئەم یادەیان بە خۆشی و شادی تێدەپەڕاند، ئەمجاریان بە هۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن و تێرۆریستییەوە، کۆڕی شادی و خۆشییان تێکەڵ بە گرمە و دووکەڵ و خوێن کرا. لە دوایین ساتەکانی ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا و جێژنی لەدایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوودا، بە هۆی کەسێکی خایین و نیشتمانفرۆشەوە دوو تەقینەوە لە بەردەم قەڵای دێموکرات و نزیک لە شوێنی ڕێورەسمەکە ڕوویاندا کە، بەداخەوە لە ئاکامی ئەم کردەوە تێرۆریستییەدا، پێنج تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی؛ عەلی قۆیتاسی، وەهاب میرخزری، ئەرسەلان عەبباس‌نیا، سالار باقری، ناسر کەریمی و هەروەها دوو پێشمەرگە لە هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی باشووری کوردستان بە ناوەکانی عەدنان عەبدوڵڵا و سەنگەر ستار شەهید بوون.

ئەم کردەوە تێرۆریستییە کە هەر لە یەکەم ساتەکانی ڕوودانییەوە بۆ کەس گومانی نەهێشتبۆوە کە بێ ئەملاو و ئەولا دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە پشتە، کۆمەڵێک پەیام و دەرەنجامی لێکەوتەوە کە جێی خۆیەتی ئاماژەیان پێ بدەین.

پێش هەموو شتێک و بۆ جارێکی دیکەیش سەلمێندرایەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ماهییەتی دژیگەلی و تێرۆریستانەی خۆی هەر وەک هەمیشە پاراستوە و جیا لە زمانی تێرۆر و تۆقاندن ناکرێ چاوەڕوانییەکی دیکەت لەم نیزام و دەسەڵاتە هەبێ. بۆیە کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات، زیندووترین و تازەترین بەڵگەیە کە بکرێ ئیدیعای پێوە بکەین کە ئەم ڕێژیمە هەر وەک بە درێژایی تەمەنی خۆی نیشانی داوە، نیزامێکی تێرۆریستە.

پەیامێکی دیکەی ئەم کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە بۆنەیەکی تایبەت بە شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەردا بەڕێوەیان برد، دەتوانێ ئەوە بێ کە دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان چەندە لە بیر و ئەندێشەکانی ئەم ڕێبەرە دەترسن. ئەوان زۆر باش دەزانن کە دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ لە شەهیدبوونی ئەم ڕێبەرە خاوەن ئەندێشە و ڕێبازە کە هەر خۆیان لە سەر مێزی وتووێژ تێرۆریان کرد، دیسانیش ئەوە هەر حیزبەکەی شەهید قاسملوو و ئەندێشە سیاسییەکانی ئەوە کە پۆل‌پۆل لاوانی ئەم نیشتمانە لەدەوری کۆدەبنەوە و لە قەڵافەت و بیرکردنەوەکانی ئەوەوە بۆ ڕزگاری لە نیشتمانە سەرکوتکراوەکەیان دەڕوانن. ئەوان ویستیان بەم کارە ترس و تۆقاندن بخەنە دڵی تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی شەهید قاسملووەوە، تا خۆشییەکانمان لێ بکەن بە شین و ماتەم. بەڵام نەیانزانی کە «شەهیدانی یەلدای خوێناوی، لە یەلدای لەدایکبوونی قاسملوودا بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە»، ئەوان نەیانزانی کە هەر کەمتر لە ساڵێک دوای ئەم کردەوە تێرۆریستییە، لە خرۆشانی خەڵکیڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی، بە سەدان کچ و کوڕی ئەم نیشتمانە هاوار دەکەن: «قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە». ئەوان بێ‌خەبەر لەوەن کە بۆ هەر تێکۆشەرێکی کورد و دێموکرات دەتوانێ چی لەوە پڕشانازیتر بێ کە ناو و یادی، بە ناو و یادی شەهید قاسملووی ڕێبەرەوە گرێ بدرێ. شەهیدانی یەلدای خوێناویی دێموکرات بۆ هەتاهەتایە ناو و یادیان لە گەڵ ناو و یادی شەوی یەلدا و ڕێبەرە شەهیدەکەیان، قاسملو دا بەرز ڕادەگیردرێ. چ شانازییەک دەتوانێ بۆ تێکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمان، جیا لە شەهید بوون، لەوە گەورەتر بێ.

کەوابوو دەستووردەرانی تێرۆریست دەبێ زۆر باش ئەوە بزانن کە کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدا، نەتەنیا ترس و دڵەڕاوکێ ناخاتە دڵی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە، بەڵکوو بە دڵنیاییەوە جێژنی درێژترین شەوی ساڵ و یادی لەدایکبوونی شەهید قاسملووی ڕێبەر و بەرزراگرتنی یادی شەهیدانی یەلدای خوێناویمان، ساڵ بە ساڵ بەشکۆیەکی زیاترەوە دەکەنەوە.

پەیامێکی دیکەی ئەم کردەوە تێرۆریستییە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەرەئەستاندنی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری نفوز و ئیعتباری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵگەی



ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا کە دۆخی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەقینەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیان و لە کۆتاییدا لێکدابڕان و لێکترازانەکانی نێو ئەم حیزبانە بە حیزبی دێموکراتیشەوە پێناسە دەکرا و، وا چاوەڕوان دەکرا خەڵک بە تەواوەتی بێ‌هیوا بێ و ڕێژیم بە بەشێک لە ئامانجەکانی بگا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەیەکی نوێ و گرتنەپێشی ڕێکار و گوتاری گونجاو، توانی گوڕ و تینێکی دیکە بە تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسیی لە ئێران ببەخشێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ هەموو ڕەهەندەکانی خەبات، هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر حزووری پێشمەرگانەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێو خەڵک و خاکی خۆیان، بە قسەکردن لە سەر کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان، ڕێزگرتن لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی وڵات و بە ئەرزش و بەهادانان بۆ کار و تێکۆشانی سەرجەم چالاکان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مەدەنی، ژینگەپارێزی، فەرهەنگی و هەتا دوایی، ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی لە گەورەکردنەوەی گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوە خەڵک بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران گێڕا.

ئاکامی ئەم ڕوویکەردە نوێیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوڵی پڕ لە ماندووبوون و هەزینەی تێکڕای تێکۆشەرانی سەرجەم بوارەکانی تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات، وەک دەبینین کۆمەڵگایەکی زیندوو، لەسەر هەست و بە هەڵوێست و سازماندراوی لێ درووست بووە کە بە هەموو شێوەیەک و بە کەلکوەرگرتن لە هەر دەرفەتێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتە دژی ئینسانی و دژی گەلییەکانی ئەم ڕێژیمە ئامادەیە. لەم پێوەندییەدا ڕێژیم زۆر باش دەیزانی کە ئادرەسی ئەم جووڵە و حەرەکەتانە کوێیە. ئەو کە پێی وابوو دەتوانێ بە کەمین دانانەوە و ڕەوانەکردنی هێزی زۆر و پۆشتەی بەکرێگیراوانی بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا حزووریان هەبوو، پێش بە پێوندیی پێشمەرگە و خەڵک بگرێ، هەر بەو لێکدانەوەیش پێی وابوو بۆ دامرکانەوەی ئەم جموجۆڵە سیاسی و مەدەنیانەی کە لە نێوخۆ لە پەرەسەندن دان، دەبێ لە نزیکەوە ڕاستەوخۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەگاکانیەوە بکاتە ئامانج و، بە کوردییەکەی تۆڵە لە حیزبی دێموکرات بکاتەوە.

بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیم نەیتوانیوە چووکەترین شوێنەوار لە سەر لاوازکردنی هەست و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو خەباتە فرەچەشنییەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کورستان لە ئارادایە، دابنێ، تەنیا ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵک بەرانبەر بە ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و، کارەساتە سرووشتییەکەی پارێزگای کرماشان دەکەین کە دەکرێ بڵێین لە نەوعی خۆیدا ڕێفراندۆمێک بوو بە دوو ئاکامی جیاوازەوە. خەڵک لە پشتیوانییان بۆ ڕێفراندۆمەکەی باشوور کە بە «خرۆشانی جەماوەری» ناوی دەرکرد بە بەرزکردنەوەی درووشمەکانی «سڵاو بۆ پێشمەرگە»، «سڵاو بۆ دێموکرات»، «قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» و «قازی موبارەکت بێ» سەلماندیان کە چییان دەوێ و کێیان دەوێ! هەر لە کارەساتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشانیشدا هەڵوێستی خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانەوە بۆ بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتوان، دەریخست کە بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەنیا دانەمرکاوە، بەڵکوو لە پەرەئەستاندن و گەشەسەندن دایە.

تێرۆرەکەی ساڵی پاری شەوی یەلدا لە گەڵ ئەوەیکە زیانی گیانی و شەهیدبوونی حەوت پێشمەرگەی کورد و دێموکراتی لێ کەوتەوە و بۆ حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە برینێکی زۆر بەژان بوو، بەڵام جیا لە درووستکردنی هەمگەرایییەک لە نێو حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شەپۆلێک لە هاودەردی و هاوخەمیی بۆ حیزبی دێموکراتی بەدواوە بوو کە بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە مێژوویی و سیاسییە دەریخست کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە پێگەیەکی بەرزی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە نێومیللەتەکەی خۆی، لە نێو هێز و لایەنە کوردستانییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و کۆمەڵگای جیهانیدا هەیە. لە گەڵ ئەوەیکە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە زیان پێگەیاندندا پشکی شێری بەر حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتووە، دوو ڕێبەری لێ ئەستاندووە، بە دەیان کادر و پێشمەرگەی لێ تێرۆر کردوە و زامی قورس و گرانی لە جەستەی داوە، بەڵام وەک «یەلدا» بە درێژایی مێژوویەک لە ڕەوایی هەر بە پێوەیە و هیوابەخشانە لە ئاسۆی سەربەستی و ڕۆژبوونەوە دەڕوانێ.

لە کۆتاییدا هاوکات لەگەڵ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یاد و بیرەوریی شەهیدانی یەلدای خوێناویی دێموکرات، وەک هەمیشە شەوی یەلدا دەکەینەوە بە جێژن و بەردەوام بۆ لەدایکبوونەوەی ئەندێشەکانی قاسملووی ڕێبەرمان، لە سەنگەری حیزبی دێموکراتدا درێژەی بە ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانمان دەدەن.

# ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا



ڕەزا محەممەدئەمینی

لە ڕۆژژمێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا زۆر ڕۆژی مێژوویی بەبۆنەی جۆراوجۆر و بۆ مەبەستی تایبەت دیاری کراون و بوونەتە هێمای پشتیوانی یان ڕێزگرتن و دوورکەوتنەوە لە دیاردەیەکی سرووشتی، کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەوە.

ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە لەلایەن ٤٨ وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨ بەرانبەر بە ١٩ سەرماوەزی ١٣٢٧ ئیمزا کراوە و پاشان زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان ئەو ڕێککەوتنە مرۆییەیان، سەرەڕای ئەوەی چەندە پابەندی بەندوبرگەکانی بوون و تا چ ڕادەیەک مافی مرۆڤیان پاراستووە مۆر کراوە.

ڕێژیمی پاشایەتیی ئەوکاتی ئێران لەگەڵ ئەو کۆمەڵە وڵاتە بوو کە لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار ئەو گەڵاڵەیان مورکرد. ئەوە لەحاڵێکدابوو کە ڕێژیمی سەرەڕۆ و سەرکوتکەری پاشایەتی نەک هەر مافی مرۆڤی نەدەپاراست و ڕێزی لێ ندەگرت، بەڵکوو تەنیا سێ ساڵ لە سەرکوتی خوێناوی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان تێدەپەڕی و بەهەزاران کەس لە چالاکانانی تورک و کورد کوژران و لە بەندیخانە کران و لەسێدارەدران کە چڵەپۆپەی ئەو کردەوە دژیی ئینسانییە لەسێدارەدرانی پێشەوای کوردان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی بوو.

جگە لەوەش لە زیاتر لە نیو سەدە دەسەڵاتداری بنەماڵەی پهلەوی بە هەزاران زیندانیی سیاسی لە بەندیخانەکاندا ئەشکەنجە کران و بە هەموو شێوەیەک لە شێوەکان مافی مرۆڤ بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ چالاکە سیاسییەکان وەک هەموو سیستیمە توتالیتێرەکان لە ئێراندا پێشێل دەکرا. لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەتوانین ئاماژە بە کەسانێک بکەین کە لەپاش ئاشکرابوونی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٨ لە شار و گوندەکانی کوردستان بە تاوانی ئەندام بوون لەو حیزبەدا گیران و ڕاپێچی زیندانەکان کران، هەروەها دەیان کەس لە پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ گیران و لە بەندیخانەکان ئەشکەنجە دران. ئەوانە نموونەیەکی زۆر کەم لە سیاسیەتی سەرکوت و لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە سەردەمی پاشایەتی بوون؛ بەوحاڵەش گومان لەوەدا نییە ناکرێ ڕێژەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لە سەردەمی پاشایەتی لەگەڵ لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە ماوی چوار دەیەی ڕابردوو وەک یەک سەیر بکەین. چونکە هەم یاساکانی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو، بەتایبەت لە باری ئازادیی ژنان و لە بواری ئازادییە تاکە کەسییەکان زۆرتر بوو و هەم بەو ڕێژەیە مافی مرۆڤ لە هەمو بوارەکاندا پێشێل نەکراوە و بایەخە مرۆییەکان بێڕێزیان پێ نەکراوە.

ئەو ڕێژیمە لە ماوەی تەمەنی ڕەشی خۆی بە سەدان جار سەبارەت بە پێشێلکردنی زەق و درندانەی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراویی نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرجەم ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ محکووم کراوە و کردەوەکانی لەقاو دراوە، بەوحاڵەش ئەو محکوومکردنانە نەیانتوانیوە ڕێگر بن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی سیستماتیک و بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان و بەردباران کردن و پەڕاندنی دەست و کوێرکردن و بە گشتی ئەوەی پێی دەڵێن «قەساسی ئیسلامی» بە پێی یاساکانی ئەو ڕێژیمە هەروا بەردەوامە. هەرلەو ماوەیەدا ڕاپۆرتنێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان «عاسمە جەهانگیر» ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لە پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە لەهەموو بوارەکاندا بڵاو کردەوە و بە بەڵگە سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی چۆن ئازادییەکان، تەنانەت ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بەرتەسک دەکاتەوە و نەتەوەکانی ئێران بەدین و ئایینزای جیاوازەوە لە مافە سروشتییەکانیان بێبەش دەکا.

ڕەوتی بەردەوام و سیستماتیکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەحالێکدایە کە هەر ئەو ماوەیە سپای پاسدارانی ڕێژیم بەڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە گەشتەکانی خۆی بۆ بەناو بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان لە تاران و پاشان لە شارەگەورەکاندا دەست پێ دەکاتەوە. شک لەوەدا نییە زیادکردنی کەشی ئەمنیەتی لە تاران و لە شارە گەورەکان لەلایەن سپای پاسدارانەوە تەنیا بە بەناو بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان نییە و لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ کێبەرکێی نێوان باڵەکانی ڕێژیم بۆ بەدەستەوە گرتنی هەرچی زیاتری دەسەڵات و لەلایەکی دیکەش توندوتۆڵ کردنی کەشی ئەمنییەتیە لە شارەگەورەکان لە ترسی ئەگەری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان. بەتایبەت کە لەو ماوەیەدا باڵەکانی دەسەڵات و ئەو کەس و لایەنانەی وەک تاقمی ئەحمەدی‌نەژاد لەدەسەڵات دوورخراونەتەوە بەتوندی خەریکی هەڵدانەوەی پەروەندەی گەندەڵییەکانی یەکترین و خەڵکیش باش تێگەیشتوون کە ئەو بەناو «نیزامە موقەدەسە» چەندە نوقمی گەندەڵی بووە و چۆن تێوەی گلاوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگمەن لەو ڕێژیمانەیە کە تەنیا مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆی پێشێل ناکا و تەنیا سیاسەتی کوشتوبڕ و زەبروزەنگ دەرحەق بە گەلانی ئێران بەڕێوە نابا، بەڵکوو ئەو ڕێژیمە لە وڵاتە شەڕلێدراوەکانی ناوچەشدا دەستی باڵای هەیە لە کوشتوبڕ و سەرکوتی خەڵکی ئەو وڵاتانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێ لە وڵاتانی سووریە و عێراق و یەمەندا خەریکی تەراتێنە و بوونی دەیان هەزار پاسدار و بەسیج و بەشداریی چالاکانە لەو شەڕ و ئاژاوانەدا کە بوونەتە هۆی کوژرانی بریندارابونی سەدان هەزار کەس لەخەڵکی ئەو وڵاتانە، لەو کاروکردەوانەن کە دەچنە خانەی ڕەشەکوژی و بێگومان کۆماری ئیسلامیش یەکێک لە تاوانبارانی ئەو جینایەتانەیە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نیزیک بە چل ساڵ دەسەڵاتدارەتی خۆی بە سیاسەت و کردەوەکانی و تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانیشی، نیشانی داوە ڕێژیمێکی تۆتالیتێر و سەرکوتکەری هەموو ماف و ئازادییەکی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە و وەک چۆن محکومکرانی لەلایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاریی مافی مرۆڤ ناتوانیوە ئاڵوگۆڕ لە هەڵسووکەوتیدا پێکبێنێ، لەداهاتووشدا نابێ چاوەڕوان بین ئەو چەشنە مەحکوم کردن و لەقاودانانە، کاریگەری بنەڕەتی لەو ڕێژیمەدا بکا. هەربۆیەش بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و بنبڕکردنی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە کە هەتا دێ بەربڵاوتر و زەقتر دەبێتەوە، وێڕای گوشاری وڵاتانی دەسڕۆیشتووی جیهان و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ بۆ سەر ئەو ڕێژیمە، دەبێ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێنە سەر شەقامەکان و کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن ڕێز لەماف و ئازادییەکانیان بگرێ و زیاتر لەوە و بەوشێوە درندانەیە ئازادی و بەها مرۆییەکانی سەردەم پاش ٦٩ ساڵ لە مورکرانی جارنامەی مافی مرۆڤ، پێشێل نەکا.

## ئیسلامی سیاسی [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



حەسەن حاتەمی

(٣٤)

### درێژەی هێرش بۆسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و بارمتەگیری

جێی سەرسوورمان ئەوەیە کە ئیسلامییەکان بە ڕێبەریی ئایەتوڵلا کاشانی و کۆمەڵی فیدائیانی ئیسلام، پشتیوانیی کودێتای دژی دکتور موسەدیقیان کردبوو. بەڵام لە کاتی هێرش بۆ داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن خوێندکارانی ئیسلامی و یەکێک لە وتەبێژەکانیان، دوایی نزیکەی ٤٠ ساڵ لە مێژوویی سەرەڕۆیی خۆیاندا، وەک دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا چەواشەکاریی پێوە دەکەن.

بەنی سەدر، یەکەم سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی دەڵێ: لە ئامادەکاریی هێرش بۆسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا، سپای پاسداران نەقشی یەکلاکەرەوەی هەبوە و بەشێک لە «خوێندکارانی هێڵی ئیمام» کاتێک کە چوونە نێو سپا و دەزگا تەبلیغاتییەکان، بۆت روون دەبێتەوە کە هێزە زیدەخوازەکان، سەرەتا ناوەندی ئەسڵی و پاشان هەموو ئۆرگانەکانی دەسەڵات داگیر دەکەن.(١)

ئەمیر عەبباسی فەخر ئاوەر لە ساڵی ٢٠١٥ دا، کتێبێکی ٧٠٠ لاپەڕەیی بەناوی «رفیق آیت‌الله» بە فارسی لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ناوبراو فەسڵی ٦٢ی کتێبەکەی بۆ بارمتەگیری و داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران تەرخان کردوە. ئەو بە پێی هێندێک بەڵگە، ئیدیعا دەکا کە ئەوانەی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و داگیریان کرد، خوێندکار نەبوون، بەڵکوو ئەندامانی سپای پاسداران بوون کە تازە ٦ مانگ بوو دامەزرابوو. (٢) ئەو بۆچوونە لەگەڵ نووسراوەکەی ئاغای بەنی سەدر لە درێژەی ڕووداوەکاندا، زۆر لێک نزیکن. چوونکە دواتر ناوی ژمارەیەک لە بەرپرسانی سەرووی سپای پاسداران کە لە لایەن هەواڵدەریی جمهووری ئیسلامی لە ١٣ی گەلاڕێزانی ١٣٩٣ دا، بڵاوکراوە، یەکێک لە بەڵگەکانی کتێبی ناوبراوە.

ئەو بۆ وێنە دەڵێ: ئیبراهیمی ئەسغەر زادە _ فەرماندەی کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی و فەرماندەی سپای قەزوێن _ وەک گەلاڵە دارێژەری گرتنی باڵوێزخانە و وتەبێژی خوێندکاران ناسێنرابوو. عێزەتوڵڵای زەرغامی کەسەرەتا ئەندامی سپا بوو، پاشان چوو بۆ وەزارەتی ئیرشاد و دواتر بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەرپرسی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. ڕەزا سەیفوڵلاهی، دامەزرێنەری سپا لە ئیسفەهان و پاشان بەرپرسی گشتیی ئیتلاعاتی سپا و دواتر فەرماندەری هێز ئینتیزامییەکان بوو بۆ ماوەی ٤ ساڵ (١٣٧١_ ١٣٧٥) جێگری ئەمنیەتیی دەبیرخانەی شووڕای ئەمنیەتی میللیی پێ ئەسپێردرا. موحسینی میر میردامادی، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوییەکانی سپا و حەببوڵلا بیتەرەف، وەزیری وزە لە کابینەی خاتەمیدا. هەروەها محەممەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی ئێستای سپا کە بەشێک لەوان بوون و...(٣)

«حکومت اسلامی» ناونیشانی کتێبیکی ئایەتوڵلا خومەینییە. عوزرا حوسێنی، هاوسەری بەنی سەدر دەڵێ: ئەو کتێبەم کە خوێندەوە ترس دایگرتم. لە ٨٠ لاپەڕەی ئەو کتێبە ١٢٠ لاپەڕییەدا، کە پێش سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵک نووسیوێتی، سەبارەت بە مەشرووعە و بەڕێوەبردن و حکومت بە دەستی ڕووحانییەکان وەک، مافێکی بێ ئەملا و ئەولا بۆ ئەوان دەزانی. چوونکە بە بۆچوونی ئەو، ڕووحانییەکان، جێنشێنی بە حەقی ئیمامەکانن؟! و...(٤)

بەو ئاماژانەی کە کران، باشتر دەردەکەوێ بۆچی ئەو کردەوە نابەجێیە، ناوی «شۆڕشی دوویەم» ی لەسەر دانرا و لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەگرینگتر لە قەڵەم درا. توێیەکی مەبەست و ئامانجەکانی ژووری فیکریی دەسەڵاتبەدەستانی نوێ، داسەپاندنی ئیسلامی سیاسی بوو. توێیەکەی دیکە، گوێنەدان بە داخوازییەکانی گەلانی ڕاپەڕیو لە دژی زوڵم و ماف پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی پەهلەویی دوویەم بوو. بۆیە بەشی هەرە بەهێزی دەسەڵاتبەدەستەکان بە ئاشکرا و نهێنی مەلاکانی دەسەڵاتخواز بوون کە بەپەلە دەرفەتی یەک لە دوای یەکیان بۆ خۆیان ڕەخساند و لە ماوەی نزیک ١٠ مانگدا، زۆربەی کارە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە بیری خۆیان بە دانان یا هەڵبژاردن ئەنجام دا.

شووڕای شۆڕشی نهێنی بە ٥ ڕووحانیی دیاریکراو لە فەڕانسە، و لە بەشی دوویەمدا، سێ ڕووحانیی دیکەی لێ زیاد کرا تا زۆرایەتییان لەدەست دەرنەچێ. کۆمیتەکانی شۆڕشی ئیسلامییان بۆ کۆنترۆڵی شار و گوندەکان و پاکانە حیسێب لەگەڵ سەرکوتکارانی ڕێژیمی پێشوویان دامەزراند. ئەرتەشیان بەناوی مەکتەبی و وەفادار بە دەسەڵاتی نوێ، لەگیانی گەلانی مافخواز و ناڕازیی نافارسەکان و یەک لەوان، نەتەوەی کورد بەردا. لە ڕۆژێکی ڕەشی وەک ١٠ ی خاکەلێوە و ڕۆژی دواتری، ڕاپرسی بۆ کۆماری ئیسلامی_نە یەک وشە زیاد و کەم_ بەڕێوە برا. نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات ئەوکات، لە قوم و تاران لە هاتوچۆدا بوون. بەڵام بەداخەوە دەست بەتاڵ و بێهیوا بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد گەڕانەوە.

لە بانەمەڕی ساڵی ٥٨دا دامەزرانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بەفەرمی کرا. پاشان بە فێڵ و تەڵەکە ناوی مەجلیسی موئەسیسانی یاسای بنەڕەتی، بە خیبرگان جێگۆڕکێی پێ کرا. لە هەڵبژاردنی ئەو مەجلیسەشدا، زۆرایەتیی ڕووحانییەت_ ٥٨ کەس لە ٧٣ کەس، هەر ٥٠٠ هەزار کەس نوێنەرێک_ لە حیزبی تازە دامەزراوی جمهووری ئیسلامی لە سندووقەکانی دەنگدان هێنرانە دەر. بەڵگەی هەرە ڕوون بۆ گزیکاریی ئاخوندەکان دەتوانێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی موکریان و ورمێ بێ. هەرچەند هەڵبژاردنەکە بە ئوستانی کرابوو، و ناوچەکە لەژێر «ئاشتیی چەکداری» (صلح مسلح)ی دوای شەڕی داسەپاوی نەغەدەدا، بوو؛ بەڵام نەمر دوکتور قاسملوو یەکەم دەنگی سندووقەکانی هێنایەوە. لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی فارس نشین فێڵ لە ڕێکخراوەکانی ئیتلافی ٥ لایەنەی چەپەکان بە موجاهیدین، میللیگەراکان، نامەزهەبی و سەربەخۆیەکان کرابوو. ئەوان لە نارەزایەتییەکانیاندا، ئاماژەیان بە دەستێوەردانی نیزامییەکان و دەنگدروستکردن بە قازانجی لایەنی براوەی ڕاگەیاندراو کردبوو، کە وڵامێکی ئەوتۆیان وەرنەگرتبوو. (٥)

دەسەڵاتبەدەستانی پاوانخواز، بە سێ جار ئەو نیزامەیان لەبواری فەرمی و یاسایی تایبەت بە خۆیان جێ خست. ڕاپرسی یەکەم، مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنەڕەتی و بە پەسند گەیاندنی لە ڕاپرسی دوویەمدا. بۆیە حیزبی جمهووری ئیسلامی _کە هەمەکارەی ئەو دەورانە و دواتریش هەتا ٩ ساڵان هەبوو_ زۆربەی قەیران و کێشەکان، بە دەستکیسی ئەو چێ دەبوون.

**سەرچاوەکان**

١) بنی‌صدر ابوالحسن، خیانت به امید، ص ٣٥.
٢) یوتیوب، فخرآور امیر عباس، کتاب رفیق آیت‌الله، لس‌آنجلس آمریکا، انتشارات کتاب، ١٣٩٤.
٣) خبرگزاری جمهوری اسلامی، ١٣ آبانماه ١٣٩٣.
٤) یوتیوب، تلویزیون سپیدەی استقلال و آزادی، گفتگوی ژاله وفا با عذرا حسینی.
٥) سایت ویکی پدیا.

# لاوانی کورد، سەری ڕمی ناسیونالیسمی مەدەنی



ژیوار ڕەسوولی

ڕووداوەکانی سەد ڕۆژی ڕابردوو دەتوانێ تێگەیشتنێکی واقیعیمان لە خواست و چالاکییەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ بدا. وردبوونەوە لە ڕووداوەکانی ئەو سەد ڕۆژە سەلماندی کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێگومان ئەکتیڤترین و ئاگاترین و ناسیۆنالیستترین لاوانی چوارپارچەی کوردستان و ئێران و بگرە ناوچەکەشن.

### هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێران

بەپێچەوانەی دەورەی پێشوو ئەمجارەیان حەسەن ڕوحانی هیچ بەڵێنێکی بە کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان نەدا و بۆ یەکجاریش باسی لەبەیاننامە ١٠ مادەییەکەی دەورەی پێشووی خۆی نەکرد. نە ئەوکات و نەئێستاش باس لە نوێنەرێکی حکومەت بۆ کاروباری کەمینەکان نەکراوە و ناکرێ. جگە لەهەمووی ئەوانەش کابینەی حکومەتی حەسەن ڕوحانی لەهەموو لایەکەوە لەئێران بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەت زۆر ناسەرکەوتوو بوو. ڕێژەی بێکاری و کوشتنی کۆڵبەران و لەسێدارەدانەکان زیادی کردو ئازادی قسەکردنیش شتێکی ئەوتۆ زیادی نەکرد. بەڵام لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا لەسەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ستادەکانی ڕۆحانیدا زۆرترین قسە دەکرا و زۆرترین موسیقای ڕیتمیکی کوردی لێ دەدرا. لاوان لەبانگەشەکاندا ویستیان لە دۆخەکە کەڵک وەربگرن و زۆرترین بەشدارییان کرد. ئەوان لە میتینگەکاندا بەشداربوون و خواستە نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی و ئابوورییەکانی خۆیان هێنایە بەرباس. بەڵام لەو ڕێژەیەی کە دەنگیان دا و بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، ڕێژەی کەمیان لاو بوون، بەدواداچوونە مەیدانییەکانیش (لەڕێگەی پرسیار لەدەنگدەرە لاو و خوێندکارەکان) ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەوانەی تەمەنیان لە ٤٥ بۆ ٥٠ ساڵ سەرووترە زۆرترین دەنگ دەدەن، چونکە موحافیزەکارترن و بانگەشە و هەڕەشەکانی دەسەڵاتداران زیاتر کاریان تێ دەکا و، بەستنەوەی ژیانی ڕۆژانەش بەو مۆرەی کە لە شوناسنامە دەکەوێ هاندەرێکە بۆ دەنگدان. هۆکارێکی دیکەش ئەو وێنەیەی خودی دەسەڵات لە ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕکەبەری ڕۆحانی دروستی کردبوو، وایکرد لەترسی ڕەئیسی و گەڕانەوە بۆ دواوە، بڕیار بدرێ جارێکیتر تەحەمەمولی ڕۆحانی بکەن. بەگشتی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارییی ئەمجارەدا لاوان زیاتر لە بانگەشەکان و لەستادەکان دەبینران و، کەمتر چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

### خۆپێشاندانەکانی بانە

هەر لەو سەد ڕۆژەی ڕابردوودا لە بانە خۆپێشاندانێکی بەرفراوان بۆ مەحکومکردنی کوشتنی کۆڵبەران کرا، ڤیدیۆ و وێنەکان بەڕوونی پێمان دەڵێن کە لاوان ڕۆڵی سەرەکییان لەو خۆپێشاندانانەدا دەگێڕا. لە بانە لەسەر داوای ژمارەیەک چالاک و هەڵسووڕی مەدەنی کە بە شوناس و ناوی ئاشکرا داوایان لە خەڵک کردبوو لە ڕۆژێکی دیاریکراودا خۆپێشاندان بکەن، خۆپێشاندانەکە سەری گرت و دەنگدانەوەی زۆریشی هەبوو. لەو خۆپیشاندانەدا خەڵک و بەتایبەت لاوان بە بیر داوای ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەوە چوون و دواجار بینیمان کە دەزگا سەرکوتکەرەکان ژمارەیەک لەو چالاکانەیان دەستبەسەرکرد. بەڵام کە ویسترا ئەو خواستە لە سنە و لەلایەن هێزێکی سیاسییەوە کۆپی بکرێ سەری نەگرت، ئەو ئێوارەیەی کە داواکرابوو لەسنە خۆپێشاندان بکرێ، لەڕاستیدا بەدەیان بەڵگەی دیار دەرکەوت کە خەڵک بەپیل ئەو داوایە نەچوون. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕاوە لاوان کە ئامادەی هەموو چالاکییەکن لەپێناو مافە ڕەواکانیان، بەڵام پرسیار کەرن و هەڵسەنگاندن بۆ داوای داوالێکەرەکان دەکەن و ئەوەش ڕوونە کە تەنانەت ئەو کۆڵبەرەی کە لەپێناو کۆڵبەرەکەی دیکەدا خۆپێشاندان دەکا زانکۆی تەواو کردوە و مۆبایلەکەی ئەنتێرنێتی هەیە و ئاگاداری دەورووبەری خۆیەتی.

### ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان

بەپێچەوانەی ئەوەی باس دەکرێ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە پارتین و نە یەکیەتین و تەنانەت زۆر کەمیان لایەنگری پەکەکەن. بەڵام کاردانەوەیان بۆ هەموو ڕووداوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان میراتگری ناسیۆنالیزمی دەوڵەت نەتەوەیە، ئەوان لە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و هەمزە ئاغای مەنگورو سمایڵ ئاغای سمکۆوە خواستی دەوڵەت نەتەوەیان هەبووە و لە کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایانە سەر واقیع، کەواتە ئاساییە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت لاوەکانی پشتیوانی لە ڕێفراندۆم وەکوو مافی سەرەتایی لە دیموکراسی و سەربەخۆیی و وەکوو مافێکی بنەڕەتی بۆ گەلی کوردستان لەهەر پارچەیەکدا بکەن، کە هەوڵی بۆ دەدا. ئەوان لەدەرەوەی پارتی و یەکیەتی لەگەڵ سەربەخۆیی بوون و دوایەش دژی ئەو تراژیدییە بوون کە بەسەر کوردستانیان هێنا. ئەوان نە لەگەڵ ئەو پاساوانەن کە بۆ کەموکوڕی و نوقسانییەکانی دەسەڵاتدارەتیی پارتی و یەکیەتی دەهێندرێنەوە و نە پشتیوانیی ڕەهاش لە ئاڵترناتیڤەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەن. لە ڕاستیدا پرسە ئاساییەکانی باشووری کوردستان هیچ کونجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکردووە، بەڵام ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆییان وەکوو



ڕۆژهەڵاتی کوردستان میراتگری ناسیۆنالیزمی دەوڵەت نەتەوەیە، ئەوان لە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و هەمزە ئاغای مەنگورو سمایڵ ئاغای سمکۆوە خواستی دەوڵەت نەتەوەیان هەبووە و لە کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایانە سەر واقیع

پرسێکی نەتەوەیی و کوردستانی سەیرکرد و بە نەفرەتەوە باسی سەبەبکارانی ئەو ڕەوشە کارەساتبارە دەکەن کە بەسەر کەرکووک و بە گشتی باشووری کوردستانیان هێنا.

### تراژیدیاکەی کرماشان

ڕووداوی بومەلەرزەکەی سەرپێلی زەهاو و و دەورووبەری تراژیدیا و ڕوداوێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو، بەڵام لە لایەک یەکگرتوویەکی گەورەی لەکوردستان دروست کرد و لەلایەکی دیکەش جارێکیتر بەهێزی و ئاگاداربوونی کۆمەڵگەی مەدەنی_کوردی کوردستانی سەلماندەوە. خۆ بە وردبوونەوەیەکی خێراش بۆمان دەردەکەوێ کە لاوان پێشەنگی بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتوانی سەرپێل و گوندەکانی دەورووبەری بوون. کوردەکان لەدەرەوەی مەزهەب و ئایین و دووریی جوغرافیا بەشێوەیەک خاوەندارەتییان لە کرماشان کرد کە گەورەترین شۆکی لە پەیکەری سپای پاسداران دا. تاران لە ٤ ڕۆژی یەکەمدا لەشۆکی ئەو هەڵمەتە کوردستانییە بۆ کرماشاندا بوو، دواییش بۆ گۆڕینی وێنە واقیعیەکە کەڵکی لە هەموو تواناکانی خۆی وەگرت و تەنانەت سازمانی دەنگوڕەنگ و سەرجەم سێلبریتییەکانی خۆی لە وەرزشکار و ئەکتەرەوە هێنایە سەرخەت بۆ ئەوەی یارمەتییەکە وەکوو هەڵمەتێکی ئێرانی نیشان بدا، بەڵام بەئێستاشەوە سەرکەوتوو نەبوو. لە بوومەلەرزەکەی کرماشاندا دەرکەوت کە خەڵک متمانەی بە ڕێکخراو و کەسایەتییە مەدەنییە کوردییەکان هەیە و، وەکوو خۆپێشاندانەکەی بانە چالاکانی مەدەنی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو، یارمەتییەکان نە بە هیلالی ئەحمەری ئێران و نە بە سوپای پاسداران دەدران، بەڵکو سەرجەمیان بە پووڵی کاش و یارمەتیی دیکەوە ڕادەستی کەسایەتی و ڕێکخراوە مەدەنییە کوردییەکان دەکران و، لەسەرجەمیشیاندا ڕۆڵی سەرەکی بە لاوان بوو.

### ئەنجام:

بەپێچەوانەی ئەوەی باس دەکرێ کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک نین و بە پاسیڤ باسیان دەکەن، بەڵام ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بەتایبەت سەد ڕۆژی ڕابردوو سەلماندییەوە کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیار دەکەن، گومانیان بۆ دروست دەبێ و هەر بۆیە ئاساییە کە نەخشەڕێگەی خۆیان بۆ بڕەودان بە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی هەبێ و هەیانبووە. زێدەڕۆیی نیە کە بڵێین لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکترین لاوی هەر چوارپارچەی کوردستانن، چونکە یەکەم لەهەمبەر هیچ ڕووداوێکی پەیوەندیدار بە پرسە نەتەوەییەکان بێدەنگ نابن و بەشێوازی جیاواز هەڵوێست وەردەگرن، هەمیش لە بۆشایی نەبوونی ڕاگەیاندن و زەمینەیەکی دیموکراتیک خۆیان قۆڵیان لەپاراستنی زمانی کوردی و ژینگەی کوردستان هەڵماڵیوە و تەنانەت خاوەندارەتیی گەورەیان لە زیاندیتووانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی کرماشان کرد.

ئەوەی کە ئێستا دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان خاوییەکی پێوەدیارە، هۆکارەکەی لاوازی و بێ ئیرادەیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکوو ئەو ڕووداوەناوچەیی وجیهانییانەی کاریگەرییان لەسەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان داناوە، لە ڕۆژهەڵات ڕووی نەداوە.

لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جوغرافیای ئێراندا ڕێک ئەو گرفتانەیان هەیە کە لە تاران و لە ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە، بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر، تەڵاق و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە کوردستانیش هەن و زیاتریشن و ئەوەش دەرەنجامی سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئیمتیاز و خولیا و پرۆژەیان هەیە کە لە هیچ یەک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بە تارانیشەوە نابینرێ. لاوانی ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەی لاوانی دیکەی ئێران نائۆمێد نین، لەکاری ڕێکخراوەیدا پێشەنگن، ژینگە پارێزن، زمان پارێزن، پاراستنی خاک و تاکی کوردستانیان کردووەتە ئەرکی لە پێشەوەی خۆیان و ئەوەش دەری دەخا کە ئەوان خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ ناسیۆنالیزم کردوە. ئەوان ئێستا سەری ڕمی ناسیۆنالیزمی مەدەنین.

# کۆرەی باکوور و ئێران

## پەرەسەندنی هاوکاریی سەربازیی نێوانیان



جەی سالۆمۆن*
و:کەماڵ حەسەنپوور

پیونگ یانگ بۆتە هاوبەشێکی مەترسیدار لە «تەوەری بەرخۆدانی» تاران و کاربەدەستان هۆشیارییە دەدەن کە هەوڵە هاوبەشەکانیان لەوانەیە چەکی کۆمەڵکوژیش بگرێتەوە.

دیداری ئاستی بەرز لە نێوان کاربەدەستانی کۆرەی باکوور و ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا نیگەرانییەکانی لەنێو دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبارەی بەربڵاویی پەیوەندییە سەربازییەکانی دوو دوژمنی ئامریکا زیاد کردوە. لە مانگی سیپتامبردا سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ داوای لە ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد تا پێداچوونەوەیکی تازە لەبارەی هەر چەشنە هاوکاریی ناوکیی دوولایەنە [لە نێوان ئێران و کۆرەی باکوور] بکەن. لە ئێستادا کاربەدەستانی واشینگتۆن، ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوین کە چاودێریی پەیوەندییەکەیان دەکەن بۆیان دەرکەوتوە کە پیونگ یانگ و تاران دەمێکە هوگریی خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی هاوبەشی سیستەمی مووشەکی بالیستیکی و بەرنامەی دیکەی سەربازیی_زانستیی نیشان داوە.

کۆرەی باکوور لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا توانایی ناوکی و مووشەکی دوورهاوێژیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕێگای گەشەپێدانی مووشەکی بالیستیکی ویشکاڕۆبڕ کە توانای هەڵگرتنی کلاوی ناوەکیی هەبێ و بتوانێ خۆرئاوای ئامریکا بکاتە ئامانج، پەرە پێداوە. لەهەمان ماوەدا، ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کاربەدەستانی بەرگریی ئێرانیان لە پیونگ یانگ دیتووە، کە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی دڵەڕاوکێ لەبارەی ئەگەری ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەبارەی تەکنەلۆژیای مەترسیدار لە نێوانیان دا. کاربەدەستێکی پایەبەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کار دەکا گوتی: «دەبێ تێگەیشتنی خۆمان لەبارەی گشت ئەو پەیوەندییانە باشتر بکەین، ئەوە یەکێک لە ئەولەوییەتە هەرە بەرزەکانمان دەبێ.»

### چاوپێکەوتنە گوماناوییەکان

لە سەرەتای ئاگوست، کیم یونگنام، دووهەم کەس لە ڕیبەرایەتیی پیونگ یانگ و سەرۆکی پارلمان، بۆ سەردانێکی فەرمیی پیونگ یانگی بەرەوە تاران جێهێشت. هۆی فەرمیی ئەوە بوو کە ناوبراو لە ڕیوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆک کۆمار حەسەن ڕوحانیدا بەشدار بێ، بەڵام ماوەی دیدارەکە بووە هۆی دەنگدانەوەی زەنگی مەترسی لە واشینگتۆن و پایتەختی هاوپەیمانەکان. میدیای دەوڵەتیی کۆرەی باکوور گوتی سەفەرەکە چوار ڕۆژی پێچووە بەڵام میدیای دەوڵەتیی ئێران گوتی کە دیدارەکە دە ڕۆژی خایاندوە و کۆڕێکی مەزن لە کاربەدەستانی پایەبەرز هاوسەفەری کیم بوون.

دوایین جار کیم لە ٢٠١٢ سەفەری بۆتاران کردبوو تا بەشداریی لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن، ڕێکخراوێکی سەردەمی شەڕی سارد پێکهاتوو لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە هەوڵیان دەدا لە نێوان واشینگتۆن و کرێملیندا بێلایەن بن، بکا. ئەوکات ئەو خۆی لە زۆربەی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەو کۆنفرانسە بواردبوو، لە جیاتیان ئەو کاتی خۆی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاریی زانستیی دوولایەنە لەگەڵ سەرکۆمار مەحمود ئەحمەدینەژاد تەرخان کردبوو. بە گوێرەی قسەی کاربەدەستانی هەواڵگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەو ڕێککەوتننامەیە زۆر وەک ئەوەی لە نێوان پیونگ یانگ و سورییە لە ٢٠٠٢ واژۆ کرا دەچوو، پێنج ساڵ دواتر، فرۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل بینایەکیان لە خۆرهەڵاتی سووریە وێران کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان وایە ڕیئاکتۆرێکی ناوکیی کۆرەی باکوور بوو کە نیزیکی وەگەڕکەوتن بوو. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە یەکێک لەو کاربەدەستە ئێرانییەی کە بەشداری چاوپێکەتنەکە لەگەڵ کیم بوو، سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی فەرەیدون عەبباس‌دەوانی بوو، کە واشینگتۆن و نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی دەوری ناوبراو لە گەشەپێدانی چەکی ناوکی ئابلۆقەیان بەسەر دا سەپاندوە.

بەهەمان شێوە، بە گوێرەی میدیای کۆرەی باکوور و ئێران دوایین سەفەری کیم جەختی لەسەر شتی زیاتر لە پشتیوانیی لە ڕوحانی کردوە. کیم و جیگری وەزیری کاروباری دەرەوە چو هویچول، باڵوێزخانەی نوێی کۆرەی باکووریشیان لە تاران، سەمبولی قووڵتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، کردەوە. ئەوان هەروەها بەشدارییان لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ ڕێبەرانی بیانیی کرد کە زۆربەیان وڵاتانێکن کە کڕیاری مەزنی چەکوچۆڵی کۆرەی باکوور لە دەیەکانی ڕابردوو بوون (بۆ وێنە زیمبابوێ، کوبا، کۆماری دێموکراتیکی کۆنگۆ و نامیبیا). بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ زەختی سیاسی لەسەر ئەو وڵاتانە زیاد کردوە تا پەیوەندییە ئابووری و سەربازییەکانیان لەگەڵ پیونگ یانگ، وەک وەڵامێک بۆ زنجیرە تاقیکردنەوە مووشەکی و ناوەکییەکانی ئەو ڕێژیمە، بپچڕێنن.

لە ماوەی سەردانەکەی «کیم»دا لە پەیوەندیی لەگەڵ گەشەپێدانی مووشەکیی، ئێران و کۆرەی باکوور بەرەی هاوبەشیان لە دژی واشینگتۆن پێکهێنا. هەر وەک پیونگ یانگ، تاران لە چەند مانگی ڕابردوودا زنجیرە تاقیکردنەوەی مووشەکی بالیستیکی، سەرەڕای بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و مەحکومکرانی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەنجام داون. دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی پارلمانی ئێران عەلی لاریجانی لە ٤ی ئاگوست، کیم ڕایگەیاند، «ئێران و کۆرەی باکوور دوژمنی هاوبەشیان [ویلایەتە یەکگرتووەکان] هەیە.»

### پەیوەندیی نهێنی

ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە میدیا دەوڵەتییەکاندا ڕانەگەیەندراون وڵاتانی هاوپەیمانی زۆرتر نیگەران کردوە. لەو ساڵانەی دواییدا، دەزگا هەواڵگرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆرەی باشوور شوێن پێی ڕێژەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی ئێرانی و کۆرەی باکوورییان هەڵگرتوە کە لە هەوڵ بۆ گەشەپێدانی سیستەمی بەرگرییان، چاویان بە یەکتر کەوتوە. بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی کۆرەی باکوور سەر بە ناوەندە پیشەسازییە سەربازییەکان یا دامەزراوە ئابوورییە نهێنییەکانن کە ڕاستەخۆ لە ژێر چاودێریی دیکتاتۆر کیم یونگ_ئونن، لە ناویاندا بەڕیوەبەرایەتیی ٣٩ و ٩٩ ی سەر بە حیزبی کرێکاری کۆرە.

ساڵی ڕابردوو، کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایانگەیاند کە پسپۆڕی مووشەکیی یەکێک لە گرنگترین کۆمپانیاکانی بەرگریی، گروپی پیشەسازیی شەهید هیممەت، سەفەری بۆ کۆرەی باکوور کردبوو و لە گەشەپێدانی مۆتۆڕێکی مووشەکی بالیستیکی یارمەتیی کردبوون. دەڵێن یەکێک لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو کۆمپانیایە، سەید جەواد موسەوی، هاوکاریی کۆمپانیای گەشەپێدانی کانیی کۆرە (KOMID)ی کردووە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر ئەوەی کە دەوری سەرەکیی لە کڕینی کەرەستە بۆ بەرنامەکانی ناوکیی و مووشەکی بالیستیکی پیونگ یانگ دەگێڕێ، ئابلۆقەیان خستۆتە سەر. بۆ وێنە، شەهید هیممەت بە شێوەیەکی نایاسایی هەواکێش، ئێلێکترۆنیک و کەرەستەی ئەندازە گرتنی بۆ(KOMID) بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئوتۆمبێلی مووشەک هەڵگر و مووشەکی بالیستیکی کە کەڵک لە سوتەمەنی ئاوەکیی وەردەگرن بەڕێ کردوە.

### کاردانەوەی سیاسی

کۆرەی باکوور وەک هاوبەشێکی گرینگ لە هاوپەیمانیی نێوان ئەو دەوڵەت، میلیشیا و جووڵانەوە سیاسییانەی کە بە «تەوەری بەرخۆدان» ناسیاون دەرکەوتووە، کە تاران بۆ بە چالشکێشانی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دروستی کردوە. پیونگ یانگ یەکێک لە گرینگترین دابینکەرانی چەکوچۆڵ و کەرەستە بۆ گرینگترین هاوپەیمانی عەرەبی ئێران، ڕێژیمی ئەسەد لە سورییە، لە ماوەی شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە بووە. بە گوێرەی کاربەدەستانی ئێستا و پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یاخیبووانی حوسییش، کە ئێران پشتیوانییان لێ دەکا، لە هەوڵەکانیان بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی یەمەن کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئیعترافی پێکردووە، چەکوچۆڵیان لە کۆرەی باکوور کڕیوە.

جگە لەوە، سەفەری ئاگوستی کیم یونگنام وێدەچێ پشتیوانیی فەرمیی چین و ڕووسیەشی لە پشت بێ. لە سەر ڕێگای خۆی بەرەو ئێران، ئەو لە پێشدا بە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی کۆریۆ، هەمان هێڵی ئاسمانیی کە وەزارەتی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دێسامبری ٢٠١٦ بە هۆی یارمەتی دارایی ڕێژیمی کیم و بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی، ئابلۆقەی خستبوو سەر، بۆ ڤلادیڤۆستۆک فڕی. پاشان ئەو بە فڕۆکەیەکی ئایرۆفلۆتی ڕووسیە، بە سەر ئاسمانی چیندا بەرەو تاران فڕی.

ئێستا گرینگترین پرسیار ئەویە کە ئاخۆ لوولە تفەنگی دووکەڵاوی کە بتوانێ هاوکاریی ناوکیی نێوان ئێران و کۆرەی باکوور نیشان بدا دەر دەکەوێ؟ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیی دەڵێن جارێ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی ئەوتۆیان نیە. بەڵام گروپە نەیارەکانی ئێرانی دەڵێن کە کاربەدەستانی ڕێژیم سەردانی کۆرەی باکووریان کردوە تا لە تاقیکردنەوەی ٦ بۆمبی ناوکیدا بەشدار بن. ئەوان ئەوەش زیاد دەکەن کە سەرۆکی ئەو کاربەدەستانە موحسین فەخریزادە، ژەنڕاڵی ئێرانی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەوە تۆمەتباری کردوە کە هاوکاری نزیکی فەرەیدون عەبباسی‌دەوانی بۆ توێژینەوە لە بەرنامەی نهێنی ناوکییە. کاربەدەستانی هەواڵگری ئێستا و پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێن ناتوانن ئەو هەواڵە ڕەت بکەنەوە، کەوابوو گشت پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو ڕێژیمە دەبێ لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێ.




***

* ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی خۆرئاوای نیزیک

---

# لە حوجرەوە



عادڵ مەحموودی

## شێخ بابا سەعید

لەساڵی ١٢٣٧ی هەتاوی لە گوندی غەوسابادی مهاباد لە بنەماڵە شێخێکی ئەهلی زانست، منداڵێک چاوی بەژیان هەڵێنا. دوای حەوتوویەک ناویان نا سەعید، کە دواتر لەبەر ئەوەی کە بابە گەورەی ناوی شێخ بابا بووە بە باباسەعید بانگیان کردوە و ناوی بابا سەعیدی بەسەردا بڕاوە.باباسەعید کوڕی شێخ ئیسماعیلە و ناسراوە بە سەدروسادات، شێخ ئیسماعیل لەگەڵ براکانی دیکەی بناخەی گوندی غەوساوابادیان داناوە. باباسەعید بە نازی دایکوبابێکی خوێندەوار و ئەهلی عیرفان و زانست دەورانی منداڵیی تێپەڕاند و هەر لە تەمەنی ٥-٦ ساڵییەوە لە خزمەتی باوکیدا دەستی بە خوێندن و فێربوونی زانستە سەرەتاییە باوەکانی ئەو کات کردوە. دواتر لە حوجرەی مامۆستا سەلیمی شاعیر بە فەرمی دەبێتە فەقێ و سەرەڕای خوێندنەکەی لەگەڵ دنیای شێعر و ئەدەب ئاشنا دەبێ و هەستی شاعێری گەشە دەکا. باباسەعید، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بە مەبەستی زیاتر فێربوون دەچێتە حوجرەی گوندی وەتەمیش، کە حوجرەیەکی بەناوبانگی ئەو دەم بوو و لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب کە زانایەکی ناوداری کوردە، درێژە بە خوێندن دەدا و دوای بڕینی پلەکانی زانستی خواناسی لە خزمەتی مامۆستا عەبدوڵڵادا، هەر لەوێ بڕوانامەی مامۆستایی وەردەگرێ، بەڵام ئەوە دوایین وێستگەی بابا سەعید نابێ و دوای ماوەیەک دەچێتە خزمەتی مامۆستا مەلاعەلی قزڵجی لە گوندی تورجان و خەرمانی زانستی بەپیتتر دەکا. بابا سەعید ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چاوکراوەتر دەبێ و زیاتر تامەزرۆی زانست و فێر بوون و سەفەر و کۆچەری دەبێ و بڕیار دەدا کە گەشتێکی بەرفراوان بە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا بکا و بە داب و نەریت و کلتووری نەتەوەکانی ئێران ئاشنا ببێ. ئەو دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە بڕیاری گەشتێکی گەورەتر دەدا و قەوانی کاروان لە شان دەکا و بەرەو میسر بەڕێ دەکەوێ. مامۆستا لە زانکۆی ئەزهەری میسر دا سێ ساڵی دیکەخەریکی خوێندن دەبێ و پاشان سەردانی عەرەبستانی سعوودی و تورکیەش دەکا ودەچێتە بەغدا و ماوەیەکیش لە شاری بەغدا لە (بابوشێخ) لە خزمەتی شێخ مەحموود حیسامەدیندا بە زانستەکانی حیکمەت و بەلاغە و ئوسووڵدا دەچێتەوە و، بە خەرمانێک لەزانست و ئەزموونەوە بەرەو دیارە داگیرکراوەکەی دەگەڕێتەوە.



باباسەعید، دوای گەڕانەوەی کاتێک دەبینێ وڵاتەکەی پڕە لە نەخۆشیی جۆراوجۆر، بە تایبەت نەخۆشیی گولی کە ئەو کاتە نەخۆشییەک بووە بەو ئاسانییە چارەسەر نەکراوە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لە بەرانبەر ئەو هەموو نەخۆشەدا. ئەو دیسان بارگەی سەفەرێکتر هەڵدەگرێ و بەرەو هێندوستان وەڕێ دەکەوێ بە مەبەستی فێربوونی زانستی پزیشکی و ناسینی گژووگیا و چۆنیەتیی کردنیان بە دەرمان، دوو ساڵیش لەو بوارەدا دەخوێنێ و دواتر دەگەڕێتەوە کوردستان، بە دەستی پڕ لە زانستی پزیشکی و دەرمان‌سازی.

باباسەعید دوای ماوەیەک مانەوەی لە گوندی غەوساباد دەچێتە سلێمانی و لە تەکیەی کاک ئەحمەدی شێخ و لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا بڕوانامەی ڕێنوێنی کردن واتە (ارشاد) وەردەگرێ و بە عەقڵێکی پڕ لەزانست و ڕۆحێکی بەرز و پڕ لە وزەوە، دەگەڕێتەوە ناوچەی مهاباد. ئەو بۆ یەکەم جار لەو ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی دیاریکراو و بە پلان نەخۆشخانە و جێگایەک بۆ درووستکردنی دەرمان و شوێنێکی تایبەت بۆ مانەوەی ئەو نەخۆشانەی کە بە دەس نەخۆشییەکانی گولی و کولێرا و هەروەها نەخۆشیە دەروونییەکان و دەیان نەخۆشیی دیکەوە دەیاننالاند، کردەوە و ژیانی پێ بەخشینەوە. شێخ باباسەعید، لە نووسین و وەرگێڕان و شێعر و خەت خۆشیدا ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە، بۆ نموونە چەندین پەرتووک و نووسراوەی کورت و درێژی لە زمانەکانی فەرەنسی، هێندی و عەرەبییەوە، وەرگێڕاونەتە سەر زمانەکانی کوردی و فارسی؛ بە تایبەت لە زانستی پزشکیدا. هەروەها لە زانستەکانی شیمی و ئەستێرەناسیدا چەند نووسراو و وەرگێڕدراوی هەبوون و لە سەردەمی خۆیدا مامۆستایەکی کەموێنەی ئەستێرەناسی بووە و لەو بوارەدا چەندین قوتابی هەبووە و بە پێی ئەو شارەزاییەی کە هەیبووە ڕۆژژمێری دەرکردوە و خەڵکی ناوچەکە کەڵکیان لێ وەرگرتووە، لە بواری شێعریشدا کۆمەڵێکی بەرچاو شێعری کوردی و فارسی هەن. شێخ باباسەعید، یەکێک بوو لەو ڕووناکبیرانەی سەردەمی خۆی، کە بیری لە کوردستانێکی سەربەخۆ دەکردەوە و چەند جاریش لەگەڵ کەسانێکی وەکوو، شێخ عەبدولقادری نەهری، شێخ مەحموودی بەرزنجی، حەمەحوسێن خانی موکری و محەممەدخانی بانە و سەیفەدین خانی سەقز و چەند کەسایەتی و سەرۆک هۆزی دیکە، سەبارەت بە کێشەی کورد و دەسەڵاتێکی کوردستانی کۆبۆتەوە و بیروڕایان گۆڕیوەتەوە.لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی و لە سەردەمێکدا کە ئیمپراتوریی عوسمانی لە ڕێگەی دنەدانی ئایینەوە خەڵکی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسیە هەڵدەخڕاند، شێخ بابا سەعید یەکێک بوو لەو کەسانەی کە نە سوڵتانەکانی بە خەلیفە دەزانی و نە باوەڕی وابوو کە شەڕی ڕووس و تورکەکانیش جیهادە. هەر لەبەر ئەوە دژایەتیی خۆی بۆ فتوای شەڕ لە دژی ڕووسەکان دەربڕی و دەستی کرد بە گەڕان بە شار و گوندەکانی ئەو ناچەیە و خەڵکی هان دەدا کە بەشداریی نەکەن لەو شەڕەدا، چونکە ئەو شەڕە هیچ پێوەندییەکی بە کوردەکانەوە نیە، خەڵکانێکیش کە بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە خەڵکی کوردستان بەشداری بکەن، دژی شێخ بابا وەستانەوە و چەند جارێکیش هێرشیان کردە سەر گوندی غەوساباد و بە تاڵانیان برد و سووتاندیان و زیانێکی زۆریان لە سەروەت و سامانی شێخ بابا دا و تەنانەت چاویان لە پەڕاوگەکەی کە پەڕاوگەیەکی زانستی و ئیسلامی بوو نەپۆشی و نزیکەی ٢٥٠٠پەرتووکیان سووتاند. زۆری نەخایاند کە سوپای عوسمانییەکان لە چەند بەرێکەوە هاتنەنێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و کوردستان بووبە مەیدانی شەڕی ڕووس و عوسمانییەکان. هەر لە سەرەتای هاتنی عوسمانییەکان ڕەشبگیر و تیرۆر و کوشتاری دژبەرەکانیان دەستی پێکرد، بۆ نموونە محەمەدخانی بانە و حەمەحوسێن خانی موکری و سەیفەدین خانی سەقز هەرکام بە جۆرێک بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ناوچەکە بە دەستی سوپای عوسمانی کوژران. دواتر سوپای عوسمانی گەیشتە گوندی غەوساباد و شێخ باباسەعید گیرا و لە کۆتاییەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٢٩٣ی هەتاویدا لە گوندی «کارێزە»کە فەرماندەیی عوسمانیەکان لەوێ بوو، ئێعدام کرا.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# بۆچی کەربەڵای دارەلەک؟



برایم چووکەڵی

بەشی هەرەزۆری تۆماری تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کوشتن و قەتڵوعام و تالان و ڕاوڕووت و سووتان و ماڵوێرانی و تاوانی دژی ئینسانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان پڕ کراوەتەوە. کوشتوبڕی و پۆل پۆلی خەڵکی شارەکانی سەقز، سنە، بانە و نەغەدە و کۆمەڵکوژییەکانی چەندین گوندی وەک قارنێ، قەڵاتان، سەرووکانی، سۆفیان، حەڵبێ، کۆیکان، حەسەنلۆلان و هتد، ئاوارەکرانی هەزاران بنەماڵە و دوور خستنەوەیان لە کوردستان و، وێران کردن و سووتاندنی دەیان گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیاریی بەرچاوی ئەم حکوومەتەن بۆ خەڵکی کوردستان. هەروەها ڕێژیم بەوەش نەوەستاو بە هەزاران کوردی لە سیاچاڵەکان پەستاوت یان گوللەبارانی کردن و کۆی ئەم کردەوانە بەشێکن لە چییەتی و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە، وڵامی داوا ڕەواکانی گەلی کوردیان بەگوللە و کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی حیزبە کوردییەکان داوەتەوە و لەو سۆنگەیەوە هەر ڕۆژەی پەلاماری بەشێک لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانیان دەدا و بۆ گەیشتن بە مەبەستە نگریسەکانیان لە هیچ کردەوەیەک نەدەپرینگانەوە. لە بەرامبەریشدا ڕۆڵە ئازا و وڵاتپارێزەکانی دێموکرات و خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە هەموو شێوەیەک بەرگرییان لە خاک و زێدی خۆیان دەکرد و بە بەرخۆدانی قارەمانانەیان بەگژ داگیرکەران و تاریکپەرستاندا دەچوونەوە. یەکێک لەو ناوچانەی کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ناوچەی شاروێران و بەتایبەتی گوندی دارەلەک بوو.

شاروێران ناوچەیەکی دەشتایی و پڕپیت و بەرەکەتە کە چەندین گوندی لەخۆ گرتوە. گوندی دارەلەک ٩٥ کیلومیتر لە ورمێوە دوورە و، لە ١٥ کیلۆمیتری باکووری مەهەباد هەڵکەوتوە. کۆماری ئیسلامی کە بۆ خولقاندنی جینایەتێکی دیکە لە کوردستان، گوندی دارەلەکی لە ناوچەی شاروێران دەستنیشان کردبوو، بۆ ئەم مەبەستە لە ستادی فەرماندەهی ورمێ هێزێکی زۆری بە سەدان کەسی کۆ کردەوە و بڕیاریان دا شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەسەر خەڵکی دادەن.

ئەوان بە ناوی پاکسازی ئەو ناوچەیە بڕیاری ئەو عەمەلیاتەیان دا و لە دوایین کۆبوونەوەی نێوان فەرماندەکانی لەشکری ٦٤ی ورمێ، ژاندارمێری، فەرماندەی سپای پاسداران و فەرماندەکانی هێزی هەوایی، لە دوابڕیاری دەسەڵاتدارانی تاران ئاگادار کرانەوە و ڕێگایان پێ درا خەڵکی دارەلەک قەتڵوعام بکەن. بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش ئێوارێی ١٧ی جۆزەردان بەرەو دارەلەک شۆڕ بوونەوە. هێزەکانی سپای پاسداران لە ڕۆژئاوا هێزەکانی بەسیجیش لە باشووری ڕۆژئاواوە دەکەونە جموجۆڵ، هەروەها دەستەیەکی زەربەتی سپا پێکهاتوو لە ٣٦ کەس کە دەورەی تایبەتیان پێ دیتبوون بە هێلیکۆپتێر بەرەو گوێکتەپە بەڕێ کران تا بە قەولی خۆیان پێش بە هەڵاتنی خەڵک بگرن و پشتیش لە هێزی پێشمەرگە بگرن. کۆماری ئیسلامی بێجگە لە قەتڵوعامی خەڵکی ناوچەی شاروێران مەبەستێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەر لەو هەلومەرجەدا ئەو ناوچەیە و بەتایبەتیی ڕێگای ورمێ _ مەهاباد، مەهاباد _ میاندواو داگیر کردبایە، دەیتوانی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ئەو مەڵبەندەدا زاڵ بێ. بۆیە پلانی بەرفراوانی بۆ ئەو هێرشە دڕندانەیە داڕشت و بە هەموو پێداویستی و ئیمکاناتێک کە لەو پارێزگایەدا لەبەر دەستی دابوو، عەمەلیاتی بەناو «یا مهدی» دەست پێکرد.

لەحاڵێکدا بەرەبەیانی ١٨ی جۆزەردان، خەڵکی ناوچەی شاروێران بەرەو کاری وەرزێڕی دەچوون، هەواڵی هاتنی هێزی داگیرکەریان بیست و خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیە وێڕای پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو مەڵبەندە بەرەنگاری هێزی دڕندەی کۆنەپەرستی بوونەوە و دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا. ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد پێش ئەوەی هێزی دژیگەلی دەستی بە خوێنی خەڵک سوور بێ، لێیان ڕاسان و لە هەموو لایەکەوە بەتوندی بەرپەرچیان دانەوە و دەرسی عیبرەتی وایان پێدان کە هەتا هەتایە لەبیریان ناچێتەوە، بە جۆرێک کە ڕێژیم ئێستاش هەموو ساڵێک یادی ئەو کوژراوانەیان دەکەنەوە کە لەو ڕۆژەدا تێداچوون.

بەڵێ! ڕۆژی ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ بۆ بەرگرتن لە قەتڵوعامی خەڵک لە لایەن هێزی کۆنەپەرستییەوە، قارەمانانی دیموکرات لە هێزی پەلاماردەر وەدەست هاتن و بە سەدان کەس لە هێزی دوژمن جەندەکیان لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەجێ ما. کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەواڵی شکستی هێزەکانیان بیست بە ٣ هێلیکۆپتێر هێزی کۆماندۆیان نارده پشتی هێزی پێشمەرگە و لە نزیک ئاوایی گوێکتەپە پیادەی کردن، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەر ٣ هێلیکۆپتێرەکە بە چەکی فیداکارانی دیموکرات کەوتنە خوارەوە و هەموو ئەو هێزانەش کە دابەزیبوون کوژران کە میهدی ئەمینی، فەرماندەی عەمەلیاتی سپای ورمێ یەک لەو کوژراوەکان بوو.

شەڕی دارەلەک لەدەشتی شاروێران، لەو عەمەلیاتە فیداکارانە و قارەمانانەیە کە لاپەڕەکانی مێژووی بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لەو ناوچەیە پێ ڕازاوەتەوە و بۆ هەمیشە لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەمان دەدرەوشێتەوە.

شەڕی دارەلەک چەند تایبەتمەندی و خاڵی گرینگ و جێی سەرنجی لەخۆگرتبوو،

یەکەم؛ هێزی کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ گرتنی ئەو ناوچەیە بەکاری هێنا و لەبەرامبەریشدا شکستێکی گەورەی لەهێزی پێشمەرگە خوارد.

دووهەم؛ پیلانەکانی ڕێژیم کەمەبەستیان بوو و یەکلەوان قەتڵوعامی خەڵک و ڕاونانی پێشمەرگە بوو، هەموویان بوونەوە بڵقی سەرئاو.

سێهەم؛ ڕیژیم پێی وابوو کە بەگرتنی ئەو ڕێگاوبان و ناوچەی شاروێران جووڵانەوە و جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە خاشەبڕ دەکا کە لەویشدا شکستی خوارد.

چوارەم؛ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە ورەیەکی تایبەتی بە خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەخشی و دەریخست کە ڕۆڵەکانیان هەردەم ئامادەن گیانیان لە پێناو داکۆکی لە گەل و نیشتمان ببەخشن، دیارە بە داخەوە لەم عەمەلیاتە گەورەیەدا ٤ پێشمەرگەی ئازا و جەنگاوەر بە بەخشینی خوێنی خۆیان سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمار کرد و سەرشۆڕییان نەسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی کرد.

# لایحەی بودجەی ٩٧

## بەتاڵکردنی سفرەی خەڵک و ئاخنینی باخەڵی هێزە چەکدارەکان



عەلی بداغی

دەوڵەتی حەسەنی ڕوحانی بودجەی ساڵی ١٣٩٧ی داوەتە مەجلیس. ئەگەرچی مشتومڕەکان لەسەر پەسندکردن یان گۆڕانکاری لەو بودجەیەدا جارێ درێژەی دەبێ، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوونە ئەوەیە لەو لایحەیەدا بودجەی هێزە چەکدارەکان زیادی کردوە، ناوەندە مەزهەبییەکان و دامەزراوە بەناو کلتووری و ئایینییەکانی ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئایینیی کۆماری ئیسلامی پشکیان لە بودجەی ئەمساڵدا زیاتر لە ساڵانی ڕابردوویە؛ هەروەها دەوڵەت پێشنیاری لابردنی یارانەی لەسەر قووتی سەرەکیی ژیانی خەڵک، واتە نان کردوە، بودجەی بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات سەدا ١٥ و هەروەها بودجەی بەشی پەروەردە و فێرکردن سەدا ٤٠ لە کەمی داوە و خشتەی ژمارە ١٧ش چۆتە ڕەدیفی بودجەوە.

خشتەی ژمارە ١٧ی بودجە لەمێژ ساڵە خەڵک دەیزانن و دەیناسن، ڕیزی کۆمەڵێک بنیات و ناوەندی ژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی ئایینی و مەرجەعە مەزهەبییەکان، کاربەدەستانی دەستڕۆیشتوو کە ساڵانە هەزاران میلیارد تمەن لە سامانی گشتیی وڵاتیان دەدرێتێ، بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو پارە بە لێشاوە لە کوێ و لە چیدا خەرج دەکرێ و قازانجی بۆ خەڵک چین؟

«حەوزەی عیلمییەی قوم»، «سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی»، «دامەزراوەی توێژینەوە و فێرکاریی ئیمام خومەینی» کە لە ژێر دەسەڵاتی میسباح یەزدیدا بەڕێوە دەبرێ، «جامعه المصطفی العالمیه» کە لە بەردەستی ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی دایە، «دامەزراوەی دایەرەتولمەعارفی فیقهی ئیسلامی» کە سەید مەحمود هاشمی شاهروودی هەڵیدەسووڕێنێ، «دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئیمام» کە سەید حەسەن خومەینی دەیگێڕێ، «بنیاتی ئێرانناسی» کە محەممەد خامنەیی، برای سەید عەلیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبا، «بنیاتی سەعدی، دایەرەتولمەعارف و فەرهەنگستان» کە غوڵامعەلی حەداد عادل، خەزووری کوڕی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکا، «زانکۆی موتەهیری»، «فەرهەنگستانی هونەر»، «کتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەرعەشی» و دەیان ناو و شوێن و دامەزراوەی دی کە هەر کام ساڵێ لە نێوان ١٥ هەتا ٤٥٠ میلیارد تمەنیان بەبەلاش دەدرێتێ، بێ ئەوەی تەنانەت دەوڵەت بۆ خۆیشی دەسەڵاتی هیچ جۆرە چاوەدێرییەکی بەسەر جۆری چالاکی و چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو هەزاران میلیارد تمەنە هەبێ کە لە باخەڵی خەڵک دەری دێنن و لە حسێبی ئەوانی دەکەن.

ئەوەی لە لایحەی بودجەی ئەمساڵدا دەردەکەوێ، دەوڵەت ئەو خشتەیەی لابردوە و وەک ساڵان و بە شێوەی سەربەخۆ نەیگونجاندوە، بەڵکوو لە ڕدیفی بودجە و لە ڕیزی تێچووەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاددا هێناونی کە ئەگەرچی وەک هەوڵێکی دەوڵەت بۆ شەفافییەتی زیاتر و چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی ئەو بەشینەوە زۆر و زەوەندە چاوی لێدەکرێ، بەڵام ئەسڵی بابەت هەر لە جێی خۆیەتی. خەڵک دەپرسن کاری ئەم هەموو دامودەزگا پان و بەرینە بەو هەمووە تێچووە قورسە چییە و چییان کردوە و لە پێناو کام پرس و خەمی کۆمەڵگەدان کە خوانی ئاوایان بۆ ڕادەخرێ.

بەپێی داتا و دیکۆمێنتەکان ئەوەندەی بە ئاشکرا دەدرێتە ئەو شوێنانە لە ساڵدا نیزیک بە ٨٠٠٠ میلیارد تمەنە، ئەویش لە حاڵێکدا بەپێی سەرچاوە ڕەسمییەکان بودجەی هەر هەموو ژینگەپارێزیی وڵات تەنیا ٣٠٠ میلیارد تمەنە، هەروەها لە هەموو بودجەی تەرخانکراوی ئەمساڵ بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە کەمێک زیاتر لە ٧٠٠٠ میلیارد تمەنی بۆ تەرخان کراوە(١)، بە واتایەکی دی سەرجەم بودجەی ئاوەدانی و وەبەرهێنان و گەشەی وڵات ناگاتە ئەو پووڵ و پلەیەی بەبەلاش و بێبەرامبەر دەدرێتە ئەو ناوەند و دەزگا حکومییانەی هیچ فەڕ و خێرێکیان بۆ خەڵک و کۆمەڵگە نییە.

حەسەن ڕوحانی لە حاڵێکدا ڕایگەیاندوە کە ئامانجی سەرەکیی بودجەی ساڵی ٩٧ نەهێشتنی هەژارییە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام کە سەیری ڕدیفی بودجە و هەروەها پڕاکتیکەکانی ناوبراو دەکەین، دەبینین کابینەکەی ئەویش نەک بۆ ئەو مەبەستە بەڵکوو بۆ سەقامگیربوونی زیاتری ڕێژیم و لە پێناو بردنەپێشێی سیاسەتە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیمەکەی هەنگاوی ناوە. چۆن؟

لە حاڵێکدا سەرجەم بودجەی پێشنیارکراو بۆ ساڵی ١٣٩٧ لە چاو ساڵی ڕابردوو تەنیا سەدی ٣/٧ زیادی کردوە، بەڵام بودجەی پێشنیارکراو بۆ وەزارەتی بەرگری سەدا ٣٣ و بودجەی سپای پاسداران بە تایبەتی سەدا ٤٢ زیادی کردوە. بودجەی سپا ئەوەندەی بە ئاشکرا لە ڕدیفی بودجەدا هاتوە، ساڵی ڕابردوو ١٥ هەزار و ٥٠٠ میلیارد تمەن بوو و بۆ ئەمساڵ ٢٧ هەزار میلیارد تمەنی بۆ لەبەرچاو گیراوە. بەڵام؛

پشکی بودجەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بۆ ساڵی داهاتوو ١١ هەزار میلیارد تمەن لە چاو ساڵی ڕابردوو لە کەمی داوە، ئەویش لە کاتێکدا کە بە هەزاران پڕۆژەی نیوەچڵ بەسەر دەستی دەوڵەتدا ماوەتەوە و سروشتییە لەو دۆخەدا چیی بە کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران دەبڕێ کە بە درێژایی هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەلاوەیان ناون. کەمکردنەوەی ١١ هەزار میلیارد تمەنی لە بودجەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و زیادکردنی ١٢ هەزار میلیارد تمەنیی زیاتر لە بودجەی ساڵی ڕابردوو بۆ سپای پاسداران دەریدەخا کە سپای پاسداران لە حاڵێکدا زیاتر لە نیوەی هەموو بودجەی هێزە چەکدارەکانی ئێرانی دراوەتێ، بۆ ساڵی داهاتوو چ خەون و خەیاڵێکی لەسەر دایە.

سەیر ئەوەیە کە حەسەن ڕوحانی لە کاتێکدا پێشنیاری ئەو بڕە بودجەیەی بۆ سپای پاسداران کردوە کە پێش هەڵبژاردنەوەی بە سەرۆک کۆماری بەردەوام ڕەخنەی لەوە دەگرت کە کۆکردنەوەی دەسەڵاتی ئابووری و نیزامی و ڕاگەیاندن لە شوێنێک _ کە مەبەستی سپای پاسداران بوو_ بووەتە هۆی گەندەڵییەکی هەوسار پچڕاو.

لەلایەکی دیکەشەوە تەرخانکردنی بەشی هەرە زۆری داهات و بودجەی گشتیی وڵات بۆ سیاسەتە شەڕخوازانەکانی ڕێژیم لە حاڵێک دایە کە هەژاری، بێکاری و گرانی بینەقاقای زۆرینەی خەڵکی ئێرانی گرتوە و هێنانی «نان» بۆ سەر سفرە بۆتە بارگرانی بۆ زۆر خەڵک، هەر ئەو نانەی کە ئێستا لە بودجەی ٩٧ دا بڕیارە یارانەی دەوڵەتیی لەسەر هەڵگیرێ و نرخەکەی ئازاد بکرێ، بە واتایەکی دی ئەگەر مەجلیس ئەو بەندە لە بودجەی پێشنیاریی دەوڵەت پەسند بکا نرخی نان زیاتر لە دوو هێندەی ئێستا گرانتر دەبێ و خەڵکێکی زۆر هەر ئەو نانە ویشکەیان بۆ ناکڕدرێ.

**چەند خاڵێکی دیکەی بودجەی ٩٧ جێی سەرنجە:**

_ بودجەی پێدانی مانگانە بۆ پەککەوتوان و بنەماڵەی مەلا کۆچکردووەکان ١٨٧ میلیارد تمەن و بودجەی یارمەتیدانی ژیانی فەقێکانی حکومەت ٣٣٥ میلیارد تمەنە و ٢٥٣ میلیارد تمەن بۆ بیمەکردنیان تەرخان کراوە، بەڵام لە کوردستان نەک کۆڵبەران و کرێکاران بیمە ناکرێن و قوربانی و بنەماڵەی قوربانیانی تەقینەوەی مین و دەستڕێژی هێزە چەکدارەکان قەرەبوو ناکرێنەوە، بگرە دەگیرێن و جەریمەش دەکرێن.

_ بودجەی ناوندی خزمەتگوزارییەکانی حەوزەکانی عیلمییە ٦٠٠ میلیارد تمەنە، بەڵام سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی وڵات ١٥٧ میلیارد تمەنیان دەدرێتێ.


_ «جامعه المصطفی العالمیه» کە تەنیا یەکێک لە ناوەندەکانی پەروەردەی ئایینیی سەر بە دەسەڵاتە، بە تەنێ ٣٣٠ میلیارد تمەنی دراوەتێ، بەڵام بودجەی زانکۆکانی سەنعەتیی شەریف و ئەمیرکەبیر ٢٥٤ میلیارد تمەنە.

_ لەو بودجەیەدا سەرانەی فێرکردن و پەروەردە بۆ ساڵی داهاتوو نیوە کراوە، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەو هەمووە کەمایسییە لە دابینکردنی شوێن و ئیمکاناتی خوێندن، وەک کەمیی قوتابخانە و خوێندنگەکان، نۆژەنکردنەوە و کۆک و پۆشتەکردنیان.

_ لە بودجەی ٩٧دا پێشبینی کراوە داهاتێکی زیاتر لە ئی ئەمساڵ، واتە نیزیک بە ١٩،٥ هەزار میلیارد تمەن لە بەشی ماڵیات و پیتاک بە نەسیبی دەوڵەت بێ؛ کە هەر کەسەو لە ئێران ٢٤٥ هەزار تمەنی پێ دەبڕێ.(٢) واتە دەوڵەت دەیەوێ بە کەمتر حسێبکردن لەسەر داهاتی فرۆشی نەوت، نوقسانیی ئەو بەشە بە زۆرکردنی باج و پیتاک لەسەر خەڵک و، گرانکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و برق و گاز و سوتەمەنییەکانی وەک نەوت و گازۆڵ و بێنزین و تەنانەت نان و سەیرتر لەوە وەرگرتنی باجی قورسی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتی خەڵک بەپێی بڕوانامەی خوێندن پڕ بکاتەوە.

_ دواجار لایحەی بودجەی ساڵی داهاتووش لە کاتێکدا هەمیسان تێچووەکانی ڕاییکردنی کاروباری وڵات سەدی ٩ زیادی کردوە، کە حەسەن ڕوحانی لە ٥ ساڵی سەرکۆماریی خۆیدا بەردەوام لەو سۆنگەیەوە ڕەخنەی توندی لە سەردەمی ئەحمەدینژاد دەگرت، ڕێچکەیەک کە بۆ خۆی خراپتر پێیدا دەڕوا.

بە کورتی بودجەی ٩٧ نەک هیچی بۆ خەڵکی ئێران تێدا نییە، بەڵکوو لە سفرەی خەڵک و لە زاری خەڵکیان گرتۆتەوە و لە دەمی هێز و دەزگا نیزامی و ئەمنیەتییەکانیان ڕۆ کردوە.




### سەرچاوەکان

1) ایلنا، کد خبر: ٥٦٩٠٣٢ ٢١/٠٩/١٣٩٦
2) روزنامه خراسان/ شماره : ١٩٧٠٦ – ١٣٩٦ پنج شنبه ٢٣ آذر

کوردستان
ژمارە:٧١٦
٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ _ ٢١ی دێسامبر٢٠١٧



نەسرین یوسفزادە

# یەڵداییترین شەیدایانی کازیوە

سالێکە برینێکی ساڕێژنەبوو وەپەیکەری دێموکرات کەوتوە و پێنج مەلی ئەو دارستانە لە شەقەی باڵیان داوە و بەرەو پیرەکەی یەلدایان لە فڕیون. من خۆم بە قەرزداریان زانی و داوام لە بەشێک لە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیان کرد تا بە گێڕانەوەیەک بیرەوەرییەک یادی هەمیشە زیندوویان بەرز ڕابگرین.

## عومەر باڵەکی، ئاوا باس لە بیرەوەرییەکی خۆی و شەهید عەلی قۆیتاسی دەکا

سالی ١٣٦٩ بوو هێزی پێشەوا و کومیتەی شارستانی مەهاباد بە فەرماندەیی من لە ناوچە بووین. ئەو ڕۆژە وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە بۆ حەسانەوە لە نێو باخێکی نێوان ئاواییەکانی هاچیدەرێ و قوڵغەتەپە مابووینەوە. دوژمن بەوەی زانیبوو و لە نەکاو کەوتینە بەر هێرشی تۆپ و خۆمپارە. هیچ دەرتانێکمان نەبوو. بیرێک بە مێشکم داهات. شەهید عەلی قۆیتاسی لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە پێشمەرگەکان لە نێو جۆگەیەکدا خۆیان مات دابوو. لە مەجالێکدا خۆم گەیاندێ و گوتم: عەلی دەتوانی هەڵێی؟ ئەویش لە جوابدا گوتی: بەڵی و هەردووکمان خۆمان توندوتۆڵ کرد و دووبەدوو بەرەو بەرزایی بەینی هاچیدەرێ و قولغەتەپە دەستمان بەڕاکردن کرد.

هێزی دوژمن کە ئێمەیان بینی بە خەیاڵی ئەوەی تیمی تەشکیلاتین و تەنیا هەر ئەو دوو کەسەین ڕووی چەکەکانیان لە ئێمە کرد و بە هەرچی چەکی دوورهاوێژبوو تەقەیان لێ دەکردین، بەڵام بە خۆشییەوە بە سڵامەت خۆمان گەیاندە سەر بەرزاییەکە و لەبەر چاویان ون بووین. دوژمن دوای ماوەیەکی دیکە بێ ئەوەی بە ئامانج بگا خۆی کۆ کردەوە وبەرەو گوردانی نێشتەجێ لە خەلیفان گەڕاوە.

عەلی لێی پرسیم ئەرێ خاڵە بۆ وامان کرد؟ ئەمنیش گوتم: تۆ چاولێکە ئێمە کارێکمان کرد کە دوژمن وا بزانێ هێزی ئێمە تەنیا ئەو چەند کەسەین کە ڕامانکردوە. ئەگەر ئەمن و تۆ وامان نەکردبایە ئەو تۆپبارانە هەر لەسەر پێشمەرگەکان دەبوو و ڕەنگە تووشی شەهید و برینداری زۆر بایەین. هەڵاتنی ئیمە بەو شێوەیە بوو بە هۆی ئەوە ئاوری تۆپبارانەکە لە سەر هێز لابچێ.

ڕۆژی دوایی لە دۆلی ئەشکەوتانی ئاوایی قزڵجەی سەرێ مابووینە. ئەو ڕۆژە عەلی دیدەبان بوو و لە شوێنێکی بڵێندەوە چاوەدێری وڵاتی دەکرد. دەوروبەری سەعاتی ٢ی پاش نیوەرۆیەبوو کە ئاگاداری کردینەوە هێزێکی زۆری دوژمن لە ئاوایی ئەمین ئابادەوە بەرەو ئیرە دێن. بە پەلە خۆمان سازمان دا. چووم بۆ لای قویتاسی و لەوێڕا پێشمەرگەکانم هیدایت کرد کە لە دۆڵی قزڵجەی سەرێ پێشیان بە دوژمن گرت و زەبرێکی باشیان لێدان. دوای ئەوە دوژمن پرشوبڵاو بوو و هێدی هێدی هەوا تاریک دەبوو پێشمەرگەکان گەڕانەوە. دەبووایە ئەو ناوچەیە جێ بەیڵین و زوو لەو شوێنە دوور کەوینەوە. من و عەلی کە هێندێک لەوان دوورتر بووین دوابەدوای ئەوان لە بەرزاییەکە هاتینە خوارێ و وەشوێنیان کەوتین بەڵام کاتێک گەیشتینە خوارێ ئەوان دوور کەوتبونەوە. ڕانەوەستاین و وەرێ کەوتین تا گەیشتینە کانیاوێک. دانیشتین دەست و دم و چاومان شۆرد و ئاومان خواردەوە. هەستم کرد زۆرم برسیە. گوتم عەلی نانت پێیە؟ گوتی بەڵێ خاڵە پێمە بەڵام پێخۆرم پێ نیە. گوتم هیچ نیە ئەدی قەندت پێیە؟ گوتی بەڵێ.

قەندەکەم لێ وەرگرت بە دوو بەرد وردم کرد و خاکەقەندەکەمان کردە نێو نانەکە و کردمانە بابۆڵە و ئەو ژەمەمان بەوە سەر کرد.

شەهید عەلی تا ئەو ساڵانەش کاتێک کە بیرەوەرییەکانی لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی دەگێڕاوە باسی ئەو ڕۆژە و تامی خۆشی بابۆڵەی خاکەقەندیشی دەکرد ودەیگوت کوردایەتی بە بابۆڵە خاکەقەندەوە خۆشە.

## یادێک لە شەهید وەهاب میرخزری لە بیرەوەرییەکی فەتاح لاچینیدا:

بەهاری چەند ساڵ لەوە پێش بوو. بۆ جەولەیەکی یەک ڕۆژە چووبووین بۆ چیای باواجی. چەند پێشمەرگەی تازەمان لەگەڵ بوو کە دیار بوو کوردگوتەنی هێشتا لەشیان لە سەختییەکانی ژیانی پێشمەرگانەدا نەخارابوو. شەهید وەهاب لە پێشەوە دەڕۆیشت و خێرا خێرا لە سەفەکە دەچوە دەرێ و بەکامێراکەی وێنەی لەشاخ و چیا و ڕیزی پێشمەرگەکانی دەگرت. لەپڕ ئیزنی لە فەرماندە وەرگرت و بەپەلە چووە خوار چیاکە. پێمان سەیر بوو کە داخوا چ ڕووی داوە کاتێک دیتمان لەخوار چیاکە پێنج پێشمەرگەکەی کە تازە دەورەیان تواو کردبوو و یەکەم جاریان بوو دەهاتنە ئەو شێوە گەشتانە، زۆر ماندوو ببوون و توانای ڕێبڕین بۆ بەرزاییان نەمابوو. بینیم چووە لایان و کۆڵەپشتی هەر پێنجیانی وەرگرت و وەپێش خۆی دان و لە دواوەشیان بە قسەکردن و پێکەنین ورەی دەدانێ و ئەوانیش وردەوردە ماندووییان حەساوە و هەنگاوەکانیان باشتر هەڵێناوە تا گەیشتینە شوێنی مەبەست.

ئەوکات چووم بۆ لای و لێم پرسی کاکە تۆ چیت بەوانە دابوو خۆ تۆ لە ڕیزی پێشێ بووی بۆ ئەوەندەت خۆ وەدوادا؟

به هەناسەسواری و ماندوویی لەحاڵێکدا خەریک بوو پاڵ وەتاشە بەردێکەوە بدا گوتی: کاکە تۆ چۆن وادەڵێی من تەنیا پێشمەرگە نیم، ئەمن بابی پێشمەرگەشم و هەموو پێشمەرگەکان بۆ من «محەممەد»ن. ئەگەر محەممەد پەکی کەوتبایە ئەمن چۆن دەمتوانی هەنگاوێک هەڵێنمەوە؟

دوایە گوتی: کاک فەتاح لەوانەیە ئەو پێنج تازەلاوەی کە ئەمڕۆ پێشمەرگەن چەند ساڵ یا چەند مانگ زیاتر نەمێن و لەوانەشە وەک ئێمە بمێننەوە و ببن بە چقڵ بۆ چاوی نەیاران. ئەوە ئەگەر مانەوە باشتر فێری ئەوە دەبن کە پەروەردەی دێمۆکڕات یانی لەخۆبوردوویی و خۆنەویستی و هاوکاری هاوڕێیانی پەککەوتوو لە مەیداندا. ئەگەر نەشمانەوە ئەوە لە یادیان دادەمێنی و لە هەموو جێگایەک باس لە ئەوە دەکەن کە پێشمەرگەی دێموکرات هەرگیز و لەهیچ کات و زەمانێکدا پشتی هاوسەنگەری چۆڵ نەکردوە و نایکا.

ئاواتم ئەوەیە بچمەوە ناوچە و لە نێو خەڵکدا خۆم ببینمەوە و وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەت ئەرکە حیزبییەکانمدا بم.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ماڵێ دانیشتبووم کە لە دەرگایان دا. چووم کردمەوە. دیتم سالارە و بە بیست لیترییەک نەوتەوە لە نێو شیپانەی درگاکەدا ڕاوەستابوو.

گوتم ئەوە چییە داداش؟ پێکەنی و گوتی تۆ ئەوەندەت ئەو داداشە لە زار خۆشە کە پێم خۆشە هەمیشە لێتی ببیستم. ها بگرە کەمێک نەوتم بۆ هێناوی.

بیست لیترییەکەی دانا و بەپەلە کەوتە ماڵاوایی کردن. گوتم: بۆ کوێ؟ ئەو نەوتە چییە و بە چی تا ئێرە هاتووی بەو بیست لیترییە قورسەوە؟

لەو کاتەدا کە دوور دەکەوتەوە گوتی: هی ژووری خۆمانە، ئێمە لێمان زیاد بوو گوتم با سرووش سەرمای نەبێ بۆم هێنان. گوتم: باشە وەرە ژوورێ چایەک بخۆوە.

گوتی: نا درەنگە. بە ماشێنی فڵانکەس هاتووم و ئەویش بەپەلە و دەبێ بڕۆین. چاخواردنەوەکە با بۆ کاتێکی دیکە بێ.

بەیانی کاتێک چوومە قەڵا بیستم کە ئەو خۆی نەوتی نەبوە و دۆینێ بەشە نەوتەکەی خۆی بۆ ئێمە هێناوە و تەنانەت ماشێنیش نەبوە پێی بێنێ و ڕێگای نێوان قەڵا و بنکەی ئازادیی بە پێیان بڕیبوو...




## بیرەوەرییەکی شەهید ئەرسەلان عەباسنیا لە زمانی عەزیز حاجی ڕەحیمی:

هاوینی ساڵی ١٣٩٥ بۆ مەئمورییەتێک چووبووینە هەڵگورد. هەتا ئەوکات ئەمن لە نیزیکەوە ئەرسەلانم نەدەناسی کە لە خۆشەویستییان پێیان دەگوت «کاکە گیان».

ماوەی چەند ڕۆژێک بوو لە هەڵگورد بووین. هەموو ئێواران لەگەڵ ئەرسەلان و چەند پێشمەرگەی دیکە دەچوینە سەرێ و لای ئێوارێ بەرەو بنکەکانی حیزب لەو چیایە دەگەڕاینەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە کاتی ڕۆیشتن سەرقاڵی قسە بووین و بێ ئەوەی هەست پێ بکەین لە بنکەکانمان دوور کەوتبووینەوە. باشمان بە ڕێگاکە نەدەزانی و بە هەر لایەکدا دەڕۆیشتین ئەو ڕێگایە نەبوو کە پێیدا هاتبووین. لە نەکاو تووشی چەند گریلای (پ.ک.ک) بووین کە بۆ لامان دەهاتن. لەپڕ چەکیان لێ کێشاین. ئەوان پێیان وابوو ئێمە بە نیەتی خراپ لە بنکەکانیان نزیک دەبینەوە.

ئەمن و پێشمەرگەکانی دیکە کاتێک ئەو دیمەنەمان دی بێ یەک و دوو چەکەکانمان خستە سەر پێ و خۆمان بۆ ئەگەرێکی نەخوازراو دانا. لە پڕ کاکەگیان گوتی: کاکە ئەوە چ دەکەن. خۆ ئەوانە کە چەکیان لە ئێمە کێشاوە نازانن ئێمە ڕێگامان لێ تێکچووە و ڕێمان کەوتۆتە ئێرە، بەڵام خۆ ئێمە دەزانین نابێ ڕووی چەکمان لەوان بێ. کاکە ئەوانە کوردن و چەکی پێشمەرگەی دێموکرات قەت ڕووی لە کورد نەبووە.

دواتر ئەوانیش کە زانییان ئێمە پێشمەرگەی دێمۆکڕاتین بە ڕێزەوە وەریانگرتین و گرژی و ئاڵۆزییەکە بڕایەوە. بەڵام لەوکاتەدا کە دەگەڕاینەوە بیرم لەوە دەکردوە کە پێشمەرگەی دێمۆکڕات هەمووکات ئاشق و سەوداسەری ئازادی بووە. لەبەر ئەوەشە کە کاتێک ماف و ئازادییان لێ زەوت کردوە دەستی داوەتە چەک. ئەمن بۆ چەند چرکە ئەوەم لە یاد چووبوو و ئەوە ئەرسەلانی بێدەنگ و ئارام بوو کە وەبیری هێنامەوە پێشمەرگەم و پێشمەرگە هەرگیز شەڕی نەویستوە.

## بیرەوەرییەکی شەهید ناسر کەریمی لە زمان سمکۆ ئەمین سەردەشتییەوە:

١٧ بەهاری ژین ئی ئەوە نیە کە خەزان و وەیشوومە یەکجێ بێ و لەگەڵ خۆی بیبا، خۆ ئەو هێشتا بە تامی دڵ بە دنیا پێ نەکەنیبوو.

لەو کاتەوە ئێمە وەک تەشکیلاتەکانی نێو شار لە بانە کاری ڕێکخراوەییمان لەگەڵ کاک محەممەدئەمین، باوکی شەهید ناسر کەریمی دەکرد، ناسرمان دەناسی. بۆ کارەکان ئەمن، کاک محەممەدئەمین و شاهۆی برام بووین و کوڕێکی چکۆلەی زیت و وریا کە هەردەم پێ بەپێمان دەهات و یارمەتیی دەداین.

یەکەم ڕۆژەکان بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو منداڵە و، لەوانەیە لە ڕووی نەزانی باسی ئەو کارانەی ئێمە لای هاوڕێکانی بکا. تا ڕۆژێک شتێکم بینی و ئیمانم بەوە هێنا کە ناسر زیاتر لە جەستە و تەمەنی گەورەیە.

چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ دووی ڕێبەندان. ناسر سەرباری کەمیی تەمەنی لە زۆربەی کارە ڕێکخراوەییەکانی نێو شاردا لەگەڵمان بوو. ئەو ڕۆژە لای ئێوارێ بوو کە لە مەدرەسە هاتەوە. کاتێک بینی کە ئێمە سەرقاڵی ئامادەکردنی سیدی و تراکت بۆ ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانین کەمێک لەلامان دانیشت و یارمەتیی داین و لەو کاتەدا وەک ئەوەی بیرۆکەیەکی بە مێشکیدا هاتبێ لە جێی خۆی دەرپەڕی و گوتی: ڕاوەستن دەست لەو شتانە مەدەن ئێوە دەبێ یەکی سەروو جووتێک دەستەوانەی پلاستیکی و کڵاوێک بە کار بێنن.

هەموو سەرمان لەوە سوڕمابوو کە ناسر بۆچی وا دەڵێ و دەستەوانە و کڵاومان بۆ چییە؟

گوتی: کاک سمکۆ ئەو سیدی و تراکتانە کە دەیخەینە نێو ئەو پاکەتانە ئەگە جێ پەنجەمانی پێوە بمێنی لەوانەیە هەر بەوە پێمان بزانن و بمانبینەوە. بەڵام ئەو کڵاو و دەستەوانانە لەو مەترسییەمان دەپارێزن.

هەمووومان سەرمان لە وشیارییەکەی سوڕمابوو. ڕاستی دەگوت بۆیە دەستمان لە کارەکەمان هەڵگرت و بە قسەی ئەومان کرد و چووین دەستەوانە و کڵاومان کڕی تا سەعاتی دەی شەو لەلامان دانیشت و هەموو تراکت و زیدی وکەلوپەلەکانی دیکەی لەگەڵ جێبەجێ کردین. ئەو کات کە هەموو شتەکانمان پێچاوە باوکی گوتی: ئیتر ناسر گیان بچۆ بخەوە تا ئێمە دەچین ئەوانە بڵاو دەکەینەیە، لەگەڵ ئەوەی زۆری پیخۆش بوو لەو کارەشدا هاوکاریمان بکا بە گوێی بابی کرد و دوای ئەوەی کە شەوخۆشی لێ کردین چوو نوست. ئەوەی لای من لەو کاتەدا سەیر و لە عەینی حاڵیشدا کارێکی گەورە بوو ئەوەبوو ئەو منداڵە کە تەنیا تەمەنی دە یان یازدە ساڵ دەبوو ئەو هەموو بیرۆکە باشەی بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانمان بوو تەنانەت ئەو شەوە تا کاتی هاتنەوەمان بۆ ماڵی خەوی لێنەکەوتبوو و بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانمان بوو تا بچینەوە.

ئەوە یەکەم هاوکاری ناسر نەبوو و دوایین هاوکاریشی نەبوو و دوای چەند ساڵیش کە هاتبووینە نێو ڕیزەکانی ئاشکرای حیزب، ئەو وێڕای خوێندن هەموو کاتە بەتاڵەکانی بۆ کار و چالاکی لە ڕێکخراوی لاوان و هەروەها هاوکاریی کوردکاناڵدا تەرخان دەکرد. ئەو خۆبەخشانە لەگەڵ پێشمەرگەکان دەچووە و هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی بۆ کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی هان دەدا و بەو کارانەی بە ئێمەی دەگوت کە «ناسر گەورە پێشمەگەیەکی بچکۆلە بوو...»

## بیرەوەریەکی شەهید سالار باقری، لە زمانی شۆڕش ئەڵاوەیسی:

سەرمای کۆتاییەکانی سەرماوەز هەڵی کردبوو. لە کوردکاناڵ کاتی چایی خواردنەوە باسی ساردیی هەوا و نەبوونی نەوت کرا. هەموو گلەییمان لەو بارودۆخە بوو. سالار بێدەنگ دانیشتبوو. ماوەیەک بوو هەستم کردبوو کە عەشقێکی بەتین لە دڵیدا هێلانەی کردوە.

باسی نەوت و ساردیی هەوا بە خواردنی چایی لە نێو کۆڕی گەرمی هاوڕێیانی کوردکاناڵ تەواو بوو و هەموومان چووینەوە سەر کارەکانمان. کاتێک چووینە ژوورە بچکۆلەکەی خۆمان گوتم: سالار تۆ کە ئاوا عاشقی بووی بۆ پێی نالێی؟ بۆ نایدرکێنێ؟

گوتی: ئەخە من بە هیوام بەهارێ بچمەوە ناوچە. لێم کردە شۆخی و گوتم: دەی بۆ مەگە ئەوکات بیانووت پێ دەگرێ کە لەگەڵ خۆت بیبەی؟


سەری داخست و گوتی: نا، بەڵام لە دڵم چەقیوە کە شەهید دەبم. دەترسێم پێوەندیمان بێ و دوایە ئەگە نەگەڕامەوە ئەو خەمبار بێ.

گوتم: دەی مەچۆوە...

گوتی: ناتوانم، ئەمن پێش ئەوەی عاشقی ئەو بم، هەموو

ئەوانە شەیدایان و ئەویندارانی کازیوە بوون و لە درێژترین شەوی ساڵدا بۆ هەمیشە ناویان کەوتە پاڵ ناوی لەدایکبووی کازیوەی یەڵدا و هەتاهەتایی بوون.

## لەهەر باخەی گوڵێک



هەیاس کاردۆ

## کوردایەتی هەتا گەیشتن بە ئازادی

به بیستن و خوێندنەوەی هێندێک دەربڕینی سەیروسەمەرەی بەناو ئەمڕۆیی حاڵم دەگیرێ و بێزم هەڵدەستێ. ئەوانەی پەنا بۆ هەر شتێک دەبەن وخۆیان بە ئاووئاگردا دەکەن هەتا بیانووی دژایەتی دەگەڵ کوردایەتی بدۆزنەوە، دەبێ چەندە بێباوەڕ و دوورەپەرێز بن؟ ئەوانەی گاڵتە بە خەباتی کوردایەتی دەکەن و پێیان شتێکی کۆنەپەرستانە و ڕەگەزپەرسانەیە، دەبێ چەندە داخ لەدڵ و کوێرزەین بن؟ ئەوانەی جیاوازیی نێوان خەباتی گەلێکی زوڵملێکراوی ماف پێشێلکراو دەگەڵ ڕۆڵی لایەنێکی زاڵمی چەوسێنەر هەست پێناکەن و نایبینن، دەبێ چەندە بەدبەخت و ماڵوێران بن؟ هەر بەڕاستی قسەی ئەمڕۆیی و پێشکەوتوانە ئەوەیە دژی مافی نەتەوەکەت بوەستی و بۆ کزکردنی خەباتەکەی شێروڕێوی دنیایە بێنییەوە؟

سەت حەیف و هەزار مخابن مەیدانی دەربڕینی «ئازاد» وای لێ هاتوە سەفی چاک و خراپ تێکەڵ کراوە. بازاڕی قسە و دەربڕین و خۆهەڵکێشان وای لێ هاتوە سنوورێک هەست پێ ناکرێ. لەم بازاڕی مەککارەیەدا ئی وا دێتە مەیدان و قسەی وا دەکا سەرت سوڕ دەمێنێ. ئەوانە بە ڕۆژی ڕووناک دژی بەرژەوەندییەکانی خەباتی نەتەوەی کورد قسە دەکەن و گاڵتەیان بەخوێن و قوربانیدانی دەیان ساڵەی ئەم گەلە تێکۆشەرە دێ. ئەوانە بەجۆرێک قسە دەکەن هەروەک ئەننەهوو کورد لەدرێژایی سەدان ساڵ خەباتی خۆیدا فریوی خواردبێ و نەیزانیبێ وەدووی چی کەوتوە. ئەوانە خەریکن لەپەنا هێندێک پاڵپشتی دژە کورد ڕۆژبەڕۆژ هێرشی بەرنامە بۆدارێژراوی خۆیان توندتر دەکەن و بەخەیاڵی خۆیان وا لەڕیشەی داری کوردایەتی دەدەن قەت شین نەبێتەوە. ئەوانە هەست و بیر و مێشکی بەرەی نوێی ئەم گەلەیان کردۆتە نیشانە و دەیانەوێ زەبرێکی لێ بدەن ئیتر مەجالی هەستانەوەی نەبێ. بەڵێ بازاڕی تەبلیغی دژە کوردایەتی گەرمە و ئەوانەش کە تەندووری ئەم بازاڕە گەرم دەکەن چاک دەزانن چۆنی نێل بدەن.

ئەوەندەی دژبەرانی کوردایەتی بۆ کزکردنی ڕەوتی ئەم خەباتە لەهەوڵ و کۆشش دان و بەچەپ و ڕاست لەڕیشەی کوردایەتی دەدەن، خەباتگێڕانی ئەسڵیی مەیدانەکەش بەداخەوە خەریکن تەسلیم دەبن و فریوی هێندێک قسەی بێ بنەما و دروشمی ناساز دەخۆن و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەوانیش کوردایەتی بەنەوعێک خۆچووک کردنەوە دادەنێن. ئەو نەسلەی بەدرێژایی دەیان ساڵ لەژێر ئاگری بێ ئامانی دوژمندا خۆڕاگریی نیشان دا و خەباتی کوردایەتی وەک چیای قەت نەچەماوە پاراست، ئەمڕۆ خەریکە دوودڵ دەبێ و دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی هەمان بازاڕی فریو و ڕیا. پارێزەرانی دوێنێی ڕێگای کوردایەتی یان بە هۆی ماندوویی پەکیان کەوتوە و ئیتر خەریکن واز لە خەونەکانیان دێنن، یان هەر بەڕاستی پێیان وایە هەڵەیان کردوە و ئەو ڕێگایەی بڕیویانە هەڵە بوە؟ ئەگەر ماندوون و تاقەتی بڕینی ئەو ڕێگا سەختەیان نەماوە ماڵیان ئاوەدان و با بە شانازییەوە جڵەوی کاروان بدەنە دەست نەسلێکی بوێر و بەبڕوا و خۆیان ببنە پاڵپشتیان بێ ئەوەی هەوڵی دڵسارد کردنەوەی هیچ خەباتکارێک بدەن. ئەگەریش هەر بەڕاستی پێیان وایە ڕێگایەکی هەڵە ڕۆیشتوون زۆریان بۆ بەداخم کە نەخۆیان ناسیوە و نە گەلەکەیان.

کوردایەتی معاش نیە ڕۆژێک هەبێ و ڕۆژێک نەبێ. کوردایەتی دەروازەی گومرک نیە ڕۆژێک قەڵەباغ بێ و ڕۆژێک کەساد. کوردایەتی ئیدارەی حکوومەتی نیە بەیانی ڕووی تێ بکەی و ئێوارێ بەجێی بێڵی. کوردایەتی قسەی زلی سەر تلویزیۆن نیە بەپێی کاناڵ بیگۆڕی و دەسکاریی نێوەرۆکەکەی بکەی. کوردایەتی خەباتە بۆ گەیشتن بەئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیەکی ژێر ستەم. درێژەی ڕێگایەکی پڕ سەروەرییە کە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بەزانینەوە هەڵیان بژاردوە و بەبڕواوە درێژەی دەدەن. کوردایەتی هەمان نەزمی ژیانە. ئەگەر دەمانەوێ ژیانمان نەزمی هەبێ، مانای هەبێ، ئامانجی هەبێ دەبێ کوردایەتی پەرە پێ بدەین. ئەگەر دەمانەوێ وەک مرۆڤ بژین و وەک مرۆڤ ڕووبەڕووی دەوروبەرمان بین، دەبێ کوردایەتی درێژە بدەین. ئەگەر خوازیاری ئەوەین ئازاد بژین و ئازاد بمرین دەبێ وەدوای کوردایەتی بکەوین.

کوردایەتی دژی خەڵکی دیکە بوون نیە. کوردایەتی تەنیا خۆ دیتن و بەخۆ هەڵگوتن نیە. کوردایەتی چاوچنۆکی و خۆبەزلزانی نیە. کوردایەتی شوینیستی و نەتەوەپەرستی بەمانای دژی ئەوانی دیکەن بوون نیە. کوردایەتی خەباتە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری. تێکۆشانە بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر. هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بەختەوەر. کوردایەتی هەموو کەس خۆشویستنە و هەموو کەس وەک یەک دیتنە. کوردایەتی هەوڵدانە بۆ ڕزگاریی چل میلیۆن ئینسان لەژێردەستی. دەربڕینی نارەزایەتییە بەرامبەر زوڵم و بێدادی. ئەوانەی ئەم کوردایەتییە بە دواکەوتوویی دەبینن واباشە بیرێک لە بیرکردنەوەکانیان بکەنەوە، بێگومان ئیشکال لە جۆری ڕوانینی ئەوندا هەیە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 716 21 December 2017



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## کۆڕیادی «شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات»

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەز لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا یاد و ناوی شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لە قەڵای دێموکرات و بە ئامادەبوونی سەدان کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان، بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەلدا و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، لەگەڵ ئامانجی ئەو شەهیدانە پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتاری حیزبی دێموکرات بەو بۆنەیەی پێشکێش کرد. (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لاپەڕەی ٢ی ڕۆژنامەدا بڵاو کراوەتەوە)

لەو کۆڕیادەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دارا ناتق، ئەندامی ڕێبەریی حدکا و؛ پەیامی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران کە بۆ ئەو بۆنەیە نێردرابوو، لەلایەن سیامەک قەوی‌پەنجەوە خوێندرانەوە.

خوێندنەوەی پوختەی ژیاننامەی شەهیدانی شەوی یەلدا، شەهیدان عەلی قۆیتاسی، وەهاب میرخزری، سالار باقری، ئەرسەلان عەباس‌نیا، ناسر کەریمی، سەنگەر ستار و عەدنان عەبدوڵلا لەلایەن خەدیجە مەعزووری، چەند سروودێک لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزب، چەند مەقامێک بە دەنگی هونەرمەندان ئاوات بۆکانی، هێمن کەریمی، ڕێبوار حەسەنی؛ هەروەها خوێندنەوەی پەخشانە شێعرێکی ماردین میرخزری، کوڕی شەهیدی وەهاب کە لەلایەن سۆیلا قادرییەوە خوێندرایەوە؛ چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سەردانی گڵکۆی شەهیدانی شەوی یەلدا لە گۆڕستانی شەهیدان کرا و بە دانانی چەپکەگوڵ لەسەر گڵکۆی ئەو نەمرانە پەیمانی وەفا لەگیان نوێ کرایەوە.







































بەر لە ماڵاوایی

## هەناری سوور ئاڵی یەلدا

(خەرمانەی خەمی شارەکەی کۆیە
ئەوڕۆ بە جارێ لە دڵما کۆیە)



ماردین میرخزری

دەڵێن بەفر دێت و پاییز ڕەنگە زەردەکەی بە ئاوی بەفراو دەشواتەوە و خۆی بۆ ژیانەوەی وەرزی داهاتووی بەهار و ژیانەوە ئامادە دەکا و دڵی گوڵ ناشکێنێ و نازی بە گیان هەڵدەگرێ، کەچی خەمی دووری تۆ بە هیچ بەفراوێک و بارانێک ناشۆرێتەوە و لە دڵی برینداری من ناچێتە دەر و، برین ساڕێژ نابێتەوە. هێندەی لەندی شێخان و قەڵاتی شا و سپیسەنگ و هەموو نزاری ئەم کوردستانە، خەمت ناخی تەنیوم و چەمی دیدەم بەڕێژاوی سرووشکم لێوڕێژ دەبێ. ناهێڵێ ئەسرین لە خەیاڵیشدا بتبینم، هەر چەند باڵا و قامەتت هێندەی باواجی بەرزە بەڵام یادگارییەکانت بارتەقای تاسەکانم نیە بۆ تۆ. تکا کارم ئەمجارەش لەگەڵ باران، نم نم ببارە و وەرەوە بۆ لام، لەگەڵ بارانیش نایەوە، سواری پەلکە زێڕینە بە و لەگەڵ بزەی وەک کازیوەی نەپشکووتووی ناسر و شنەشنی باڵای شلکی سالار و لەگەڵ ئارامیی وەک دەریا مەندی کاکە گیان، بابەگیان تۆ گیانی دایکت لەگەڵ قۆیتاسیی فەرماندە وەک شنەی «با» و سرووەی بەیانی وەرنەوە.

ئەوە شەوی یەڵدا هاتەوە و قەڵای دێموکرات بۆ هەتا هەتایە بۆ سفرەی یادی لە دایک بوونی ڕێبەر قاسملوو، هەناری ناوێ و بۆ سفرەی ئەم یەڵدایەش دەنکە سوور ئاڵەکانی خوێنی ئێوەی پێوە دیارە و سوورئاڵ دەچێ.

بابە گیان، کاک وەهابە مێهرەبان و بزە لە سەر لێوەکەی هەموو پێشمەرگەکانی دێموکرات، سەنگەر و عەدنان؛ هەنارەپژاوەکانی گەرمێنی یەڵدا، پێم دەڵێن لە گەڵیاندا دەستەملانی کەکۆن و هەیبە سووڵتان بووی و بە یەکەوە لە ڕۆژی پێشمەرگەدا شێعری بەرزی حاجی قادری کۆیی دەڵێنەوە کە دەڵێ: «هەڵیکەین بەیرەقی کوردی لە دەوران لە مابەینی کەکۆن و هەیبە سووڵتان».

ئەگەر لە حاڵی من دەپرسی بابە، غەمبارم و دڵ پەرێشان بە بێ تۆ. هەر بارانێک کە دەبارێ و تۆ لەگەڵ دەنکی باران نایەیتە خوار ، دیسان چاوەڕێتر دەبم، چوونکە هەمیشە باران بۆنی تۆی تێکەڵاو بوو لە گەڵ خاکی پیرۆزی کوردستانم بۆ دێنێ. هەر بۆیە بۆنی خاک تامەزرۆترم دەکا بۆ بینینت. فرمێسکەکانم لە لێواری چاوەکانمدا قەتیس ماون، سوێند دەخۆم دڵیشم ئازاری هەیە، لەوەتەی ڕۆیشتووی خۆشی باری کردوە لە دڵمدا و هەر بە یادی خەندەی هەمیشە میوانی ڕووخسارتەوە ماوم. دەزانی هیچ باش نیم ؟

بابە گیان دەمهەوێ بە دڵ ڕووخساری تۆ لە دڵی تاقانەکەمدا وێنا بکەم و پێی بڵێم ئەلەندی تروسکایی خۆشەویستی بابە گەورە، تۆ بەر لەوەی بێیە سەر دونیا و چاو بە ژیان هەڵێنی پێشمەرگەیەکی ئەو ئاو و خاکە بێ سەبرانە چاوەڕوانی پشکووتنی نۆبەرەی ژیانی تاقانەکەی خۆی بوو، کە نەیدی. نازانم نا بابە گیان چۆن ئەو گشتە چاوەڕوانییەتی بۆ وێنا بکەم و پێی بڵێم تاقانەکەم تۆ نەک هەر ئازیزی بابەگەورە، بەڵکوو بەر لەوەی پێ بنێیتە ژیانەوە بەشێک لە ڕوح و گیانی ئەو بووی.

یادی شەو و ڕۆژی خەیاڵە خەمگینەکانم، خەمباریی وشەکانم، زامداری کردوە دڵ و هەست و نەستم، تاکەی نایەیتەوە جێژوانی خەون و خەیاڵەکانم. تۆ تازەدار و تاقەداری بێ نەوبەهاری من بووی و تا هاتم فێر بم لقەکانت بگرم و فێری دارە دارەی خەبات بم، گەڵای و و ون بووی لەبەر چاو و دیدەم. نازانم لەو ژینە کەمەی بە سەربەرزیی ژیانت کامە بیرەوەریت بکەم بە هەوێنی ژیانی داهاتووم و بە کامەیانەوە بژیم... چونکە بیرەوەرییەکانم لە گەڵ تۆدا وەک کازیوەیەکی نیوەهەڵاتووی خۆر نەدیو بوون. زمانی دڵ لە گۆ نایە و پارسەنگی بیرم بۆ ناگرێ تا لە بەهاریی تێکەڵبوونەوەی ڕووباری ژین لەگەڵ تۆدا وەک ڕووناکترین ئەستێرەکانی بەبێ تۆیی ژیانم لە ساواییدا، بترووسکێ و لەژێر باری ئەو خەمە گەورەدا چۆک دانەدەم. خۆت پێت گوتم کە من هیچ کات هۆگری شادی نەبووم و، خۆت وتت، هاوڕێی پێشمەرگایەتیم، کە لەگەڵ تێکەڵبوونەوەی ڕووباری ژیانماندا ئیتر ئاشنایەک بە ڕوحی خۆم هەیە و هاودەمی ڕۆژ و شەوانی لووتکەی شادیمە.

باوانەکەم، هەموو باوانم، ئەگەر بێت و بۆ جارێکی دیکە بە چاوی دڵ سەرنجم لێ بگری و ببینی چۆن شار لە دوای تۆ وێرانە و ئەستێرە تازە دەرکەوتوەکانی تەمەنم کە بە دیتنەوەی تۆ دەبریسکانەوە، چۆن کووژانەوە و لە سریوە کەوتن و ڕێگام لێ تاریک بۆوە. بەڵام هەنارە پژاوەکەی یەڵدای خوێناوی دێموکرات، ئەمن و چەکی شانم و باوەڕ، لە سەر ترۆپکێکی بڵند، تۆ فێری فڕینت کردین، دڵنیا بووی لە فڕینمان؟ بۆیە وا زوو بەجێت هێشتین؟

تکاکارم نەکەی وا زوو دەست لە باڵی من بەربدەی، فەلەک لە ئاست ئێمەدا غەدارە و نەکەی جارێکی دی بێ ئەنوام بکەی.

شەرتە و کردوومە لە سەر ئەو ڕێچکە و خەباتەی خۆت پێت گرتمە بەر لا نەدەم و بۆ هەڵۆکانی بەرزەفڕی لووتکەی چیاکانی کوردستان چرا و هەناسە بم.

تا سەیری ئاسمان نەکەی پەلکە زێڕینە نابینی، تا سەیری مێژووی سەرانسەر بە خوێن سووری کورد نەکەی، شانامەی بە مەردی ژیان بەدی ناکەی. زامەکانی جەستەی نیشتمان هێندە برین لە سۆیە کە بە هەموو شنەیەکی» با « دەکوولێتەوە و دێنەوە سۆ. برین دەکوولێنەوە، ئەو برینانەی کە لە پڕ کەوتنە جەستەی نیشتمان و بەڵام ساڕێژ بوونەوەیان هێندە دوور دەخایەنێ کە ئیتر بڕستێک نامێنێ بۆ ژیان. لێرە شەڕە و هەردەم تا بینە قاقای گرتووین، لێرە کازیوە هەڵنایە و و تیماری جەستەی زۆر بەژانی نیشتمان ناکرێ.

کە سەیری ئاسمانی «کۆ» دەکەم ، مۆمی تاسەم دادەگیرسێ و برینی هەردەم گەرمی تۆم دێتەوە سۆ. دڵم لەگەڵ مەلەکانی غووربەت باڵ دەگرێ و دێتەوە گۆڕستانی شەهیدانی دێموکرات و تاوێک لە حزوور گۆڕی پیرۆزی خۆت و هاوسەفەرەکانی یەڵدای خوێناویت دەچەمێمەوە و هەر بە خەیاڵ گۆڕی پیرۆزت زیارەت دەکەم. بەڵام خۆزگە دەکرا نەیهێڵم ئەو خەیاڵەی تەسلیمی لە دەستدانی تۆی کردوم، چونکی تۆ یەڵدایەک نەبووی بۆ ساڵێک و خوێنی خۆت کردە شووشەی دەروونی هەنارێکی سوور و بۆ هەموو ساڵێک ڕژای. بۆیە دڵ و هەستی من وەک پشکۆیەکی نیوەگڕ بۆ قوومێک بارانی ئەوینت نائارامە. تا دەمهەوێ لێوێک بە ماچی زامەکانت تەڕ بکەم، دەچمەوە کۆشی دەریای غووربەت و دیسانەوە دەبمەوە بە گڕی تۆڵە و هەموو شەوانی یەڵدا دێمەوە کۆیە و دەنک دەنک یاقووتە سوورەکانی هەناری خوێنی ڕژاوت وەکۆ دەکەم تا هێچ یەڵدایەکی تر، هەنار نەپژێ و خاکی پیرۆز سوور ئاڵ نەبێ.